# هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان

# و

# سەرجەم شیعرەکانی تر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

جەلال بەرزنجی

# هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان
# و
# سەرجەم شیعرەکانی تر

ناوی کتێب: هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر
شیعری: جەلال بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٩٠٤
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٠٥ی
ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

## پێڕست


هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان ........ 11
هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان ........ 13
هەتاوێکی پڕ لە روح ........ 17
خەتای جوانی بوو ........ 21
شیعری زیرەک ........ 26
زستان وەرزی خەمانە ........ 59
ماڵێک لە ناوجانتا ........ 68
باخەڵ ........ 75
نەڕۆیشتم تا ئەویش نەهات ........ 80
چوومەوە پایز ........ 85

ناوم بنێن ماڵەوە ........ 87
لە رێگای گەڕانەوەم بۆ زێدم ........ 89
لە پشت ئاسمان، هەمیشە پەنجەرەیەکی شین دیارە ........ 214
ژنێک دۆستی تاریکییە ........ 217
بەرەڵا بوومەتە ناو تەنیایی ........ 220
لای پایزیش شوێنێک نەبوو ........ 224

یادەوەری کەسێکی بەر با ........ 229
یادەوەری کەسێکی بەر با ........ 231
بەیانییێکی خراپ ........ 233

تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوان ........ 238
دوا پەنا ........ 249
دە شیعری زیرەک ........ 276

بارانی رەحمەت ........ 279
شەڕ ........ 281
مەرحەبا مەنفا ........ 284
پەرتەوازەبوون ........ 289
تەواوبوونی تەمەن ........ 291
یاریگەی سروشت ........ 292
پشکووتنی هەڵوەرین ........ 293
تونێڵ ........ 294
قەفەزی رەهایی ........ 295
سەبەتە کۆترێکی رژاو ........ 296
بارانی رەحمەت ........ 297
لەمدیو زەریاش، خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات ........ 305

گەرم نەبوونەوە ........ 321
ماتبوون ........ 323
پڕبوونەوەی نیوەی گیان ........ 324
ئاڵۆزبوونی خەونەکان ........ 326
سێبەری رەنگەکان ........ 328
هاتن ........ 329
نزیکترین تەزوو ........ 330
ئاهەنگی بەردەوامی خۆم ........ 331
نەورووژان ........ 332

سپیاتی ........ 333
دەشتاییی گیان ........ 334
بەتاڵبوون ........ 336
کۆتاییی ناکۆکییەکان ........ 337
کەف ........ 338
ئارەزوویێکی کۆن ........ 340
برینی سێبەر ........ 341
پەککەوتنی ئاو ........ 342
نەگەڕانەوەی نامۆیی ........ 343
لە دژوارترین کاتدا ........ 344
سێبەرێکی مۆر ........ 345
لە یادچوونەوە ........ 346
ئاوێتەبوونی شتەکان ........ 347
زەمەند ........ 349
پاڵاوتنی نهێنییەکان ........ 350
نەسرەوتن ........ 351
دڵێکی بایی ........ 352
بڵقی سەر خاک ........ 353
وەرزەکانیش خۆشیان دەوێ ........ 354
ناشتن ........ 355
نیازی ئاو ........ 356
گوڵێکی تەنیا ........ 357
گەرم نەبوونەوە ........ 358
مەزار ........ 359
رووتبوونەوەیەکی تر ........ 360
دوای زریان ........ 361

قوڵلغ ........ 362
ئاونگ ........ 363
یەکیەتیبوون ........ 365
خرۆشان ........ 366
ئەستێرەیەکی گەڕیدە ........ 367
سروودی ئاوابوون ........ 368

سەمای بەفری ئێواران ........ 371
سەرەتای دەرکەوتن ........ 373
دووڕیان ........ 374
ڕەنوو ........ 375
زنار ........ 376
گەرمبوونەوە ........ 377
وردبوونەوە ........ 378
کۆچی کۆسار ........ 379
عەشقی دارەبەن ........ 380
بەسەرهاتێک ........ 381
گەشتێک ........ 382
راوەداڵ ........ 383
گەورەبوونی شەپۆلەکان ........ 384
لۆرکای زیندوو ........ 385
گەورەتر نیت لە خەمی ناو جانتای شاعیرێک ........ 386
یەکسانی ........ 388
رووناکی ........ 389
نەگەڕانەوە ........ 390
ئەفسانە ........ 391

گەڕانەوە ..... 392
هەورێکی نوێ ..... 393
نشوستی ..... 395
ترۆپکی عەشق ..... 396
سێبەر ..... 397
شوورە ..... 399
لەگەڵ ئێوارەکەش تەواو نەبوو ..... 400
سەردان ..... 405
ترۆپکی سێبەر ..... 406
سەمای بەفری ئێواران ..... 409
مێرگ ..... 411
گۆڕان ..... 412
سەمای شەپۆلەکان ..... 413
باش ئەو درەختە هەڵناکەنێ ..... 414
نوێشکی خۆشەویستی ..... 415
کوکوختییەکان ..... 416
بالێی هێمن ..... 417
دڵت ..... 418
ئاوابوونی مێژوو ..... 419
مردنی شاعیرێک ..... 421
عەشقێکی تر ..... 422
سۆزی درەخت ..... 424
جیابوونەوە ..... 426
تەواو ئاوابوویت ..... 427
خۆشەویستی ..... 428

# هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان

٢٠٠٩

# هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان

بەیانییان کە خۆر هەڵدێ،
مەودا دوای خۆی جێ دێڵێ
ئێواران،
کە ئاوا دەبێت،
مەودا دەبێتە رەشاتییەکی تۆخ،
کە سەفەر دەکەم،
هەمیشە پەلەمە بگەمە جێ،
کە دەگەمە جێ،
مەودایەکی تر،
پێش من لەوێندەرە.
هەندێک سات،
لە چاوترووکانێکدا،
لە کەنەداوە،
کە سەیری لای رۆژهەڵات دەکەم،
مەوداکان وەک،
پاسارییەکی لە فڕین ماندووبوو،
دەکەون،
و بەئاسانی بۆم دەگیرێن،
کەمتر لە چاوترووکانێک،
خێراتر لە تیشکی خۆر،
دەچمەوە یادەوەرییەکانم،

که دەگەڕێمەوە ناو ژیان.
بە هەمان خێرایی،
مەودایەکی سارد،
خەمناک،
وەک دارەمەیتی بن دیواری مزگەوتێک،
چاوەڕوانمە،
لەگەڵ ساتەکانی تەواوبوونی خۆشەویستیدا
مەوداکان گەمارۆت دەدەن.
زۆر جار مەودای گیانی دەبێتە فیزیکی،
قیت دەبێتەوە،
دەبێتە کۆسپ لە بەردەم،
بەئۆرگازم گەیشتن،
لەگەڵ ژنەکەم.
مەوداکان،
هەمیشە لە بەردەمما،
ئەژدیهان،
چاوم تێ دەبڕن،
شەرم پێ دەفرۆشن،
دوای شەڕێکی سەخت،
و مردنی،
یان ماندووبوونی هەندێک لە وشەکانم
دیسان،
بەنائومێدی لە بەردەم،
مەودایەکی دوورتر دەوەستمەوە
مەوداکان،
ماندوویان کردووم.

دوای هەموو دروستبوونەوەیەک،
بە خۆم و مۆمێکەوە،
لە شەوێکی ڕەش دێمە دەرەوە،
هزرم لەسەر ڕەوڕەوەی خێرایی،
خەیاڵم،
بەسواری شیعرێکی تاریک،
وەکو تاژی،
بەدوای ئاسکی مەوداکان ڕادەکەن
مەوداکان،
زۆر جار کات و شوێنیش،
گەمارۆم دەدەن..
هەر من نا،
باڵندەکان کە دەفڕن،
مەودا لە ئاسمان دروست دەکەن،
سروشتیش،
بەهاران دەیەوێت مەودای نێوان،
بەردێک و بەردێک،
درەختێک و درەختێک
هەتا نێوان بستە خاکێک و خاکێک،
بەسەوزایی پڕکاتەوە.
دوایی هەر بۆ خۆی
پایز بەردەداتە گیانیان،
مەودایەکی نائومێد،
لە نێوانیاندا دروست دەکات.
لەوەتەی دەنووسم،
هەوڵی نزیکخستنەوەی مەوداکان دەدەم.

زۆر جار لە کاتی نووسیندا،
لە ناو وشەکانم نقووم دەبن،
کەمێک دوای تەوابوونی نووسین،
وەک گەڵای وەریوی سەر ئاو،
لە نێوانی ئەو شەپۆلانەی وشەکانم دروستی دەکەن،
دەردەکەونەوە،
لە وشەکانم رادەکەن
لەوەتەی هەم،
لە شەڕی گەل مەوداکاندام،
بڕواناکەم،
لەو شەڕەدا بیبەمەوە..

## هەتاوێکی پڕ لە ڕوح

### لە ڕۆخ مانەوە

ڕووباری ناوەوەت،
دەڕژێتە ناو ژیانێکی تر
زۆرت لێ نزیکە،
بەڵام هێشتا نەچوویتە ناوی

### هێزی وشە

لە منداڵییەوە،
دالغەم بۆ باکووری دەبردم،
هەتا نەیبردمە ناو دڵی زستان.
ڕانەوەستا.

### ئارەزووێکی کۆن

لە گۆڕەپانی بەیانییەکی لە بیرکراو،
لیکی سێو،
ڕژایە سەر وشەکانم،
دیمەنێکی خەمباری لە ناو نووسینەکانمدا بەجێ هێشت.

### بای خەیاڵ

لەوەتەی بای خەیاڵم،
لە دڵمەوە هەڵی کردووە،
لە هەوڵداندایە شەرمی چیا بشکێنێت،
تا وەکو خۆی بەڕووتی،
بە دنیایدا بگێڕێت.

## گەورەترین ترس

ترسی لێک دابڕان،
بۆ چاوتررووکانێکیش جێم ناهێڵێ.

## سێ خۆشی

یەکەمین
" ئاو رژاندن".
دووەم،
"پەرتکردنی ماندووبوون"
سێیەمیان،
"رۆیشتن"

## هەتاوێکی پڕ لە روح

بەرد مەهاوێ،
پڕی دەورت هەتاوە،
بەروحی دەکەوێت.

## گێڕانەوەی خەونێکی ماکۆک

ماکۆک،
لەسەر گۆڕی قاچەکانی،
بەخودای دەیگوت:
"خودایە،
بێ قاچ،
بەو عارەبانە،
ئاسنە،
چۆن بچمە ژیان
خودای من،

خۆ دەتوانی،
قاچیشت وەکو گیا بڕواندبایەوە،
یان مینەکەی سەدام حوسێن،
لە ناو مێرگەکەی نزیک ماڵەوەمان،
بۆ ژێر قاچمی چاندبووی،
تا لە کاتی سەعیکردن بتەقێتەوە،
پووچەڵت بکردبایەوە.
نازانم بۆ هیچیانت نەکرد؟"

## هونەرمەندی هەوران

ئێواران،
لە تاراوگە،
هەرچەند دەکەم خێراییی فڵچەی خەیاڵم،
ناگاتە جوولەی خێراییی دیمەنی هەورەکان!
تا بمکەن بە هونەرمەندی خۆیان.

## دوا دیاری

لە یادی ساڵڕۆژی پەنجا و پێنجەمینی،
لەدایکبوونمدا،
ژنەکەم،
گۆچانێکی دارکنێری بە دیاری بۆ ناردم.

## "کلایمەت کێنگ"

دوای ئەوەی،
کەسی تر تاقەتی نەما،
لە نزیک ئەدرێسی ئیمێلەکەی،
نامەیەک،

بۆ کەسێک بنووسێ،
دوای ئەوەی،
کەس نەهات
سەیری تێڕوانینی چاوی من بکات،
بۆ بەردەوامبوونی جوانی،
ئاوڕم دایەوە،
هەموویان پێکەوە،
پرێمزی گەرمترکردنی بن زەوییان،
پەمپ دەدا.

***

# خەتای جوانی بوو

چووینە سەر زەریای ئەتلەسی،
بۆ ئەوەی،
لە ڕێگەی ئاو،
لەگەڵ زەوی تێکەڵ بە ئاسمان ببینەوە.
لە ڕێگا،
لە هەندێک شوێن،
درەخت،
چیایان داپۆشیبوو،
وا بزانم ئەو درەختانە،
بەتەواوی هی خودا بوون.
لە ڕێگا،
ناوە ناوە ڕەوە مامز و گیانداری کێوی،
دەهاتنە سەر گۆمەکانی نزیک ڕێگا،
بۆ ئاو خواردنەوە.
هەتا لە ڕێگا دەپەڕینەوە،
ئۆتۆمبیلەکان دەسەنگرانەوە دەکرد،
یان دەوەستان.
یەکەمین جار بوو،
گیاندار ببینم لە مرۆڤ نەترسن!

لەگەڵ مرۆڤ،
تێکەڵ بەئەرز و ئاسمان بنەوە.
لە رێگا،
لەبەر چڕی دارستانەکانی رۆژئاوا
خۆرئاوابوونم نەبینی،
لە رێگا،
وەک چۆن جاران لە هەولێرەوە دەچووینە سلێمانی،
لای کەپرە بچووکەکانی دەم رێگا،
رامان دەگرت،
ترێ و هەناری تازە بکڕین،
لە رێگا لە نزیک بانف[١]
لامان دا سەبەتەیێک سترۆبەریمان[٢] کڕی.
لە رێگا.
لە شوێنێک خۆش کرابوو بۆ (کەمپکردن)
لامان دا،
خیوەتمان هەڵدا،
ئاگرمان کردەوە.
مریشکمان برژاند،
دوای بیست و حەوت ساڵ
شەوێکی تر،
چیا شوورەم بوو.
لە تابلۆیەکی نزیک خیوەتەکەمان نووسرابوو
"رەنگە ورچ شەو بێن بۆ شت خواردن"
لە منداڵییەوە،

دایکم فێری کردبووم
لە گیانداران بترسم،
دەزانم لە مشک بەتواناترم
نازانم بۆ لێشی دەترسم!
لەترسی هاتنی ورچ.
شەو بەترسەوە خەوتم.
بەیانی زوو هەڵسام،
هێشتا تەمی ناسکی مەیلەو شینی ناو درەختەکان
لە قەدی چیا ون نەبووبوو.
دڵم خۆش بوو،
لە ناو سروشت بووم.
ئاگرێکم کردەوە.
دووکەڵەکەی تێکەڵ بەشینایی ئاسمان بوو.
ئاگرکردنەوە بەدار،
لە چۆڵییان،
هەردەتگوت چوونەوەیە بۆ ماڵەوە.
بەیانییەکەی،
قاوەم لێنا،
هێلکەورۆون و پەنیرمان بە نانی تۆست(٣) کراو خوارد
سواری قەمارە (ئۆلدزمۆبیلە مۆدیل دوو هەزارەکەمان) بووینەوە،
دیسان وەکو باڵندە،
زۆر بە ئازایی رێگاکەی دەبڕی.
لەبەر سەیرکرنی جوانی دەوروبەرم
ناوە ناوە سووکانیم لە دەست دەرۆیشت

ژنەکەم گوتی:
"بیست و پێنج ساڵە،
هێشتا نەبوویتە شۆفێر"؟
منیش دەمگوت:
ئەمجارەیان خەتای من نییە
هۆی ئەو هەموو جوانییەی خودایە
لەو دەڤەرە.
بەیانی بوو،
گەیشتینە ڤانکۆڤەر،
سەرشەپۆلەکانی زەریای ئەتڵەسی،
پڕی کەشتی و نەورس بوون،
جاری یەکەم بوو،
بەڕاستی لە ڕۆخی زەریابم،
زۆر خۆش بوو،
هەردەتگوت شیعر نووسینە.
ڤانکۆڤەر،
دڵێکی نەرم بوو لە ناو چیایەکی ڕەق،
ڤانکۆڤەر،
جلێکی لەبەردا بوو،
لە ڕەنگی هەموو وەرزەکان
ڤانکۆڤەر،
رووی لە خۆرئاوابوو
لە پشتەوەی ئاسۆ دیاربوو
جوانی لەوێندەر

زۆر بە رێزەوە،
پێشوازی لە خۆشەویستەکانی دەکرد
ڤانکۆڤەر،
شەو و رۆژ نەدەخەوت،
بێ خەوی پێوە دیارنەبوو
جوانی دروست دەکرد.
منیش وردە وردە،
خۆمم لە ناویدا ون دەکرد..

.................................................................................................

(١) بانف: هاوینەهەوارێکی نێونەتەوەییە لە ئەلبیرتا، کەنەدا.
(٢) سترۆبەری: جۆرە میوەیێکە وەکو شاتووە.
(٣) تۆست: جۆرە نانێکە سوور دەکرێتەوە، بەزۆری بەیانییان دەخورێت.

ئەو ئازادییەی لە خەوندا بینیم،
لە نووسینیش نەمبینیوە.

## شیعری زیرەک

فڕین قەفەزی بای شکاند،
و بەماڵەوە نەکەوتەوە.

نووسین کردوومییەتەوە
منداڵێک،

تابەقەڵەم ڕەنگێکی هێندەی بەژنی خۆم درێژ،
دنیا ڕەنگ بکەم.

لە کاتی خەون بینین،
تەقەم لێ مەکە.

لەگەڵ کۆمەڵێک درەخت بام،
ژیانم وا نەدەبوو.



لەگەڵ کۆمەڵێک درەخت بام،
ژیانم وا نەدەبوو.

29

به بۆنی ڕێگاتدا دێمەوە.

تەماشای شەوم کرد،
تا بەتەواوەتی پەرت بوو.

خەیاڵم دەمێکە،

لەگەڵ قەلەباشکەیەک رۆیشتووە.

لەگەڵ یەکەمین دێر بردمییە،

دەوروبەری روحی.

سپێدە لە ئەشکەوتێکی "تۆرابۆرا"دا،
لە خەومابوو.

کوارگ،
کۆمەڵە مەمکێکی کاتی بەهارن
پەلە نەکەیت،
بەگوشینیان رانا‌گەیت..

ئەوە دوانزە ساڵە،
ماڵم هێناوەتە زستان.

دەزانم،

دوای مردنم،

ئێواران،

کەشخەی بەکڵاوی پووشینی روحم لێ دەدا.

بەمردنیش لێی نابمەوە..

نووسین،
بەجوانی وەکردیمە،
بەمردنیش لێی نابمەوە..

یەکەمین وێستگەی ترازانم،
لەماڵەوە،
تاراوگە بوو..

شیعرەکانم،
لە ناو پاوانی هەستمدا،
دەلەوەڕێن.

زانیاری،
بە گۆچانی بیرچوونەوە،
بۆ لای نەزانی دەچوەوە.

هێشتا شوێنی ئەو زەردەخەنەیەی،
بە جێت هێشتبوو،
هەر ماوە.

لەسەرەخۆ،
بۆ ژێر تاڤگەی مردنێکی جوان دەچم.

جامی ژیانم،
پڕ لە خەم،
بەجێ هێشت.

هەرمێی هەوەسی لێ بەربووەوە ناو،
بەفری (داسن)
تەماشاکردنی،
بۆ چەند ساتێک گەرمی کردمەوە.

لە چاوەڕوانیتا،
بوومە چلوورەی سواندەی خانووەکەتان.

کە تۆ لێرەیت،

ژیان جیاوازە.

مادام دەترسم،
ئازاد نیم.

جوانیم بینی،
کەوتبووە دوای رەنگی پەپوولەیەک،

مانگ،
له ئاسمانی گۆڕەپانی شەڕ
خەمبارە.

خەیاڵ،
درەنگی بەسەرداهات،
"رەنگە رێگای بزر کردبێت"

بەکاتی ناو وشەکانم،

دەژیم.

سەفەر،
منداڵێکی بزێوی تاراوگەیە.

هەر ویستم بڵێم" ماڵئاوا".

شەو،
هێشووە ترێی دارەکانە.

بە سواری ئەسپی مۆسیقا،

دەچوومەوە راوی روح.

ئەو سێوەی،
لە بەهەشت بەربووەوە،
لە ناو گەڵی ئافرەت،
گیربوو،
شین بوو
لقی دا.

# زستان وەرزی خەمانە

بۆ دڵشاد عەبدوڵا و هەولێر

هێی برادەر،
بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە،
پێش دوورکەوتنەوە لە ماڵەوە،
و جارێکی تر،
بە خۆمان و کتێبەکانی بن کەوشمان،
بە نەعلی ئیسفەنج،
ڕۆژانی هەینی،
بۆ ئەزموونی بەکەلۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەیی،
بچینە پارکی کوران بۆ سەعیکردن،
ڕەنگە ئێستا،
شوێنەکەی،
کرابێت بەکۆشک و تەلاری گەورە گەورە.
تۆ ببیتە ئەندازیاری کشتوکاڵی و شاعیر،
لە باخچەی (کەلەکی یاسن ئاغا) دابمەزرێیت،
بە بینێکی جیاواز،
لەوەی لەسەر درەخت لە زانکۆ خوێندووتە،
درەخت ببینی،
شەوان گوێ لە بەربوونەوەی،

ترپەی هەڵووژەی گەییوو بگریت،
دەست لە سینگ و مەمکی ئەو دارهەنارانە وەردەیت
کە دەستنوێژمان لێیان نەدەشکا.
منیش ببم بە مامۆستا و شاعیر،
بچمە سکتان
"سەمای بەفری ئێواران" بنووسم.
پایزانیش،
لە پرسەی درەخت دابنیشم.
برادەر،
لە بیرمە،
شەوان لە کاتی سەعیکردن،
لەبەر گلۆپی دارتەلەکەی نزیک ماڵەوەمان
حەزم دەکرد دەفتەر رەسمەکەم دەربێنم.
رەسمی خۆرێکی نیوە عاسێ بوو،
لە چیا،
کە مامۆستای رەسم لە پۆلی دووەمی سەرەتایی،
فێری کردبووم،
بە قەڵەم رەنگە کورتەکەم بیکەم.
نازانم برادەر،
دەبێ ئەو خۆرە ئێستا بەتەواوی،
لە کەلێن چیای،
ناو دەفتەر رەسمی منداڵەکان هاتبێتە دەر!
برادەر حەزم دەکرد لە هەولێربام،
بۆ ئەوەی یادی ئەو شەوەمان بکردبایەوە،
کە لە کۆڵانە بەترس و لەرزەکانی،

هەشتاکاندا دەسووڕاینەوە،
و بانگی شیعری جیاوازمان دەدا،
یان لە هۆڵە شووشەییەکەی یانەی فەرمانبەران،
نازانم دوای ئەوەی تەختیان کرد،
کراوە بە چی؟
لە دڵۆپە ئاوەکانی ئەودیوی وردبووینەوە،
هاوینانیش لە باخچەکەی،
لە ژێر دار کالیپتۆزێک،
هەستمان لە خشپە خشپی باڵندەکانی ناو گەڵاکانی،
دەگرت،
لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری تر،
ڕەنگە هەندێکیان نەمابن،
و هەندێکیشیان دووڕیانەکانی سەر ڕێگای ژیان،
و شەڕەکان لێکیان کردبێن،
لە ترسی سیخوڕەکان،
بەچرپە باسی کوردایەتی،
و ئەدەبی نوێمان دەکرد.
برادەر جاران،
لە دوورەوەی هەولێرێ،
قەڵا لە ناو (غێمێ) دیاربوو.
ئێستا،
لەبەر ئەو ئەپارتمانە بەرزانەی،
منداڵیم لە کۆڵانەکانیاندا ون بووە دیار نییە.
برادەر،
وەک تۆ دەڵێی" تا من دێمەوە کەسمان نامینێین"

تا ئەوکات رەنگە منیش لێرە نەمێنێم،
برادەر،
گەڕانەوەی زۆرمان لە پێشە،
زەحمەتە من بە هیچیان رابگەم،
پێش رابگەم،
لەبەر قەڵەباڵغی رێگا،
نازانم کەی دەگەمەوە جێ!
برادەر،
پشتم لەبەر خەمی،
ئەو هەموو گەڕانەوەیە چەماوەتەوە.
دەزانم،
هەتا هەر یەکەو لە شوێنێک نەمرین،
گرفتی گەڕانەوەش حەل نابێت.
برادەر،
چی لە دیمەنی پێش ئەو مردنە بکەین،
بە چی بیشارینەوە،
یان لە بیری کەین،
برادەر،
لە (داسن) بەفر هێرشەکانی راناگرێ،
هەموو رۆژێکیش سەعات دوو،
خۆرم لەسەر یەک لووتکە،
لێ هەڵدێت و لێ ئاوا دەبێت،
لە داسن،
هاوسێی ئالاسکام،
تەماشام تای گرتووە بووە بە چۆڵەوانی،

بازنەی بەستەڵەکی باکوور.
لێرە،
لە سەرمان،
هەموو شتێک شین دەنوێنێ،
لێرە،
هەستم پێش چۆلەکەی سەر سواندەکانی زێدم،
لە خەو هەڵدەستێ،
برادەر،
لە دۆڵەکانی (داسن)
هێشتا تەرمی،
ئەوانەی بە سواری ئەسپ،
یان شەمەندەفەرێکی کۆن،
قەڵەباڵغی ( گۆڵدرەش)[١] بۆ مەرگکێشان هێنانی،
لە ناو خوێنی ناو شیعرەکانی (رۆبردسیرڤس[٢])
سەرما دەهاژۆن.
برادەر،
ئەگەر ئەمجارە بێمەوە،
وەک تۆ دەڵێی
" بچینەوە رێگای (کۆیە)"
برادەر،
دەبێ لەبەر گندۆرە ئاوییەکانی،
لە دەرەوە هێنراونەتە بازاڕی سەوزەفرۆشان لە شێخەڵا،
بیستانێکی گندۆرەی دێمی مابێت؟
تا ترومبێلەکەمان لادەینە لاڕێ،
و بچینە ناوی و گندۆرەیەکی مزر شەق کەین

و لەسەر بەردێکی بەر هەتاو دای بنێین،
لە گەڕانەوەمان بیخۆین،
برادەر،
دەترسم دایکم لەبەر (نانی ماشێن)ی
ئەو نانەی لە (خانە) کە بۆ جاری سێیەم،
پەناهەندە بووم ناسیم،
لە بیری نەمابێت هەموو بەیانییێک،
زوو لە خەو هەڵسێت،
ئاگر بکاتەوە و دووکەڵەکەی هەوا شین کات
و نانی گەرم بکات،
نەوەکانی پێش چوونە قوتابخانە،
بە ماستی خۆماڵی و چای شیرین بیخۆین.
راست دەکەی برادەر،
منی غەریب و رۆژهەڵاتی،
دووانزە ساڵ پێش ئێستا،
کە نیشتمان تەنگ بوو،
بۆ پیاسەی ئێوارانی شاعیران
لە شەڕ هەڵاتم و،
ماڵم جێ هێشت و بەجانتایەکی دەستی،
هەندێک نامەی گەچراوی زیندان،
بەقاچاغ چوومە رۆژئاوا،
بوومە قەلقەلاشکێکی دەستی (با)ی قەدەر،
خانەنشینێکی تاراوگە.
راست دەکەی برادەر،.
منی غەریب و گەرمەسێری،

و ئالاسكای بازنەی بەستەڵەکی باکوور،
و چوونە ناو دڵی زستان،
کوجا مەرحەبا.
وا بزانم برادەر،
ماڵ بەجێهێشتنی ئەو جارەم،
بۆ تاراوگەیەکی دوورتر،
زێدەڕۆیی بوو،
بەڵام چی بکەم،
دەستی نووسینم شکاوە،
و هێشتا توانای بەدواداچوونی خەونەکانم هەر ماوە.
برادەر،
لە (داسن)
ماڵەکەم،
کە پێشتر هی (برتۆن[٣]) بوو
پەنجا مەترێک لە کابینەکەی (جاک لەندەنەوە[٤]) لە رۆژئاواو
بیست مەترێکیش لە باکوور لە کابینەکەی (رۆبردسێرڤس[٥]) دوورە.
بەفر بەراستی بە سەرماندا دەبارێ،
شتەکان دەنێژێت،
بە جوانیی بێدەنگیم دەناسێنێ.
بەفر بەردەوام دەبارێ،
رەنگەکانی ون دەکات.
لە هەموو لایەک،
سپی زاڵە،
هەردەڵێی شیرە رژاوە
لە دوورەوە،

تارماییی چوار کەسم لێ دیاربوون،
دەهاتنە پێش،
یەکیان لە ناو بەفر هاتبوو،
پڕاوپڕی زستان بوو،
ئەوەی تریان،
لە ناو گیاوە هاتبوو،
پڕاوپڕی بەهاربوو،
سێیەمیان،
ڕەنگی لەگەڵ ڕەنگی گەڵا دەگۆڕا،
پڕی پایز بوو،
چوارەمینیشیان،
تاجێکی پووشینی لەسەر نابوو،
پڕی هاوین بوو،
هەرچواریان،
لە دەرگای کابینەکەی (جاک لەندەن) چوونە ژوورەوە،
لە دەوری سۆباکەی،
لەو سۆبا دارەی من لە (سکتان[٦]) هەم بوو،
باشتر بوو،
دانیشتن،
لە پەنجەرە گوێم لێیانە،
هەموویان لە سەر ئەوە ڕێکن،
زستان وەرزی خەمان.
و ڕوحی هەموو وەرزەکانە.

---

(١) (جاک لەندەن) ڕۆماننووسێکی جیهانییە ماوەی ساڵێک لە داسن ژیاوە.

(٢) (رۆبرت سێرڤس) شاعیرێکی بەناوبانگی جیهانییە، دوو ساڵ لە داسن ژیاوە.

(٣) (برتۆن) نووسەرێکی بەناوبانگی کەنەدایە، خاوەنی ٥٠ کتێبە، خانوویێکی لە داسن هەبووە، پێش ئەوەی بمرێت داویە بە(رایتەریس ترێست ئۆف کەنەدا) ئەوانیش هەر سێ مانگ جارێک دەیدەنە نووسەرێک بۆ ئەوەی لەوێندەر دەست بەتاڵ بێت بۆ نووسین، منیش لە زستانی ٢٠٠٩ لەوێندەر بووم.

(٤) گۆڵدرەش: لە ساڵی ١٨٤٨-١٨٥٥ دوای ئەوەی لە ناوچەی (داسن) لە (یوکون) زێڕ دۆزرایەوە سێ سەد هەزار ژن و منداڵ و پیاو لە کالیفۆرنیای ئەمریکا بە سواری ئەسپ و شەمەندەفەری زۆر سەرەتایی بۆ زێڕ دۆزینەوە چوونە (داسن) کە بە فڕۆکە دە سەعاتە، نازانم ئەوان بە سواری ئەسپ و هێستر و شەمەندەفەر بەچەند رۆژ یان مانگ گەیشتوون، لە رێگا سێ چارەگیان لە برسان و سەرمان مردوون.

(٥) سکتان: گوندێکە لە ناوچەی خۆشناوەتی کوردستان ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٩ مامۆستا بووم لێی.

(٦) خانە - پیرانشار: شارۆچکەیەکی دیوی کوردستانی رۆژهەڵاتە.

# ماڵێک لە ناوجانتا

لە ئیستەنبۆڵەوە،
تا تاراوگەی (ئیدمنتۆن[1])،
بە فڕۆکە حەڤدە سەعاتە.
بەزەریادا بڕۆیت قەدبڕە،
ڕەنگە زووتر بگەیت بە تاراوگە،
لە ناخی زەریای ئیجە
ئێمە
و
ماڵەکەمان لە ناو جانتا.
ڕۆژێک پێشتر،
بە پاس،
بە سێنزە سەعات،
لە (سیواس[2])ی محەجەبەوە،
هاتبووینە فڕۆکەخانەی ئیستەنبۆڵ،
تا تاریک و ڕوونی بەیانی،
بچینە تاراوگە لە کەنەدا.
ئێوارەکەی،
فڕۆکەخانەی ئیستەنبۆڵ پڕبوو،
لە پەناهەندە.
هەندێکیان،
هەر زوو لەسەر کورسییەکانیان خەوتن

هەندێکیان،
دڵیان ئامادە دەکرد بۆ کۆچ
هەندێکیان،
لەشیان ئامادە دەکرد بۆ ڕۆیشتن
هەندێک،
بە فەرهەنگ،
خۆیان فێری زمانی سێیەمین دەکرد
هەندێک،
شەپقەی ناو جانتاکانیان دەردەهێنا،
تا لە ناو فڕۆکە بیخەنە سەریان.
هەندێک،
بیری ماڵەوەیان دەکرد
هەندێک،
دەترسان بیانگێڕنەوە ماڵەوە
هەندێک،
پەلەیان بوو،
دەترسان نەگەنە ناو فڕۆکە
ئێمە و
ماڵەکەمان لە ناو جانتا،
شەش مانگ پێشتر،
ئێوارەیەکی درەنگی پایز،
لە ئەنکەرەوە،
بە پاس،
بە حەوت سەعات چووبووینە سیواس.
نۆ مانگ پێشتریش لە کوردستان،
لە شەڕی براکوژی،

هەڵاتبووینە نووسینگەی
(یو ئێن[٣]) لە ئەنکەرە
بەختەوەر بووم،
زوو بە پەناهەندە وەرگیرام
شەش مانگ،
لە گەڕەکی (ئولس[٤])،
پڕ لە پەناهەندە و
کوردی راگوێزراوی باکوور،
لە خانووی (تیزە[٥]) ماینەوە
من و (سونگوڵ[٦])
هەموو بەیانێک،
بە ١٢٢ پلیکانەی بەرد دەهاتینە خوارەوە،
تا بچینە ناو بازاڕ،
ئەو بۆ ئاو فرۆشتن.
منیش بۆ کەمکردنەوەی،
زەحمەتی چاوەڕوانیم
حیکایەتبێژ نیم
لە دڵەوە دەنووسم
تاریک و روون،
لە ئیستەنبۆڵ سواری فڕۆکە بووین.
یەکەمین فڕین بوو بۆ ژنەکەم،
و
منداڵەکانم،
ژنەکەم لە فڕۆکە دەترسا!
بەڵام باش بوو هەستی نەدەکرد،
فڕۆکەکەمان ١٠٠٠٠ فیت بەرزە و،

و خێراییەکەشی ١٠٠٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا.
ساڵی ١٩٦١،
سەرەتای شۆڕشی ئەیلوول بوو،
فڕۆکە جەنگییە عێراقییەکان
گوندەکەمانیان بۆمبباران کرد
هەڵاتینە ئەشکەوتان،
دوایش هەولێر،
دایکم خەمی شتڵە ڕێحانەکانی بوو،
کەوتنە ژێر خۆڵ.
من خەمی تۆپە لە لباد دروست کراوەکەم بوو،
لە ناو خانووەکەمان سووتا.
باوکیشم خەمی بەرخەکانی بوو،
تالآن کران.
من جاری چوارەمم بوو سواری فڕۆکەبم
یەکەمین جار،
بەخۆڕایی،
بێ ترس،
ئێوارەیەک،
سواری باڵی کۆلارەکەم بووم.
جاری دووەمیش،
کوردستان،
لە شەڕی براکوژی نەبووبووەوە،
لە ئەنکەرەوە،
بە ڤیزەیەک لە (کێڤ[٧]) زانیم ساختەیە.
چوومە ئۆکرانیا،
تا لەوێوە بە قاچاغ بچمە سوێد

ببم بە پەناهەندە..
جاری سێیەمیش،
لە ئۆکرانیاوە،
دیپۆرت کرامەوە ئیستەنبۆڵ،
تەنیا و بەتاڵ،
وەکو گیرفانەکانم.
تاریک و روون فڕۆکەکەمان فڕییەوە،
بۆ ئەوەی لە سەربەستیمان نزیک کاتەوە
منداڵەکانم،
ناو فڕۆکە بە جۆلانە تێگەیشتبوون،
لە بەرزبوونەوەی و نزمبوونەوەی نەدەترسان
منیش پێم خۆش بوو،
فڕۆکەکە بەرزتر بێتەوە،
بچێتە لای خۆر،
فڕۆکەکەمان ئاسمانی دەپێکا،
حەزم دەکرد کورسییەکەم لای پەنجەرە بووایە
تاببینم،
بن باڵەکانی چۆن پڕ دەبن لە هەور.
فڕۆکەکەمان،
بە خێرایی ئاسمانی دەپێکا
بردینیە سەر هەور
بردینیە سەر باران
بەرزی بردین،
بۆ سەر هێز،
بۆ سەر قەڵەباڵغی،
بۆ ئەوەی پڕی شینایەتیمان کات

لە فڕۆکەخانەی (ئەمستردام)
شەش سەعات وەستاین.
وەکو تەیرێکی باڵ شکاو،
بەخۆمان و کیسەی ( ئای، ئۆ، ئێم[٨])ی دەستمان،
نەدەوێراین لە (گێیتەکەمان[٩]) دوور کەوینەوە
نەوەک زیاتر بزر بین.
لە ئەمستردام،
کارتێکی تەلەفۆنمان کڕی،
تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکەین
تا پێیان بڵێین،
تا ئێستا ماوین،
تا پێیان بڵێین،
چارەگێکی رێگای تاراوگەمان بڕیوە.
تا پێیان بڵێین،
رەنگ بێت یەکتر نەبینینەوە.
لە ئەمستردام،
زەینم زۆر لای خۆم نەبوو
بۆیە زەحمەتە هەموو شتێکم وەبیر بێتەوە.
جارێکی تر فڕۆکەکەمان فڕییەوە،
گوڵەکانی هۆڵەندای لە ناو جوانیدا جێ هێشت.
فڕۆکەکەمان ئاسمانی دەپێکا،
بەرەو رۆژئاوا.
فڕۆکەکەمان زۆر بەخێرایی،
خێراتر لە با،
ئاسمانی زەریای ئەتڵەسی دەبڕی
لە ئاسمان بووین،

ئاسمانێک نەمابوو بیری بکەین!
فڕۆکەکەمان ئاسمانی دەبڕی.
خۆریش لە پێشمان،
لە ئێمە خێراتر،
بەرەو ئاوابوون دەچوو،
فڕۆکەکەمان ئاسمانی دەبڕی،
بۆ ئەوەی بمانباتە ماڵی نوێمان،
لە تاراوگە،
ئەو ماڵەی تازە لە خەوی ڕێبەندان رابووبوو،
ئەو ماڵەی هێشتا ئەدرەسیمان نەبوو.

---

(١) ئێدمنتۆن: پایتەختی هەرێمی ئەلبێرتایە لە کەنەدا.
(٢) سیواس: شارێکە لە تورکیا ٩٥٪ ژنەکانی (محەجەبەن)
(٣) یوئێن: نەتەوە یەکگرتووەکان.
(٤) ئولس: ناوی گەڕەکێکە لە ئەنکەرە.
(٥) تیزە: ناوی پیرەژنێک بوو لە ئەنکەرە خانوومان لێی بەکرێ گرتبوو.
(٦) سونگوڵ: کچێکی کوردی ١٣ ساڵان بوو لە شەرناخ راگوێزرابوونەوە بۆ ئەنکەرە.
(٧) کێڤ: پایتەختی وڵاتی ئۆکرانیایە.
(٨) ئای، ئۆ، ئێم : رێکخراوێکی نێونەتەوەیی سەربە(یوئێنە) کاری کۆچ پێکردنی پەناهەندانە بۆ ئەو وڵاتانەی لێی وەرگیراون.
(٩) گێیت: ئەو شوێنەیە لە فڕۆکەخانە فڕۆکە پێش فڕین لێی رادەوەستێت تا نەفەرەکان سواری بن،

# باخەڵ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
چەقۆ دەربێنێ
هەشە دەست بۆ باخەڵی دەبات
گوڵ دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
سیغار دەربێنێ
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
(داو) دەربێنێ
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
(ئەڵقەی) پەنجەی بشارێتەوە.
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
قەڵەم رەنگ دەربێنێ
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
بۆ ئەوەی دەری نەهێنێتەوە
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
دارلاستیک دەربێنێ
هەیە دەستی دەخاتە باخەڵی
راپۆرتی سەر برادەرەکەی،
تەسلیم کات.
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
بۆ ئەوەی چەپڵە لێ نەدات.

هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
تۆوی ناکۆکی دەربێنێ،
بەئەرزی وەرکات.
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
تۆپی ( سێ درهەم) بایی دەربێنێ.
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
سەعات دەربێنێ.
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
شمشاڵ دەربێنێ.
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بەردی دامە دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
نامەی دۆستەکەی،
لە هاوسەرەکەی بشارێتەوە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
لە نیگەرانییان
هەشە دەست بۆ باخەڵی دەبات
قیبلەنامەکەی دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
چۆلەکەیەک زیندانی کات
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
دەستەسڕ دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
تا تەوقە نەکات
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
وێنەی باوکی شەهیدبووی دەربێنێ

هەیە دەست لە باخەڵی دەردێنێ
بۆ ئەوەی پانی کاتەوە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
وێنەی منداڵەکەی دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
لە سەرما
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
پەنجەی بڕاوی بشارێتەوە.
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات.
کتێبی باخەڵی دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
حەبی( ڤیاگرا) دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
ئاوێنە دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
قەڵەم دەربێنێ
بۆ ئیمزاکردن لەسەر( تەنازول).
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
چارەگێ عارەق دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
تا دڵنیا بێت کون نییە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
قۆپیە دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بزانێ ئەو شەمامانەی،
دوێنێ شەو دزیبوونی ماون.

هەشە دەست بۆ باخەڵی دەبات
خووی پێوە گرتووە
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
نامەی لێپسراوێک دەربێنێ
بۆ ئەوەی ببێت بە ئەندامی پەرلەمان
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
نان و هێلکە دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
ئەو دۆلارانە سەفت کات
بێ ماندووبوون،
لە رۆژێکدا دەستی کەوتوون.
هەیە دەست بۆ باخەڵی،
دەرپێی کورتی ژێرەوە دەبات تا پارەی
قاچاغچی رێگەی یۆنان دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بۆیاغی رەش بۆ سەر و سمێڵی دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
لە نائومێدییان
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات.
گوڵەبەڕۆژە دەردێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
مێوژ دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات ئەوەی ناو
دڵی دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
وردە نانی رەق دەربێنێ

هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
بڵاو کراوەی نهێنی دەربێنێ،
دابەشی بکات.
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
(کۆندۆم) دەربێنێ
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
پاسپۆرتی وڵاتی دووەم دەربێنێ
ماچی بکات
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
پاسپۆرتی وڵاتی دووەم دەربێنێ
فڕێی دات
هەیە دەست بۆ باخەڵی دەبات
فیشەکی ڕەحمەت دەربێنێ.
هەیە دەست دەخاتە باخەڵی
کۆتری دزراو بشارێتەوە
هەیە لە یەک کاتدا
دەستی لە ناو
سێ باخەڵەدایە،
بۆ ورگنکردنی باخەڵی خۆی.

## نەڕۆیشتم تا ئەویش نەهات

من و ڕووبار،
پێکەوە،
شوێن پێی چۆلیان هەڵدەگرین،
بێ ترس،
بە ناو تاریکیدا دەڕۆین...
بەناو شەڕگەکاندا دەڕۆین.
بە ناو زستاندا دەڕۆین..
پێکەوە،
ژیان دەدەینە خاکێک،
نایناسین.
درەختێک لە کەنارمان ئاو دەدەین،
یەکسەر جێی دێڵین
من و ڕووبار،
هەندێک جار ئەو من جێ دێڵێ،
لە سەرم دەوەستێ،
هەندێک جار من ئەو جێ دێڵم،
لە سەری دەوەستم.
بەڕێوە،
هەندێک جار ئەو دەبێتە چیرۆکێکی خۆش،
بۆ ئەوەی لە ڕێگا هەست بە تەنیایی نەکەم
منیش جاروبار،

ماندووبوونی ئەوم دەخەمە سەر شانم
ماندووبوونی خۆشم،
لەسەر بەردێکی ئێوارە هەڵدەخەم.
من و رووبار هەردووکمان،
لە ناو تەمدا خۆمان دەگۆڕین.
من و رووبار،
هێشتا لە یەکتریمان نەپرسیوە،
لە کەیەوە بەڕێوەین.
من لەگەڵ رووبار بەڕێوەم
کاری من نییە لێی بپرسم
بۆچی لە یەک کاتدا شوێن بۆ ماسی و
قولاب لە ناو خۆیدا دەکاتەوە
یان چۆن کارمامز و راوچی،
پێکەوە دێنە سەری
نەمپرسیوە،
ئەم حیکمەتە لە کوێ فێربووی
گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو بدەیت؟
یان بەپردەکەی سەرپشتت،
چەند کەست پەڕاندووەتەوە بۆ گۆڕستان؟
نەمپرسیوە
سنگت بۆ وا بۆ نەورەسەکان والآیە
یان چەندت ئاو داوە بە پەڕەسێلکەکان
نەمپرسیوە،
بۆچی ژیانی ناو زەریات وا پێ تەنگە
نەمپرسیوە،
تا ئێستا چەند شەڕ،

لە نزیکتا دۆڕاوە
چەند کڵاوت پێش (با) بردووە؟
نەمپرسیوە،
لاشەی خنکاوەکانی ئێمەت بردنە کوێندەر
لەگەڵ رووبار،
پێکەوە دەڕۆین،
هەندێک بەیانییان،
من دەبمە هەڵمی سەری
ئەویش لەجیاتی،
دەبێتە رەزمێکی تەڕی شیعرم،
لە رێگا،
ناوە ناوە دەوەستم،
تا ئەو شەپۆلانەی لێی دەکەون
هەڵیان گرمەوە،
لەگەڵ رووبار
وەک دوو رێبوار
زۆر شەمەندەفەر و دارتەل و رێگای کۆن و تازەمان جێهێشت
لەگەڵ رووبار،
زۆر شمشێری ژەنگاویمان دوای خۆمان جێهێشت
لەگەڵ رووبار،
شوێنی زۆر ئاگردانی کۆن و تازەمان جێهێشت.
هەموو ئێواران،
لە نزیکەوە سەیرم دەکرد
رووبار چەندە بە جوانی (خۆرئاوابوون) لە ناو لەپی
شەپۆلەکانی هەڵدەگرێتەوە
رووبار هەمیشە بە ئارام بوو،

لەگەڵ جوولەی سەبری بۆقەکانی،
کەناری.
من و رووبار
دەڕۆیشتین
لە هەر کێشوەر و وڵات و شار و گوندێک
ناوێکمان هەبوو.
رووبار زۆر لەگەڵ باران و جوولەی
نیگەرانی ماسییەکان بە ئارام بوو
من و رووبار دەڕۆیشتین و
کەسێکیش بیری لای ئێمە نەبوو،
لە تێپەڕبوونماندا بەنزیکیاندا
ئەوکات بوو،
کەشتییەوانێکمان بینی،
لە (با) دەگەڕا
مانگمان بینی،
زۆر بە نەزاکەتەوە
پاڵتۆی خۆی بە ئێمەدا دەدا
ئەمشەوە ماندوو نەبووبووم،
تا لەسەر بەردێکی کەنار هەڵی خەم.
شاخ هەر زوو،
سەختی خۆی گواستەوە،
دەوری ئێمە
من و رووبار
بەئاگابووین
کەڵەشێری لە ئەنفال جێماویشمان،
لە بەیانیدان ئاگادار کردەوە

من زۆر جار،
رووبارم دوورتر دەبرد،
لەگەڵ ڕووبار زۆر جار شیعرم بە شەپۆڵ دەگۆڕییەوە
کەسمان بیرمان لای قازانج و زیان نەبوو
من و رووبار لە کەیەوە بەڕێوەین!
ئەو زۆر یادەوەری منی لایە
منیش زۆر یادەوەری ئەوم لایە
لەگەڵ رووبار دەڕۆیشتین
من وەک جاران،
زۆرم لاگرینگ نەبوو،
بزانم ئەو،
بەرەو رۆژهەڵات، خواروو، باکوور
یان بەرەو رۆژئاوا دەڕوات
ئەویش زۆر لای گرینگ نەبوو
ئەو (سکەی) لە هەڵمی دەریا هەیبوو
لە کوێی دانێ.

# چوومەوە پایز

چوویمەوە پایز،
تا لێی بژێم.
دڵنیا نیم،
ئێوەش دەتوانن،
بگەڕێنەوە و لێی بمێننەوە؟
ئەو شەش ڕۆژەی،
ماڵم هێناوەتەوە پایز،
شەوان،
بە دڵنیایی دەخەوم.
بەیانیانیش
زوو لە خەو رادەبم.
لە پایزم،
تا لە نزیکەوە،
نائومێدی گەڵاڕێزانی درەخت بنووسمەوە!
من بۆیە هاتوومەتەوە پایز،
تا بە جوانی ڕاهێنان لەسەر،
گێڕانەوەی سەروەری بۆ وشە بکەم!
من لە پایزم،
بۆ داکۆکیکردن لە ژیان.
لە پایزم،
بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ڕامان

لە پایزم،
بۆ کەمکردنەوەی گۆشەگیری
پەنجەرە بڵند و تەنیاکان
لێرە،
لە پایز،
بەیانییان،
شۆڕ دەبمەوە ناو باخچەی وشەکانم،
بۆ ئەوەی بزانم بەری میوەی
ئەو خەیاڵانەی پار چاندبوومن
پێگەیون؟
لە پایزم،
بۆ ئەوەی بە یەکجاری،
لەگەڵ خۆم ئاشت ببمەوە.

٢٠٠٨

# ناوم بنێن ماڵەوە

٢٠٠٥

هەولێر

# له ڕێگای گەڕانەوەم بۆ زێدم

دەمێکە ڕووبارێک بە دوامەوەیە،
دەیەوێت لاساییم بکاتەوە.

ئەورەسیش سەر زەریای بەجێ هێشت،
دوور دوور فڕی،
من
و
ئەو
دەمێکە بە ماڵەوەمان ناکەوینەوە.

ئەو شوێنەی بۆی دەچم،
وەک جوانی ئەدرێسی نییە.

بەیانییان،
لە ڕێگای چوونە مەکتەب،
تەماشای هەردوو لای پەلکە گیای،
سەر ڕێگام دەکرد.

شانەکەی لە ناو زولفی با،

بەجێ هێشت.

گەر هاتییەوە،
خەیاڵ لە بیر نەکەیت.

مایکرۆسۆفتێک،
لە نهۆمی سەد و بیستەمی باڵەخانەیەک غلۆر بووەوە،
لە خوارەوە،
لای کونە مشکێک وەستا.

باپیرم دەیگوت
"کە بەیانییان لە خەو هەڵسان،
زوو دەرگای ماڵەوە،
بخەنە سەر گازەرەی پشت."

مۆمەکەت بۆ دوایی هەڵگرە.

کاتێکی باشە،
بۆ فڕین بە خۆڕایی.

چی تر نامەم بە شەماڵدا،
بۆ مەنێرە.

گوڵت بینی بۆی بوەستە.

لە هەر کوێ،
گوڵت بینی بۆی بوەستە.

تا ئێستا،
خەریکی نزیک خستنەوەی ماوەی نێوان
هزر
و
دڵم.

بۆ چوونەوە منداڵیم،
یەکسەر دێمەوە لای ئێوە.

ئەوە کۆتاییيە.

ئەوان هێزی رق لێبوونەوەیان ماوە،
منیش هێزی خۆشویستن.

مرۆڤایەتی،

ناوی نهێنی خوداوەندە.

له

ئازادی تەنیایە.



له بنەوەی روح،
ئازادی تەنیایە.

جێیان هێشتم.

ئەو
و
خۆر،
بەیەک خێرایی
جێیان هێشتم.

له تەنیشت گۆڕی شەهیدێک،
شوێن پێی هاتوچوونی دایکێک ڕوابوو.

رووناکی ناخت زیاد دەکات.



کەمێکی تریش رابمێنێیت،
رووناکی ناخت زیاد دەکات.

109

ڕەنگەکان،
لە نێوانماندا ون بوون.

بڕۆ بە شوێن ئەوەی خۆشت دەوێ،
یان بخەوە.

هیچی وام نەماوە،
لەبەر خۆمەوە گۆرانی بۆ بڵێم.

که ڕێگاکان،
بەرەو ماڵەوە بچنەوە،
نازانم،
بۆ ئەو سەفەرە دوورودرێژەم کرد.

لەگەڵ پایز پێکەوە،
دنیا دەگێڕینەوە ماڵەوە.

رووبار،
هەمیشە لەشی نەرمترمان پێ دەدات.

له ڕێبەندان،

هەمیشە هەتاوێکی خۆشم بوویت.

لەوەتەی (با) هەڵی کردووە،
گرفتی ئەوەیە،
بەر پێی خۆی نابینێ.

وا شێت دەبێت.

زەریا،
لە تەنیاییدا،
وا شێت دەبێت.

ئەو سێبەرەی،
لە کەناری رووباری (ئەڵوەند)
بەجێمان هێشتبوو،
کە گەڕامەوە،
بووبوو بە لم.

بەردەکانی دۆڵی ئەسحابان،
پەیوەندییان بە داگیرکردنێکی کۆنەوە هەیە.

بۆچوونە گۆڕیش،
خۆی نەگۆڕی.

کات،

هێشتا لە سەرت وەستاوە.

ڕێگای گەڕانەوەم،
لە تاراوگەوە بۆماڵەوە،
ڕژایە ناو زەریا.

پێش ئەوەی بخەوم،
نیوەی گەڵاکانی پایزم نارنجی کرد.

حیکایەتەکەی ئەمشەوت،

بێتام بوو.

حەوت ساڵە،

تەیر لێی داوم.

گەر منتان ون کرد،
لە تەرمینالێک دەمدۆزنەوە.

بە پلیکانەی روحمدا بێیت،
دەتوانی سەرتر کەویت.

ئەو قەڵەباڵغییەی کاتی لێم دەبرد،
هێشتا لەوێندەرە.



جەلال بەرزنجی (٩)

هەستم بەربوویتەوە ناو،
کۆمەڵێک هێلکەی رەنگاوڕەنگ..

هەندێک شتم بیر کەوتەوە،
مەبەستم بوو لە بیریان بکەم.

لە شوێنێک دەگەڕێم،
خەونی تیا نەبینم..

ئەو تەپکەی،
لە ناو بەفری حەوشەکەیان،
بۆ راوی رەشۆڵەیەک دای نابووەوە،
بە سەر ویژدانیدا رووخا.

تەمتومان،
منی گەیاندە ئێرە.



تەمتومان،
منی گەیاندە ئێرە.

شەوێک،
لە ناو پایز.
کوندەپەپوویەک،
لە ترسی دەنگی خۆی نەخەوت.

بووبایتە سێبەر،
ئێوارەیەک لەسەرت
رادەکشام.

حەز ناکەم،
لە کۆشکێک،
پاشایەتی،
تەنیاییم پیس کات.

ئەو پەنجانەی،
لە ناو سەرما نوێژیان دەکرد.
نەمبینینەوە.

دەمەوێ لەگەڵ فڕیندا بم،
بۆ گێڕانەوەی،
هێزی خەیاڵ بۆ ناو ژیان.

تاراوگەکەم،
لە هەموو شتێکم زووتر،
لێم گەورە دەبێت.

شیعر،
منی لە ناو ژیاندا هێشتۆتەوە.

شەڕیش تەواو بوو،
منداڵەنەکان،
لە کامپەکان،
هێشتا نەخشەی وڵاتەکەیان،
لەسەر خۆڵی دەوروبەری خیوەتەکانیان دەکرد.

ئاسۆ،
ئارامی پێش خۆرئاوابوونی
لەگەڵ خۆیدا برد.

شواناتییەکەی،
تا خوارەوەی ژیان نەبوو.



شواناتییەکەی،
تا خوارەوەی ژیان نەبوو.

سەری بەرزی خوداوەند نییە.

145

جەلال بەرزنجی (١٠)

سەربەرزی چیا،
بۆ کەمکردنەوەی،
سەری بەرزی خوداوەند نییە.

کازیوە،
لە ناو تەمدا وێڵ بووبوو.

من

و

ئەو

لە شیعرێکدا

دەبین بەیەک.

منداڵێک،
لە کەنەدا،
بیری زمانی دایکی دەکرد.

خوداوەندم بینی،
لە ترسی مرۆڤ،
رای دەکرد.

ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت،
ئاینده بخوازەوە.

یادەوەرییەکانی،
لە زمانی سێیەمیدا پەرتەوازە بوون.

چیرۆکەکانی داپیرم
داپیرم چی تر،
نەیانخەواندم.

شەڕ بوو،
لە برووسکە خێراتر منی بردە کەنەدا.

بۆ زیندووکردنەوەی روح،

دەچمەوە لای کاتەکانی زوو..

هەستم،
لە مەرەکەب خێراتر ڕژایە سەر کاغەز.

ڕێگاکان،
بە سەر زەویدا ناڕۆن،
بەناو
دڵاندا دەڕۆن.

لایتی ناوەوەت رووناکترە.



لایتی ناوەوەت رووناکترە.

پڕی بنەوەی ژیان،
شیعری تەڕ و پاراوە.

ئەوەندە سەیری ئاسمانم کرد،
تا سەرم بوو بە ماڵی ئەستێران.

بۆ ئەوەی پشووێک بدەن.

161

جەلال بەرزنجی (١١)

ئاو
و
ژیان
نەوەستان،
بۆ ئەوەی پشوویێک بدەن.



جەلال بەرزنجی (١١)

هەموومان،
بە بەلەمێکی بچووک هاتین،
و بە هەزاران بەلەمی گەورە،
چووینە شەڕی دەریاکان.

هەموو شەوان،
لێفەکەی پێدا دەدامەوە.

چەندەم قەرزباری.

تا ئێستا،

خۆر بە زەوی نەگوتووە،

ئاسمان،
سوور بوو،
گوڵەکانی دوای نیوەڕۆش،
شین.

هێزەکان،
هێشتا نەبوونەتە خەون.

رەنگە بەجێماوەکانی دوای رۆژئاوابوونی،
هێنا ناو پەرداغ.
167

رامان،
رەنگە بەجێماوەکانی دوای رۆژئاوابوونی،
هێنا ناو پەرداغ.

رژاوی ئەو چیمەنە خۆم رحەت دەکەم.



ئەمشەو،
لە ناو شیلەی،
رژاوی ئەو چیمەنە خۆم رحەت دەکەم.

بەیەکەوە مات بوون.



رووبار

و

پایز

بەیەکەوە مات بوون.

خودامان لە بیر نەبوو،
یەکەمین جار بوو،
لەشمان ئازاد بێت.

له ناخمدا،
هەمیشە یەک کات هەیە.

بگەمە یەقین.



گومان نەیهێشت بەو نوێژەی،
لەسەر ئەو پارچە عاردە دەمکرد،

لە کوتاییدا،

جوانترین راستی دەدەینەوە بە خاک.

دوای گەڵاڕێزان،
سروشت،
زریزەی پانتۆڵی خۆی دادەخات.

خەتای من نەبوو،
خەتای (با) بوو
لە هیچ شوێنێک ئۆقرە نەگرم.

به خۆم و چرای هونەری ناخم هاتمەوە،
گەر تۆش دەتەوێت،
ئاوا بێیتەوە،
سەر لە گەڕەکی منداڵیت مەبڕە.

چووەوە دەربەند.



با،

هەورەکانی لەسەر لەشی خاک لابرد و،

چووەوە دەربەند.

177

جەلال بەرزنجی (١٢)

لە مێژە،
جوانی ناو دڵ
و
ناشیرنی ناو دەم
شەڕیانە.

ئێستا،
کاتێکی گونجاوە،
بۆ ئەوەی لە باوەشت بخەوم.

نوێژی پەرتبوون،
لێم ون بووی،
نوێژی دۆزینەوەشتم چوو.

شەڕ،
خراپی پەرت کردین.

کتێبی یادەوەرییەکانم بوو،
منیان گۆڕی.

کەسمان بە قەد چیا ئاسمان نابینین.

دوعا بۆ زیندووبوونەوەی زێدم دەکەم.

184

بیست و چوار سەعات،

دوعا بۆ زیندووبوونەوەی زێدم دەکەم.

مانگ،

لەگەڵ خەونەکانم هاتەوە.

هزرم،
له باڵنده خێراتر دەفڕی.

من

و

سێبەر،

هەموو ئێواران پێکەوە پیاسە دەکەین،

کە شەو دادێت

پێکەوە دەخەوین.

خۆر لایتی ئاسمانه.

درەنگیش دابێت،
هەر دەچمەوە.

شیعر بردمییه،
ناو زۆر وشەی جیاواز.



شیعر بردمییه،
ناو زۆر وشەی جیاواز.

190

با ئێستا،

بەخۆماندا بچینە خوار خوارەوە.

پەنجەرەیەکی زۆریان بۆ دروست کردم.



لە تاراوگە،

وشەکانم،

پەنجەرەیەکی زۆریان بۆ دروست کردم.

به یەک ڕێگادا دەڕۆین.





بۆ چوونە ناو ئاوێنە،
هەموومان،
بە یەک ڕێگادا دەڕۆین.

هەموو خەونەکانم،
بیری مردن دەکەن.



هەموو خەونەکانم،
بیری مردن دەکەن.

194

سێو،

درۆ بوو.

تەیرەکان دەچنەوە رۆژهەڵات،

چی تر لێم دوور نین.



تەیرەکان دەچنەوە رۆژهەڵات،

چی تر لێم دوور نین.

هەموو شاخەکانی دنیا،
خوشک و بران.
197

هەموو شاخەکانی دنیا،
خوشک و بران.

مانگ،
لە سکتان زۆر نەوی بوو،
بۆ دەستت لێ نەدەدا.

گەر دەتەوێ
قەدبڕ بەخوداوەند بگەیت،
دوای شیعرەکانی من بەرمەدە.

وەک روحی
گەڵایەک،
لە خاکی تاراوگەی هەمیشە پایزدا کەوتووم.

نیگەران مەبە،
هێشتا،
نەمامێکم،
لە حەوشەی دڵی تۆدا.

راگرتنی راو،
نەبووە دیارییەکی جوانی مرۆڤ
بۆ سروشتی دایکمان.

ئەمڕۆ

ڕۆژێکی درێژم هەبوو.

جوانترین دیمەنی بەهار،
کەم هێشتنەوەی کۆلکە زێڕینەیە،

لە ئێوارەیەکدا.

لەگەڵ خۆمدا سەفەر بکەم باشترە.

تا باڵەکانم لە (با)دا بەتاڵ نەکرد

دانەنیشتم.

بەسەر ئەو پردەی،
دەچووەوە لای ئاشەکەی ئەشکەوت سەقا،(*)
پەڕیمەوە.

---

(*) زێدی شاعیر

ئازاری خەون مەدە.

هیچ کاتێک وەک ئێستا
ماوەی نێوانمان نزیک نەبووە.

بۆ دۆزینەوەی یادەوەرییەکانم،
دەبێ بچمەوە فرە شوێن.

ئەو باڵانەی لە ئەنفال رفێنران،
لە بیابان نەهاتنەوە.

لە دوو قاچی لە (با) دەگەڕێم،
بۆ ئەوەی،
زووتر پێی بگەمەوەماڵەوە.

خۆرم بینی بە تیشێرتێکی ڕەنگین،
لە گۆمی پونگانی (دڵشاد) ئاوا دەبوو

# له پشت ئاسمان، هەمیشە پەنجەرەیەکی شین دیارە

له پشتەوەی ئاسمان،
دوور دوور،
پەنجەرەیەکی شین دیارە،
کەسێک بە تیشێرتێکی شین شین،
دێتە بەر پەنجەرە و دەڕات
ئەو کەسە،
تەماشا شینە.
پێش ئەوەی لە تەماشاکردنی تێر بم،
پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە.
دوای ئەو،
لە نزیکەوە،
بایەکی شینم بینی،
پۆلە مەلێکی شینی لەگەڵدا بوو،
بێ جیاوازی،
لەسەر کۆمەڵە درەختێک نیشتنەوە.
لە تەنیشتیان،
دار قەزوانێک،
رەنگی خۆی تۆخ دەکرد.
مانگ گرفتی لەگەڵ شین نەبوو.
لە پشتی پشتەوەی سروشت،

تەمێکی شین دیارە.
لە پشتی پشتەوەی خەڵک،
ژنێکی کراس شین دیارە.
لەسەر بەرزترین ماڵ،
منداڵێک دیاربوو،
کۆلارەیەکی شینی هەڵدەدا و
(با)ی شین دەکرد.
بەردەکانی خوارەوەش شین دەبوون.
ئێستا دەتوانم،
خەمی گەڵاکان.
لەسەر دەستم ڕێز کەم.
ئێستا گەر خوداوەندیش بییەوێ،
دەتوانێ تیشێرتە شینەکەی،
لەسەر تەنافە شینەکە هەڵخات.
ئێوەش،
گەر کراسە شینەکانتان شووشت،
دەتوانن لەسەر هەمان تەنافی شین هەڵی خەن.
ئێستا،
لە نزیکەوە،
باخچەیەکی شینم لێ دیارە،
ژیان تیایدا ئارامە.
لەم باخچەیە،
هەر کاتێک بتەوێ،
دەتوانی تەیرەکان مەشغوڵت کەن
لەم باخچەیە،
ئێوارە شینە و،

به تووله ڕێیەکی شین شیندا،
گوڵەکانی،
هەڵدەکشێنە،
لای پەنجەرە شینەکەی پشت ئاسمان.
ئەم باخچەیە شوێنێکی ئارامە،
بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ ماڵەوە بکەیت.
کەسەکەش ناوە ناوە پەردەکە لا دەدات،
نایەوێ کاریزمای خۆی لە دەست بدات،
ئەگەر نا،
ڕەنگە حەز بکات،
ئێواران بە تیشێرتێکی شینەوە،
بێتە خوارەوە و لە شەقامە گشتییەکان پیاسە بکات.
هەر کەسێک بێتە ناو ئەم باخچەیە،
باخەڵی پڕی جریوە دەبێت.
لەشیشی بۆنی گەنم دەگرێ
دڵیشی پڕ دەبێت لە پەنجەرەی شین شین.
٢٠٠٥

# ژنێک دۆستی تاریکییە

پێشکێشە بەو ژنەی:
"بیری ئەو شتانە دەکات، لە رووناکی لێی بەجێمان"

فرۆکەکان،
(با)ی هەڵەبجەیان برد.
نێرگزەکانی بەر باخەڵی (عومەری خاوەر)
پێش جەستەی کیمیاییان بەر کەوت،
کەوتنە خوارەوە و
بوونە مردنێکی جمک
فرۆکەکان،
ئاوی کووپەکانیان رشت.
ئەو ئازادییەی،
ئەم رۆژە بە سەفەر چووبووە ئەوێندەر،
کوشتیان.
ئەو سروەی،
بۆنی گوڵەکانی دەگوازتەوە،
بە شارەزوور نەکەوتەوە.
ئەو خاکەی نەخۆشیان کرد،
تا ئێستا لە ناو جێگادایە
لە هەشتا و هەشتەوە،
تا ئێستا،

مامۆستاکانی هەڵەبجە ناوێرن،
وانەکانیان
درێژ کەنەوە.
قوتابییەکانی هەڵەبجە،
وەکو جاران جانتاکانیان،
لە حەوشەڕا فڕێ نادەن،
و ناچنە گەمان.
ئەو ژنە لە هەشتا و هەشت کوێر بووە،
تا ئێستا دەستی بۆ تەشییەکەی دەکوتێ،
ئەو ژنە لە هەشتا و هەشتەوە،
بزنەکەی نەدۆشییەوە،
کەڵەشێرەکەی کیمیایی لێی دا،
بە سەر قاچ نەکەوتەوە.
ئەو ژنە نەیتوانی،
جارێکی تر،
تەڕپیازەکانی ئاو داتەوە.
ئەو ژنە حەڤدە ساڵە،
نازانێ،
ڕۆژێ چەند مووی لە سەری سپی دەبێت،
نازانێ،
سەر بەچ سەرینێک دەکات
حەڤدە ساڵە،
ڕەنگی ملوانکەی کچەکەی نابینێ
حەڤدە ساڵە،
نازانێ،
کەی خۆر بەلای پەنجەرەی ژوورە،

بچووکەکەیدا تێ دەپەڕێ
حەڤدە ساڵە،
ئەم ژنە،
دۆستی هەمیشەییی تاریکییە و
تەنیا ڕەنگی ڕەشی کراسەکەی دەبینێ.

# بەرەڵا بوومەتە ناو تەنیایی

لە نێوان هەردوو زەریادا
ژنێک دارێکی رادەکێشا.
هەر بەرێوە خەونی راو دەکرد.
پەرەسێلکەیەک،
ئاوی بۆ بێچووەکانی دەبرد.
لە نێوان هەردوو زەریادا
سەبرم کوورِ کوورِ بۆتەوە و
بە گۆچانی تاراوگە دەڕوات.
لە نێوان هەردوو زەریادا
وشەم ئازادە.
بەرەڵا بوومەتە ناو تەنیایی
لە نێوان هەردوو زەریادا
بە کەوتنە خوارەوەی خۆخێک،
بە ئاگا نایێم،
تا نەکەوێتە ناو دەستم.
لە نێوان هەردوو زەریادا
شتێک دیار نییە لە شیعر جوانتر،
لە تەنیایی من ئازادتر.
لە نێوانیاندا،
خۆر ناخرێتە توورەگەی کێشتەنگاوانی،
شوانێک

لە کەناری زەریاییێکیان
ماسیگرێک
پلانی کوشتنی نائومێدی دادەنا
لە نێوانیاندا
چرایەک بە خەمباری دەسووتا
لە نێوان هەردوو زەریادا
خەیاڵم چووبووەوە بنی بوخچەی دایکم
ژنەکەش هەر بەڕێوە بوو
دارەکەی رادەکێشا و
خەونی راو دەکرد
مانگی بەفرانبار بوو
هەتاوێکی گەرم بوو،
بۆ دڵی من.
گلەییم نەبوو،
ئەو هەتاوە لە بەفرانباردا،
خەون بوو.
من و تەیرەکان،
هیچمان نەمابوو بەڕەڵای کەینە،
ناو هەتاوی ئازادی مانگی بەفرانبار
کەسیش نەدەهات،
شەق لە جامە ئاوی بەردەممان هەڵدات
کەس هاوڕێیەتی لەگەڵ خۆی
نەدەبردەوە ماڵەوە،
لێرە،
هەر کەسە و بای خۆی هەیە
هەر کاتێک ویستی بەڕەڵای دەکات

لێرە،
دۆڕاندن یەک باوکی هەیە
لێرە،
بۆنی شەوبۆ ناگاتە سەربانان
لێرە،
سەربەستی لە ڕەهایی خۆی بێزارە
لێرە،
سوارێکم نەبینیوە
ئەسپەکەی لغاو کات
لێرە،
کەسم نەبینیوە جارێک ئاوڕ
لە تابلۆیەکی ڕەش و سپی بداتەوە
یان منداڵێک هێلکەی
دۆڕاوی بن دیوارێک هەڵگرێتەوە
لێرە،
جوانە ترسنۆکەکان
بە ئاسانی ڕاو دەکرێن
هەوریش بەساڵ
لە برووسکەی ونبووی دەگەڕێ
لێرە،
لە هەموو تەمەنت،
ماتبوونی شوانێک
لە کونی قەدی دارێک نابینی
ژنەکە هێشتا دارەکەی نەگەیاندووە و
خەونێکیشی ڕاو نەکردووە
لە ناو بەرەڵابوونی تەنیاییم،

چاوەڕان بووم
ژنەکە بگات و،
ئاگرێک بکاتەوە،
ئەو جارەش،
هەمووان لە دەوری کۆ بکاتەوە.

٢٠٠٥

## لای پایزیش شوێنێک نەبوو

کۆتاییەکان،
شوێنیان لای پایزیش دەست نەکەوت.
خۆریش،
شتێکی پێ نەگێڕدرایەوە لای خۆی
هەرکەسە و دوای خۆی
قۆمەتە خۆڵێکی جێ هێشت.
لە پایز،
کەسیان هەوڵیان نەدا،
ئاگر لە دەروونێک بەردەن،
هەوڵیان نەدەدا،
بەفر لە قەڵەباڵغی رزگار کەن.
لەولاوەش کەسێک دیار بوو،
بە درەنگەوە،
گەردەلوولی گلۆبۆلیزم هێنابووی،
هەر بەڕێوە،
قاوەی بەیانی لە (ساوباولۆ) خواردبووەوە.
شەوی پێشتریش،
لای رەقەڵەکانی (تبیت) بووبوو،
لە رێگای خۆشی،
گڕی لە بخورەکانی (نیو دەلهی) بەردابوو
نیوەڕۆش لە مەگدۆنالدێگی (مەشیگان)

نانێکی خێرای خواردبوو،
ئێوارەش بیرەیەکی (فرانکفۆرت).
ئێستاش وا لێرە،
لە ژێر دارگوێزێکی (هەورەمان)
فەریکە گوێز دەخوات.
ئەو کەسە،
پێش ئەوەی گلۆڵەی گلۆبۆڵیزم بیهێنتە ئێرە،
گڕی لە شەهوەتی دارستانێکی (ئوسترالیای) بەردابوو
پرسەی مردنی،
بۆ رۆژهەڵاتییەکان جێ هێشتبوو
کورسییەکی لە مایکرۆسۆفت،
بۆ منداڵەکانی (قەندەهار) دروست کردبوو.
ئەو کەسە،
رۆژانە راهێنان لەسەر تێکدانی لەشی دەکات
مەشق لەسەر تێکدانی یاری منداڵان دەکات
ئەو کەسە،
رۆژێ چرایەک دەکوژێنێتەوە
ئەو کەسە،
پێش ئەوەی گەردەلوولی گلۆبۆڵیزم هەڵ بکات،
لێرە بوو،
کەسێک بوو لە رۆیشتن
پێش خوداوەندیش دەکەوت،
خوداوەندیش،
قایمتر قاچی دەخستە سەر قاچەکانم
شەرمم دەکرد بلێم خوداوەند،
بە یارمەتیت قاچت هەڵگرە

ئازارەکانی قاچم،
نێوان من و خوداوەندیان خراپ کرد.
نێوان من و سەبریان خۆش کرد.
یەکەم جاربوو،
خەونێکی وا لە ناو لەپی گەڵادا ببینم.
تەیرەکان بەرەو ڕۆژهەڵات دەفڕین،
ئاسمان ون بوو،
فریانەکەوتم،
نامەیەک بەڕەنگی تاراوگە،
بۆ ماڵەوە بنێرم.
پەنجەرەی ئەپارتمانەکەم،
لەسەر شەپۆلە بێ هیواکانی،
زەریای ئەتلەسی داخست.
پایزیش کاتی نەبوو،
بۆ خڕکردنەوەی گەڵا وشک بای وەریو
ژنەکانی قەراغ زەریاش،
تاقەتیان نەبوو،
زەریا بخەنە ناو خۆیان
پایز جاران،
بەڕێزەوە سروشتی تەسلیم بە زستان دەکرد
جێگای ئەو کەسانەشی دەکردەوە،
کە شەو،
ژوورێکیان،
لە ئوتێلێک،
دە ست نەدەکەوت
چاوەڕوان بووم

چی تر خوداوەند،
قاچی گەورەی نەخاتە سەر قاچی بچووکم
شەرمم دەکرد
بڵێمە خوداوەندەکان،
قاچی گەورەتان،
لەسەر قاچی بچووکم هەڵگرن.

٢٠٠٦

# یادەوەری کەسێکی بەر با

٢٠٠٣

## یادەوەری کەسێکی بەر با

گەر دەتانەوێ منتان هەمیشە لە یاد بێت،
بە هەر ڕێگایەکدا ڕۆیشتن،
دارێک بڕوێنن.
بە هەر شارێکدا ڕەت بوون،
بڕۆنە نزیکترین پۆستەخانە
و نامەیەکم بۆ بنێرن،
گەر دەتانەوێ منتان هەمیشە لە یاد بێت،
ئاوتان لە هەر کانییەک خواردەوە،
ئەو بەردەی بەتەمانە فڕێیدەنە ناوی،
بیخەنە سەر چیلەی،
ئەگەر دەتانەوێ،
منتان هەمیشە لە یاد بێت،
بۆ گێڕانەوەی تەرمی گۆڕ غەریبەکان،
مۆر کەن
گەر دەتانەوێ منتان لە بیر نەچێتەوە،
تەنیا جارێک،
بڕۆنەوە ئەو گوندانەی،
جارێک بەر ڕەشەبا کەوتن و،
جارێکیش بەر شالاوی جینۆساید،
گەر دەتانەوێ هەمیشە لە یادم بن،
نامەی کەوتووی سەر شەقامەکان هەڵگرنەوە،
بڕۆنە کتێبخانەی گشتیی هەولێر،

و درەنگ بڕۆنەوە.
گەر دەتانەوێ هەمیشە لە یادتان بم،
هەر کامتان چوونە چایخانەی مەچکۆ،
چایێکی زیاد داوا بکەن و
قسەکانتان درێژە پێ بدەن.
گەر حەزتان کرد تەنیا نەبم،
بڕۆنە لای ئاشتی،
قورسایی مەخەنە سەر سەبەتە ترێ،
هەنارەکانی (نازەنین) بەتوندی مەگوشن.
گەر دەتانەوێ منیش،
لە تاراوگە،
هەمیشە ئێوەم لە یاد بێت،
لەگەڵ نیشتنەوە،
و فڕینەوەی تەیرەکان بەسەبر بن.
تەنیا شەوێک،
ئەرز دۆشەکێکی ئازادتان بێت
و ئاسمانیش،
لێفەیەکی پڕ لە گوڵی هەوەس.
گەر دەتانەوێ،
منتان هەمیشە لە یاد بێت،
بەپلیکانەی عیرفاندا سەرکەون،
ئێواران لە قۆنگرە(*) بارە گیا بێنن
بۆ داپۆشینی روحم.
گەردەتانەوێ منتان لە بیر بێت،
تەنیا جارێک،
سەر لەو کەسەی بەر(با) خوارکەنەوە.

---

(*) ناوی پارچە زەوییەکی باوکی شاعیرە لە گوندەکەیان

# بەیانییێکی خراپ

نامەکەم،
پێش مردنی هاورێکەم گەیشتبوو،
بەیانییەکی خراپ بوو،
خۆر وەک رۆژان،
بەرووتی نەهاتە ژوورەکەم
با وەک جاران،
لای نەدایە لای شەوبۆیەکی گۆشەی
باخچەکەمان،
و کەمێک لە قەدیا بخەوێ.
بەیانییەکی خراپ بوو،
خەونێکی داگیرکراوم لای باران
دوای ئازدبوونیشی،
نەهاتە چایخانە و لەگەڵما زیندەگی بنوێنێ
بەیانییەکی خراپ بوو،
هەر دەتگوت تەونی جاڵجاڵۆکەیە و،
لە ئەنفال جێماوە!
بەیانییەکی ناخۆش بوو،
قاوەکەم پێ تەواو نەکرا
سیگارەکەم پێ نەکێشرا
بەیانییەکە هەردەتگوت بۆ بردنی،
مەرگێک هاتووە و چی تر نا.

هەر دەتگوت هاتووە،
بێ تاقەتی بخاتە باخەڵمان و بڕوات.
ئەم بەیانییە،
نەمتوانی تەماشای بەربوونەوەی کەس بکەم
بەیانییەکی خراپ بوو،
بێ راهێنان لەسەر دەست لێک بەردان،
بێ رازی بوون بە رووخانی خۆی
بێ دڵنیایی،
لە جیاتی (نان) مردنی بە کۆڵانەکاندا دەگێڕا
بەیانییەکی خراپ بوو،
منداڵەکان،
فریای کۆکردنەوەی هێلکەی،
بن دیوارەکان نەکەوتن.
گیا کەشخەی جارانی پێ لێ نەدرا
(تارا) گوڵێکی سووری پێ نەدرایە،
دۆستەکەی،
فریای ئارایشتکردنی زیپکەکانی رووی
نەکەوت،
زیندەگی لە بیر دەرنەهێنا
خۆی بۆ ئاهەنگی ساڵڕۆژی لەدایکبوونی،
پێ رێک نەخرا.
پەپوولەکانی سەرکراسی (تارا)،
فڕینەوە دەربەند
رەنگەکان چوونەوە تاریکی
راستییەکان بوونەوە وەهم
بەیانییەکی خراپ بوو،

هەوێردەکان،
لە خەو هەڵنەستان
ئاوفرۆشێک،
نەهاتە سەر شەقام و
پەرداخێک ئاوی لێ بکڕم
بەیانییەکی خراپ بوو،
سروە،
بۆنی بن باخەڵی ژنێکی نەهێنایە دواوەی (پاس)
شتێک ڕەنگی بەیانی نەگرت
زۆر سەیر بوو،
هەر دەتگوت دنیا کاول دەبێت
نەمزانی بەیانییەکە بۆ خۆی وابوو
یا بەختی من بوو،
وا بە خەمباری بێتە بەرچاو!
بەیانییەکی خراپ بوو،
یەکەم جار بوو،
دەستم قەڵەم نەگرێ،
ئاگرم پێ نەکرێتەوە
ددانەکانم پێ نەشۆرێ،
فریا نەکەوم،
بەیانی باش لە کەس بکەم
فریا نەکەوم،
ڕێحانە میراتییەکانی دایکم،
ئاو دەم
شوێنی ئینجانەکان بگۆڕم
فریا نەکەوم،

به خەونی دوێنێ شەومدا بچمەوە
فریا نەکەوم،
لاپەڕەی ڕۆژژمێرەکەم ئاودیو کەم
فریا نەکەوم،
قەڵقەڵاشکە پاییزییەکان لە ریشم بکەمەوە
فریا نەکەوم،
منداڵیم بخەمە ناو جانتا و بیهێنمە
(کەنەدا)
تا لە تەنیایی ئێواران پیاسەیەکم لەگەڵ بکات.
فریا نەکەوم،
پێت بڵێم با ئەو بەیانییە پێکەوە بمرین!
لە ژێر ئەو پردە بمرین،
کە دەمانباتەوە ئەوێندەر،
بۆ سەیرکردنی هەنارێک،
کە پڕە لە بەڕەڵابوون
پڕە لەو تەیرانەی لایان ئاسانە،
زەریای ئەتڵەسی ببڕن
ئەو بەیانییە،
تەنیا مردن بە قەبارەی خۆی دیاربوو
ئەو بەیانییە،
ڕەزەکان ڕەوشن نەبوون
وەک جاران.
ئەو بەیانییە،
مەمکی (تارا)
و
شەڕابەکەی

من
نەگەیین!
لە ژیانمدا،
بەیانی وا خراپم نەبینیبوو،
بێ پێشەکی،
بێ ئاوڕدانەوە لە بەختی بەفیڕۆچووی
(تارا)
و
بە جێهێشتنی ئاوابوون
بڕوات
و
بڵێ:
"ئەو بەیانییە بۆ هەمووان خراپ نەبوو."

## تازە درەنگە بۆ سەیرکردنی خۆرئاوان

لە پاقژگەڕا
من
و
مردن
بە یەک گۆچان چووینەوە
دوای ئێمەش،
خەون،
هاتەوە بۆ خەڵەتاندن
گەنم،
ئارەزووی جوانتر کرد
ماچ،
لە دەم ڕێگاکان روان.
دەریاش،
بە ئەسپایی چووەوە ناو گۆزە.
لە پاقژگە،
ئاسمان چەترە و
زەوی میهرەبان.
لە پاقژگە،
دارکەرەکان،
ئێواران زوو دەگەڕێنەوە
جوانی،

(خشوونەتی) خۆی دەشارێتەوە
شەو،
خەونەکان نائومێدن
کۆترەکان،
ناگەڕێنەوە تاق و پەنجەران
تازە درەنگە،
بۆ سەیرکردنی خۆرئاوان.
درەنگە بۆ،
خیوەت هەڵدان.
درەنگە بۆ،
چاوەڕوانی گەڕانەوەی،
دیلەکانی شەڕ
درەنگە بۆ،
چوونەوە شاخ
درەنگە بۆ،
مردنێکی تری بە کۆمەڵ.
لە شیعر دوورین،
لە لۆژیکی شمشێر نزیکین.
مرۆڤ بێ هزرە
ناتوانێ گۆشەگیر بێت
ناشتوانێ ئاژەڵێکی ئارامی کۆمەڵایەتی بێت
مرۆڤ هزری ون کردووە
لە تەقەی ناوەختدا،
دەستی لە خوێنڕشتن بڵاوە
خوێنەکانیش،
خۆماڵی و هەژارن

مرۆڤ بێ هزر بوو،
مەمکی دایکی و سێوەکانی،
بە لێکراوەیی بەجێ هێشت.
پەژمووردە بوو،
(شەهوەتی) پێخاوسی پایز.
من
و
براکەمی لێک کرد
پێڵاو
و
پێ،
پەیوەندییان نەما.
خونچەکان،
چوونەوە خەڵوەت
گوڵ،
لە ڕێی خۆپشیاندادا مرد.
باران و ماچەکان
لە دەم ڕێگاکان مانەوە.
گۆمی (وان)،
چووە گۆشەگیری
گۆزەکان
ماسییەکان
بۆنی مرۆڤیان بەر نەدەدا
مەستی ڕێگای لە با دەگرت
بەهار،
جوانی خۆی نەدەگێڕا

مرۆڤ،
بێ هزره
دەستی لە خوێن ڕشتن بڵاوە
خوێنەکانیش،
خۆماڵی و هەژارن
شەهوەتی پایز،
مۆڵەتی نەدام
وەک ئەو خۆم ڕووت بکەمەوە
مۆڵەتی نەدام،
بۆیە ئەمشەو
لەگەڵ سەرما و
برسیەتی
و
شەڕ
و
سەگەکان
ماینەوە.
لە گۆمی لای پردی سوور،
خۆر،
بێ ئەندازە مەزەدار بوو
کەمێک لای دا و ڕۆیشت
ئاسمان،
بۆ میهری جارانی
و
سروشت بۆ دایکایەتی
لێرە نەبوون

ئەستێرەکان
چەمی شەوانی منداڵی ئاسمانن
موسیقایان لە جاران روونتر بوو،
بەنەرمی تێکەڵمان دەبوون.
(عەدەم)
لە شەهوەت جوانتر دەڕوێ.
ئەم ئێوارەیەش،
من
و
شەڕ
و
مردن
بەیەک گۆچان چووینەوە.
نهێنییەکان،
چوونەوە گوێی شەیتانۆکە.
کۆترەکان،
چوونەوە تاق و پەنجەرەی کۆشکەکان.
شوان،
شمشاڵ لێدانیان بیر چووەوە
ئێمەش لە نزیکترین بازاڕ
منداڵیی خۆمان
بە سەر پیریدا دابەش کرد.
ژیانیش،
وەک پەندێکی شاراوەیە نەما
ئێوارەش
من

و
شەڕ
و
برسییەتی
و
سەرما
ماینەوە.
جەنگاوەرەکانیش
مۆڵەتیان تەواو بوو
هەریەکەو بە ڕێگایەک
گەڕانەوە شەڕ.
مرۆڤ بێ هزر بوو
کەس لەگەڵیا نەدەچووەوە ئاڵوودەبوونەوە
ئەم ئێوارەش
من
و
سەرما
و
شەڕ
و
برسییەتی
و
سەگەکان
ماینەوە،
ئەوانی تریش
بە ئەسپایی،

خۆیان بۆ مردن جوان دەکرد
بەرهەمی پەرستگا
مانگی هەنگوینی دڵدارەکان
لە ڕەوەزان عاسێتر بوون
منیش زوو یارییەکەم دۆڕاند
ئێوارەش
لەگەڵ برای گەورەم (مردن)
بەیەک گۆچان،
چووینەوە لەیادچوونەوە
شمشاڵیش شوانی نەورووژاند
چەکدارەکان
لە نزیکترین شەڕگەدا
شەڕیان دۆڕاند
لە گۆمی لای پردی سوور
مانگ بێ ئەندازە مەزەدار بوو
کەمێک مایەوە و ڕۆیشت
ئاسمان بێ میهر مایەوە
ئەستێرەکان
بێستانی بەردراوی خودا بوون
پەپوولەکان
لەگەڵ مردن جووت بوون
ئێمەش کاتمان نەمابوو،
سەیری خۆرئاوا بکەین
مرۆڤ بێ هزرە
خوێنەکان
گەرمتر

و
ساکارتر لە جاران
دەڕژان.
مرۆڤ،
هزری لێ ون بووە
بە مێشکی ناکەوێتەوە
و هەمیشە خۆی بۆ مردن کۆک دەکات
ڕەنووی زستانی سیاسەتیش،
تاتە شۆری لە مێکووکانی لەگەڵ خۆی هێنا
شیعر دز،
پاش باران مایەوە
ئەمجارە (پاڵەوانی)ی ناو چیرۆکە ئەفسانەیییەکان،
نەهاتەوە!
خاوەر،
پەنجەی بچووکی لە دەمی دێوی،
ئەشکەوت بەجێما
لەگەڵ ئاگر دز،
بە یەک گۆچان چوونەوە.
پەنجەکان شاش بوون
سێوەکان بەربوونەوە
تەونی جاڵجاڵۆکەش،
پاشماوەی گوندە ئەنفال کراوەکانیان داپۆشت
مرۆڤ بێ هزرە،
لەگەڵ تفەنگ ڕێ دەکات
تاتەشۆری سەفەری،
لە شوانەکان دەخوازێتەوە

فریا،
فریا،
فریا،
له باخچەی گشتیدا،
مەست بوو
خەیاڵیش،
پێش مەرگ،
لەگەڵ لۆژیکی شمشێردا کاڵ بووبوەوە
منی باکووری ئاوەکان
بەیانیم له قوڕگی شێر دەرهێنا و
سێو ریزپەڕ بوو،
له چۆلییان.
نەزانی
هۆشی بردە مۆڵەتێکی هەمیشەیی
ئەتۆم،
له ئاسۆ دیارە
گیای،
بن مەمکان وشک بوون
خەردەڵ،
بەیانی باش
و
ئێوارە باشی لێ کردین
سێو،
ریزپەڕ بوو
ئێستا دوا گەڵای ماوە.
مێرگەکان،

یەک دوای یەک لەناو چوون
شۆڕشەکان،
یەک دوای دوای یەک،
تەسلیمی قەدەر بوون
گوڵم ئاوی بوو،
نەما
گوڵم بایی بوو،
نەما
گوڵم خاکی بوو،
نەما
گوڵم ئاگری بوو،
نەما
زەوی (عومەری خاوەر)ی جێهێشت
ئێمەی (داشیش)،
شێوەمان لە رۆژئاوا خواستەوە
مانگ،
شەوێکی دی نەهاتەوە سەر بان
و
بەر پەنجەران
گۆچان پیری جێهێشت
ئەمشەویش،
شەڕ
و برسییەتی
سەرما
و
سەگەکان

لە شەقام دەمینێیینەوە و
ئێوەش خواتان لەگەڵ!

١٩٩٦

# دوا پەنا

لە سێبەری پەنا ئێوارەیەکرا،
لە وێندەر،
دەمێک بوو،
تاریک و روون مەراقی گەیین بوو،
دەمێک بوو،
هزرمان فڕی بووەوە لای نیشتمان
دەمێک بوو،
ئاسمان،
مەودایەکی تەسک بوو بۆ فڕین.
دەمێک بوو،
ئەو شتانەی بە رۆژ دەمان بینین،
بە شەو هەر دەتگوت نەمان بینیون.
دەمێک بوو،
یادەوەرییەکان،
بیریان چووبووەوە،
وشەکان بخەنەوە شوێنی جوانی خۆیان
دەمێک بوو،
تاراوگەییەکان هێزیان نەبوو،
تەماشایان بگێڕنەوە لای نیشتمان،
لە وێندەر،
دەتوانین بە ئاسانی بچینەوە،

گەڕەکی ئەستێران،
لە وێندەر،
ژیان بە ساکاری دەگەڕێتەوە ماڵ.
قۆڵتاوەکان،
دەبنە مەمکی چرچبووی بنارەکان.
لە وێندەر بوو،
شەرمم لەپشت چارۆگەی دایکم و
خەمیشم،
لە پشت قۆمەتە خۆڵەکان جێهێشت
ئەو کات،
زۆر شتم دۆڕاند
ئەو کات،
زۆر شتم بردەوە
ئەو کات،
باوکم،
ئەو مەسینە ئاوەی بردبووی بۆ ئاودانی،
باخچەکەی دایکم.
لە پشت مالآن،
لێی رژا،
باوکم،
پێش ئەوەی بمرێت،
کۆلارەیەکی لە هەست بۆ دروست کردم
و ناردییە لای تەمبوور لێدەرەکانی ئاگری
لە وێندەرێ،
تەمبوورەکان بە ساکاری لێ دەدەن
مرۆڤەکان،

بە ساکاری دێنە ناو دڵان.
ئەو شەو بوو،
ئەو بەڵێنەی بە خودامان دابوو،
بردمانە ژێر گڵ،
ئەو شەو بوو،
جێگای خەیاڵمان کردەوە.
ئەو شەو بوو،
مەستی دەریامان،
گێڕایەوە ناو گۆزەکان
ئەو شەو بوو،
بۆ دەورکردنەوەی عیرفان چوومەوە بەیانی
ئەو شەو بوو،
خەونم بە رۆژێکی هەتاو،
لە بەفرانبار،
دەبینی.
ئەو شەو بوو،
لەگەڵ ئاشتی،
گەڕاینەوە ناو تریفەی
رژاوی مانگ لە (سکتان)
بۆ بەیانی،
خۆرهەڵاتمان بۆ رۆژێکی سارد جێ هێشت.
بۆ ئەوەی،
شەهید بەتەنیا نەنێژرێ
هەستمان لەگەڵیدا ناشت.
ئێوارەیەکی درەنگ بوو
لە (ئاوەگرد) بووین،

تیشکی خۆر،
لە دەوروبەری گۆڕی شەهیدێک وەستابوو.
ڕێحانەکانی دایکم بە پێوە بوون،
قامەتیان ئێوارەی تێ دەپەڕاند.
ئەو ئێوارەیە بوو،
خڕخاڵە بەجێماوەکانی،
ژنە ئەنفال کراوەکانی گەرمیان
بوونە کۆمەڵێک مانگی بریندار،
گیربوون لە ئاسمانی بیابان.
ڕەزەکان بە سیسی مانەوە.
شەوقمان گەشتر بوو بۆ سەفەر.
کچەکان فریا نەکەوتن،
شەرمیان لەسەر رستەی (با) هەڵخەن
دوا پەیژەی مانایان بەجێ هێشت
هێشتا،
کەس نهێنییەکانی پەنهان نەدابوو
هێشتا،
بانگ لە کودیلەدا بوو
سپێدە خەواڵوو بوو
باران،
بە ئاسانی نەدەناسرایەوە
بە سەر گوڵەکاندا دەباری
(با)ش،
بەردەوام بوو لەهێنانی حەسرەتەکان
شاعیرێک دیار نەبوو،
و بەجوانی بسووتێ

یادەوەرییەکانم،
ماوەیەک لە خانیچۆلەیەکی منداڵیم
جێ هێشت،
ئەنفال،
پێشتر هات،
هەنگاوەکانی تێک ئاڵاندم
خونچەی خەیاڵی منداڵیم،
جارێکی تر نەکرایەوە
ژنەکەم پێشتر،
(بووکە شووشەکەی) لە بۆردوومان
شاردبووەوە،
چەندەی کرد،
بەشوێنەکەی نەکەوتەوە.
بەهاریش، کردبووی بە خوویێکی پووچ
ئەم ناوەی پشتگوێ دەخست.
لە رێبەندان،
لە پەنا خەونێکدا،
پێکەوە ئاگرمان کردەوە
لە شاعیرێک دەگەڕام،
پێش من منداڵی خۆی دۆزیبێتەوە
دەمزانی خەیاڵم بەرەو ژوورەوەیە،
ئێوارەش،
بەردەوام بوو لە هێنانی،
حەسرەتەکان.
شوێنێکی ئارام نەبوو،
بۆ تەماشا

بۆ کردنەوەی خونچەی خەیاڵم
پێش مردن،
لەگەڵ ئاشتی پێکەوە،
چووینەوە لای ئەو بەلەمەی،
هێشتا راوی پێ نەکرابوو.
سەردەمێکی تر بوو
نەدەکرا ئەنفال لە کونی دیوار،
بشارنەوە
لە کاتی ئەنفالەوە،
پەڕەسێلکە درەنگ،
مژدەی بەهار دێنێتە ژوورەوە،
منیش فریا نەکەوتم،
پێش ئەوەی بڕۆم
هەستمتان بۆ جێ بێڵم.
سیاسەتیش،
تا کێشتەنگاوێک،
سەری بۆ شیعر شۆڕ بکات.
شەڕ،
زۆر بە پەلە هات،
فریا نەکەوتبوو،
هەموو کەرستەکانی لەگەڵ خۆی بێنێ
باڵی هەڵۆ بە سەریانەوە بوو
شەڕ،
خەونی گەنجەکانی،
لە بالکۆنێ ئاگربەستێک داگیر کرد.
خوداوەندیش،

چیتر باخەوانی باخەکەی خۆی پێ نەکرا،
و بەری دا.
منیش بە ناو بێ ئومێدی و
باخی بەر درای خوداوەند،
گەڕامەوە ئەو دەمانەی،
شیری دایکم،
هەمووی بۆ من بوو
زۆر کەس وایان هەست دەکرد
زۆریان ماوە بۆ مردن
لە وێندەرا،
چووینەوە یەکەمین هەنگاوی رزگاربوون
چووینەوە لای بیرەکانی نەنکم،
ئاو هەڵێنجین.
هێندەی نەبرد،
مانگ،
بەپێ خواسی هاتە خوارەوە و
بووە خیوەتی منداڵەکان.
میوەش تێکەڵ بە شیعر بووەوە
ئەو کات،
شەڕ،
وا ناوبانگی لەم ناوەدا پەیدا نەکردبوو
هێشتا ئاگری نەگەیشتبووە،
سووسکە و هەوێردەی چۆلییان،
هیشتا شارەزای،
هەموو بەر دەرگاکان نەبووبوو
هێشتا گیایەکان،

لە پەنا بەردەکان،
تا هاوینێکی درەنگ دەمانەوە
ئاسمان،
وا تەنگ نەبووبوو،
بۆ خەیاڵکردن.
خۆریش،
وا شەرمن نەبووبوو
خۆی لە پەنا درەختەکان بشارێتەوە
منیش وا درەنگم بەسەردا نەهاتبوو،
بۆ ماڵینی بەفری سەر ریشم،
بۆچوونەوە خزمەت غوربەت.
حەیرانی چ مەستێک بووی!
چۆن ئەم ژیانەت تەواو کرد؟
ئەم ئێوارەیە بوو،
چووینەوە لای کارمامزەکانی قەرەچووغ
پێش بە عەرەبکردنیان.
کەروێشکەکانی گەرمیان پێش،
ئەنفال.
هەمان رۆژ بوو،
لە پەنا تاراوگەکەمرا،
چوومەوە ئەو دەمانەی،
هەمیشە بەپێکی زانیاری،
مەست دەبووم.
خەونەکانم،
لە سێبەران بڵاوەیان لێ کرد
شتێک نەمابوو تێکەڵ بە حەق و جوانی بێت.

چووینەوە ناو چڵی براوی ئەو درەختانەی،
ئوتۆمبێلمان بوون
بۆ چوونەوە گەڕەکی منداڵی
لە وێندەرڕا،
چووینەوە ئەو دەمانەی،
بە پێکی زانیاری مەست دەبووین
لە وێندەرڕا،
گەڕاینەوە،
ئەو دەمانەی باخی خودا هێشتا،
خەیاڵی خۆش دەکرد.
ماری قەڵەم،
ئاڵۆزکاوەتە دارگوێزی وشەم،
تا ئێستا بەری نەداوە.
بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی،
ڕاگرتنی بەزمی سۆز،
زۆرە.
خوداش لە وێندەر،
هێشتا میهری خۆی پێ نەناساندووین
لە وێندەر،
پەیژەیەکی زۆر هەیە،
بۆ سەرکەوتەنە سەربانی جوانی،
بۆ کەمکردنەوەی لاوازی ژیان
شەوقمان دایەوە شۆڕش
کە ڕێبەندان ڕۆیشت
لە باخان،
گوڵم نەمابوو.

پلیکانەیەک دوور بووم لە رووخان
لە گەیشتن بە خوداوەند.
ئەو کات،
هێشتا درەختی رامانی (سوکرات)،
باڵندەی بە سەرەوە بوو،
خۆمان دایەوە دەست قەدەر،
بەناو ئەو قەڵەباڵغییەی،
کەوتنی خۆی قبووڵە،
تێپەڕین.
خۆر لەسەر عەرشی ئازادی دانیشت.
قبووڵم نەبوو،
لە بێ ئاگاییدا بمرم،
قبووڵم بوو،
گەنمی رژاوی جۆخینی مانگ هەڵگرمەوە
لەم لاشەوە،
شاعیری داڵغەچی
پێش کولیکە نیسان دەمرد،
(با) لەگەڵ یەکەمین هەڵکردنیدا،
داڵغەی شاعیری بردبووەوە،
من هێشتا لە پێشوازی هەڵهاتنی خۆردا بووم،
چوارچێوەی (ریالیستی) کفنی باراناویم دەناسییەوە
خەیاڵ،
لەگەڵ (گازی خەردەل) سووتا
باوەشی زیندەگی (عومەرخاوەر) کۆن نابێ،
بۆ گێڕانەوەی غەدر،
شاعیری داڵغەچیش،

وەک هەمووان،
هیچی بۆ دواخستنی مەرگ،
پێ نەکرا.
زانیارەکانمان لە ناو پەلکەزێڕینە شاردەوە
دڵمان خۆش بوو.
هێشتا روومان،
رەنگی بۆری سیاسەتی نەگرتبوو
هێشتا خەیاڵم خۆی رێک دەخست،
تا لەگەڵ شیعرێکی نوێدا بڕوات
هێشتا سروە،
لە جەزیرە و بۆتانەوە
بۆنی گوڵەکانی قەراغ (وانی) دەهێنا
هێشتا،
رەزممان لە سروشت نە خواستبووەوە
هێشتا،
بە ئاسانی ئەستێرەکانمان دەناسییەوە
هێشتا خەیاڵ،
ناوە ناوە هەندێک شتی بۆ دەناردین
هێشتا،
شەڕی براکوژی،
بەرەو دوورترین تاراوگەی
نەناردبووم،
هێشتا،
باوکم نەمردبوو،
باوکم سەیر بوو،
لە دەفتەر رەسمەکەم

وێنەیەکی زۆر جوانی بۆ ڕەسم کردبووم
باوکم سەیربوو،
هەردەتگوت هونەرمەندە
خودا پشکێک لە بەهرەی خۆی پێ داوە،
لەم ساتەوە زانیم خودا
خودای شتە بچووکەکانیشە.
باوکم کە هاتبووە شار،
کانی پیاوانی کردبووە ناو مەتارەکەی و،
هێنابوویە شار.
باوکم بەخۆی و مەتارەکەی شانی،
هەر دەتگوت
دەریاوانە،
بەیانییان،
بە کاسکێتێکی ئاوی دەهات
ڕۆژیش لە نزیکمان،
کەشخەی بە بەرزی خۆی لێ دەدا.
گۆرانییەکان بە کاڵی،
شەقامەکان بە دوودڵی
نەیانتوانی ڕەونەق بدەنەوە شۆڕش.
ئەم ئێوارەیە،
مەست بووم،
تەماشام،
لە دەرەوەی خۆم،
پیاسەی دەکرد.
هەموومان لەلای دەروونی عاشقێکی نائومێد،
هیچ بووین.

سندووقی پەندە زێڕینەکانمان،
دەمێک بوو شکابوو.
دەشتودەر بێ خاوەن بوو.
(با)ش
لە هێنانی حەسرەتەکان بەردەوام بوو.
پەندێک،
لە هزرێک
یادێک،
لە خەیاڵێک
گیر نەدەبوون.
لە نیوەی رێگا بووین،
بێ پەند و،
و بێ یادەوەری ماینەوە.
کەسیش باسی نەخۆشییە شاراوەکانی،
سەرکردەکانی نەدەکرد.
لەوێوە تا ئێرە،
ماڵە و ماڵ
چرا دانرابوون،
ئەسپەکان خورت بوون،
و بەتوندی غاریان دەدا.
رەزمی غارغارێنیان زۆر رەند بوو،
رێگاکان،
لەگەڵیان رەند بووبوون.
گەورەکان،
بە غاردان چوونەوە ماڵ
وێنەی چ بکێشم

نەمتوانی ئازارەکانم،
لەم دیوی غار غارێنی ئەسپەکان
جێ بێلم.
باوەشێک گیا،
و خۆشەویستییەکی رووکەش،
زۆریان دواخستم
وێنەی چ بکێشم!
سازەکان،
ئاوازیان پێچایەوە ئاسمان.
وێنەی چ بکێشم!
جووتیارەکانی چقوور ئاوا،
پێش ناشتنی،
قۆزاخەکانی پەمۆ،
چوونەوە کوێلەتی.
رۆژهەڵاتی بووم لە ئەوین.
(با)ش،
هەمیشە هێرشەکانی ژیانی دەشکاند.
هێرشەکانی جوانیش،
منیان دەشکاند.
لە بارانبارینیدا پەرش و بڵاو نەبووم،
هەمیشە بێ گرفت،
بە ناو خەیاڵیدا رەت دەبووی،
بەفری چیاکان،
گۆرانییەکی خەمبار بوو.
لەوێشەوە،
گوێم لە ترپەی ئاوی بەربووەوەی شاخ بوو

هەر دەتگوت دەریاچە بوو،
گیای هاوین،
گەشبینی پێ دەدام.
لەوێندەر،
هەنگاوی رێبوارەکان،
ماندوو بوون
لە نشوستییەکان بە ئاگام،
لە نهێنی نوێژەکان،
ئاگام لە تەسلیمبوونی هەست دەگرت،
بێ گرفت
ئا لەوێ،
باڵندەیەک،
فریوی نە خوارد.
بۆقێک،
قیرەی خۆی هەرزانفرۆش نەکرد.
نەمبینی (با)،
ئاوسکردنی دارێک فەرامۆش کات.
رووبارێک،
پێش بەرێکردنی شەپۆلەکانی،
بوەستێ
نەمبینی،
کچی کازیوە،
بە ئاسانی خۆی تەسلیمی بەیانی کات،
یان هەنجیرێک،
بە تای گەیینی بمرێت.
لێرە،

منداڵیم وەک کاریلە،
دەچێتەوە ناو کۆڵانەکانی خەیاڵم.
دەچێتەوە ناو تەماشای ئاگری ئەشقیایان،
لە چیاکان.
ئێستا دەزانم،
کوردەکان،
چۆن لە دەریای (ئیجە)دا دەخنکێن.
دەزانم،
چۆن بەختمان ماڵە و ماڵ دەکات،
بۆ گەیشتن بە مەبەست.
ئێستاکە،
زەینم زۆر تیژە
دەزانم،
بای ئەجەل کەی هەڵدەکات
تەیر کەی دەخەوێ
کەس دوودڵ نەبوو،
لە کردنەوەی پەنجەرەی ژیان بۆ گزنگ
کەس دوودڵ نەبوو،
لە وەی ماڵەکەی،
گۆمێک بێت لە ئەوین
کەس دوودڵ نەبوو
لە گێڕانەوەی خەیاڵ بۆ شەو
لە پێکردنی چرای پایز
پێش خۆر ئاوابوون
کەس دوودڵ نەبوو،
لە دروستکردنی جۆلانە لە گوڵ بۆ ئازار،

بۆیە منیش،
بێ ئاوڕدانەوە هاتوومەتەوە لای گوندی
ئەنفالکراو،
تەیری باڵکراو،
هاتووم،
تا کەمێک گزنگم لێ دیار بێت
رازی بووم،
رێگاکان،
کەمێک لادەنە لای هزر،
کەمێکیش لوتفیان بۆ شیعر بمێنێ
مردنی شتێکە،
ناتوانی بیخەیتە ئەملاوە.
بەهار،
بە شەوقەوە دەهات.
منیش لەگەڵیا دەڕۆیشتم،
تا ئەو شوێنەی ژیان رەگی دەگەیشتەوە
ئاو.
پێشتریش دەمزانی،
ئاوی تاراوگە،
ناگاتە باخچەی بچووکی دایکم،
لە پشت ماڵان.
لێرە،
هەموویان هەوڵ دەدەن،
خۆیان لە رەهەندی شیعر لابدەن.
کەس دوودڵ نەبوو،
هەستی لەگەڵ هەوردا بڕوات.

کەس دوودڵ نەبوو،
لە گەڕانەوە بۆ پێخەفی ئازادی
لە گرتنەباوەشی خاک پێش مردن.
کەس دوودڵ نەبوو،
لە سەیرکردنی بێهوودەی شەونم
لەسەر پەلکە گیا.
ئەم ئێوارەیە،
وێنەی هیچم پێ نەکێشرا.
قەڵەمەکەم هەمیشە رووی لە چاکە بووە.
یەکەمین جار بوو،
نەزانم بەرەو کوێ دەڕۆم.
هێشتا،
پەیوەندی نێوان (با) و تەنیایی خۆش بوو.
هێشتا،
هزر ئاگری دەکردەوە.
هێشتا،
لە ناشتنی (خۆر) و ( شەهید)
بەشدار دەبوو.
باوکیشم،
کاسکێتە سوورەکەی
بە کاسکێتێکی شینی ئاوی گۆڕیبووەوە،
باوکم کە مرد،
کاسکێتەکەی لە سەری بوو،
هەردووکیان پێکەوە چوون،
بۆ ناشتن.
ئەم هاتوچوونە سەری گێژ کردووم

زمانێکی واش نەماوە نوێژی پێ بکەم
درەختێک،
دڵی تەیرێکی پێ راناگیرێ
سێوەکان،
لە دوای بیست و هەشتی هەشتا و هەشتەوە،
بە هیوای پێگەیین دەمرن.
هەنارەکان،
بە لێوی تۆزاوییەوە،
وشک دەبنەوە
پەندی گەڵایەک،
بە درەختێکەوە نەمابوو،
لە کۆڵانەکەی ئەولاتر،
ئامۆژگارییان دەفرۆشت.
سوارێکم بینی دۆڵاودۆڵ دەهات
کەسم نەبینی لە توخمی پایز
ئەوەی دەهات باری خەمی فڕێ دابوو
دەیەویست بە ساکاری بمرێ
ئەوەی دەهات پەلەی بوو،
زوو خۆی بە کۆڵانی سیاسەت بکات
ئەوانی تر،
روحیان سووک بوو،
هەر کاتێک بیانویستبایە،
دەیاندایە شەقەی باڵ
و دەفڕین،
لەوبەریشەوە،
چەمی رزگاری هاژەی دەهات

هەموومان بۆ کەمێک لامان دا لای،
خوداوەندیش شتێکی بۆ نەناردین
بەم شەوە بچینەوە کوێ؟
خەیاڵێکی باشت هەبوو،
شتەکانت زوو بە خاکەوە گرێ دەدا
خەیاڵێکی باشت هەبوو،
بۆ نزیک راگرتنی هەستت و شینایی ئاسمان.
ئەو کات بێ گرفت پێش مریشکەکانی،
بابە حاجی دەخەوتی،
بەیانیانیش،
پێویستیت بە کەس نەبوو،
بانگت کات
گرێ کوێرەی خەونەکانت بکاتەوە،
ئەو کات،
خەیاڵێکی باشم هەبوو،
دەمتوانی،
ماڵەکەم گەرم دابێنم.
دەمتوانی،
(تۆ) بە ئەرزی وەرکەم،
دەمتوانی،
دەستنوێژم بشکێنم
بۆ تەوقەکردن،
لەگەڵ جوانی.
هەستم،
لە پێشوازی،
تەرمی،

خۆر
و
شەهید
دەبووە ئاڵا و هەڵدەکشا.
خەیاڵم،
نزمتر بوو لە گۆڕی شەهید
شاعیر،
چی تر تاکەسواری سەری مەیدانێ نەبوو،
شاعیر،
پیادە بوو،
لە بەردەم خێراییی سروشت،
لە بەردەم فڕین.
جاران خەیاڵی شاعیر،
ساویلکە بوو
لە جامە ئاوێک مەلەی دەکرد
یەکەمین جار بوو،
کەناچە،
ئەوەندە لە ئاسمانی کۆڵانی خەیاڵمدا بمێنێتەوە.
بە تەماشای تەماویم،
و رەنگاڵەی وشەوە
چووبوومە چیا،
بۆ ئەوەی،
گوێ بگرم لە لاوک.
بگەڕێم بە دوای دۆزینەوەی،
هەناسەیەکی جێماو لە ئەنفال،
هەستم وەک جاران،

لەگەڵ شتەکان نەدەورووژا
شەو با،
بۆنی گوڵەکانی باخی شاری دەهێنا،
بەرامبەر بیری درێژی،
عەبدولخالیق وەستام
مەمکی ژنەکان لە سێبەریا،
تایان بەردەدا.
خەڵک دەستە دەستە،
لە قەفەز دەهاتنە دەرەوە،
ئاو دەگەڕایەوە خەونی شەهید،
ئەسپەکان بە غار دەچووەوە (بۆتان)
لێرە،
مردن بە ئەسپەکانیش رزگار نابێت
دڵیشمان ناکرێتەوە،
گەڕامەوە،
پەنا سندووق
پەنا قەڵا
پەنا بەردەکانی شۆڕش
پەنا دەمامک.
هیچیان وەک پەنا چارۆگی دایکم،
پارێزراو نەبوون.
ئەو بەیانییەی ئەشقیاکان
نەهاتنە سەر ئاوە خەمبارەکان
دارکەرەکان، کەمتیار خواردنی
خۆر، لە رۆژان زووتر ئاوابوو.
منیش هیچم لە بارەی گڕی قەدپاڵ و

ئەشقیاکان نەدەزانی
نەمدەزانی،
گوڵەکان کەی هەڵدەوەرن
خەمەکان،
لە کوێوە دێن!
پەیوەندیم بە دەرەوە لاواز بوو
ئێستا،
دانیشتووی گوندێکی گەورەترم
ناتوانم شتەکان
وەکو جاران،
بەباوەش ببەمە سەربانی
بەڵام دەتوانم،
بە ئۆتۆمبێلی منداڵی سەفەر بکەم
گەر گوڵەکان نەخۆشیش بکەون،
دەتوانم بیانبەمە نەخۆشخانە.
ناتوانم،
سەردانی نەورەسەکانی بکەم
ئاورِ لە قیرِەی بۆقەکانی قەراغی بدەمەوە،
کەس ناپرسێ،
بۆ بەیانییەک،
دەنگی کەڵەشێرێک نایەت!
کەس ناپرسێ
بۆچی شەماڵ،
نامەیەکی وڵات ناهێنێ!
کەس ناپرسێ،
بۆچی کۆترێک،

لەسەر دارتووی،
حەوشەی خوێندنگەیەک نانیشێ!
کەس ناپرسێ،
بۆچی نازەنین
نەهاتە ناو یاریکردنی،
ژێر پەلکەزێڕینە.
کەس نەیپرسی،
بۆچی هەرمێکان،
تای گەینیان ناگرن.
نەیانپرسی،
بۆ گۆڕی شەهید
نابووتە!
نەیانپرسی،
کامە خێوەتی زانیارییە؟
پرسیارەکانیان لەسەر شەقامەکان جێ هێشت
سەیر بوون هەر دەتگوت،
بێ زەین.
ئەم ئێوارەیە،
نەمتوانی شتێک بۆ تاراوگە دابین کەم
خەیاڵیشم لای شتە پیرۆزەکان بوو،
ئەوانیش سۆزی جارانیان نەمابوو.
بۆ ئەوانیش زەحمەت بوو،
ڕێگای چوونەوە منداڵیم نیشان دەن
منیش بەم دواییە توانای پەنجەرەکردنەوەم،
نەبوو،
وام لێ هاتووە،

شەوانە نەوێرم ئاو بڕێژم،
لەگەڵ خەیاڵ بۆ ناو لەشی کەسی تر نەڕۆم
ئەمشەو،
مەراقی تەماشاکردنی ئەو ڕێگەیەی،
دەمباتەوە ئەولا،
ئەمشەو،
نەخەوتم.
لەگەڵ سروەی لە وڵات هاتوو،
بەیانیش،
پێکەوە،
ئاونگمان لەسەر پەلکە گیا،
لە خەو هەڵدەستاند،
هزرم دەدرەوشایەوە،
یەکەم جار بوو،
جوانی لە تەماشام بڕوێت.
چاوم لە ژاکانی سروشت و ماتەمینی،
وەرزەکان بێت.
خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم،
بۆ سەفەر،
لەگەڵ هەردوو هاوسێم،
(با) و (چارەنووس)
تا هەرسێکمان پێکەوە بچینە باخەڵی شەپۆلێک
لەوێڕا،
هەمیشە درەختی بەهرەی خۆم ئاو دەدەم،
پێش باڵندەکان،
کۆلارەکەم لە ئاسمان بوو.

لە وێڕا،
خاڵخاڵۆکە،
زۆر لەسەر پەنجەکانم نەمایەوە،
بەرەو لای ماڵی خاڵم،
لە رۆژهەڵات، هەڵفڕی،
شاعیرێک،
لە مێژبوو بە دیار جوانییەوە مردبوو
وڵات،
غەریبتر بوو لە جاران.
بێ سێبەری قاز و قولێنگان مابووەوە
شتێکیش بۆنی گوڵەکانی،
بۆ نەخۆشەکان نەدەبرد
دۆستی نزیکی پەروانە بووین
ئەو کات شیعر،
لە دەنگی (نای) خەمبارتر بوو
لە بیرمە،
بە کراسێکی ئاوی،
لەشێکی کافووری
سەندەڵێک لە مەرجان
مەستی کووپەی دا بە من
شوێن پێی زەریا کەوتن،
گەورەتر بوو،
لە توانای من.
بۆ پەنایەک دەگەڕام،
هێندەی پەنتا چارۆگەی دایکم ئارام،
بۆ شاردنەوەی شەرمی گەورەییم،

بۆ خەوتن لە پشت غەڵبەغەڵبی رەشەبا.
بەیانی نەدابوو،
هەستم کرد بوویمەتە
شاعیرێکی داڵغەچی،
بۆ ئەوەی بەڕاکردن
بەرەو ژیان بچم،
تا تیایدا بمرم.                    ٢٠٠٢ – کەنەدا

# ده شیعری زیرەک

## یەک

هزرمان،
لەسەر کورسی خەوتووە،

## دوو

سێبەری گەڕۆکی باڵندەکانمان دا بە دڕکان..

## سێ

باران،
بە بەردەوامی،
نهێنییەکانی ئاسمان ئاشکرا دەکات،

## چوار

جاڵجاڵۆکە،
تەونیان لەسەر دەرگا،
نیوە رووخاوەکان دەکرد.

## پێنج

تا ئێستا،
بەلەمی ناو جامە ئاوی منداڵیم،
لە شەڕی گەورەبوون پاراستووە.

**شەش**

لەوەتەی هەم،
خەریکی کوژاندنەوەی ئەو گڕەم،
کە لە ژیان بەربووە،

**حەوت**

کە زانیم،
خەونە بەتەرازووی واقع ناکێشرێ،
ماڵم بردەوە گەڕەکی هێماکان.

**هەشت**

پێش ئەوەی لە بەرد فێری تەمەڵی بین،
رابردوومان بە هەوا نووسییەوە.

**نۆ**

لە ناو کتێبەکانی عیرفاندا،
وێنەکان پڕن لە تەماشا.

**دە**

کۆلارە
و
تەیرەکان،
هەیبەتێکی تریان دابۆوە،
بە ئاسمان

# بارانی ڕەحمەت

٢٠٠٢

# شەڕ

شەڕبوو،
یەکەم بەیانی تاڵ کردم،
شەڕبوو،
کتێبەکەی خستمە دەریا،
و کۆمەڵێک مەنفای بۆ جێ هێشتم،
شەڕبوو،
مێژوو و یاری ئێوارانی تێک دام،
شەڕبوو،
خەیاڵمی هەڵوەراند.
شەڕبوو،
شەڕ ناخمی گران کرد.
شەڕبوو،
بێهوودەی کردم،
و گەیاندمییە دووڕیان.

٢

شەڕ تەنیایە،
و ئاکاری لە هەمووماندایە،
شەڕ،
روحێکی دەرچووی نێوان،
بوون و نەبوونە،

شەڕ،
پەتای ئایدۆلۆژیایە،
شەڕ،
تۆمارێکی پڕ لە تاوانە،
نێوانی شەڕێک و شەڕێک،
گوڵێکی ڕەشی نەزۆکە،
نێوان،
ئاگربەست و ئاگربەستێک،
خەونێکی هەڵبزڕکاوە.

٣

لەوەتەی هەم،
دەخرێمە سیمی خاردار،
و دەرگاکانم لە پشتڕا لەسەر دادەخرێن،
لەوەتەی هەم،
لە کۆشی نائارامی ئاگربەست دام،
لەوەتەی هەم،
لەشکرێکی بن دیوارە رووخاوەکانی،
دوای شەڕم،
یان بە ئامرازێکی نوێتر و
خەونێکی نەخۆش،
لە مەیدانی شەڕێکی ترم.

٤

ماندووم،
ماندووی شەڕەکانم،
ئێوارەیەک،

شەڕ تەواو نەبوو،
چەک فڕێدەم،
تەپوتۆزی داوەشێنم،
پشتێندی لێ بکەمەوە،
بە ئەسپایی،
بێ نیگەرانی بخەوم
و بەیانی شەڕ نەکەمەوە.
ماندووم،
ماندووی شەڕەکانم.
شەڕەکانیش بێ سەرکەوتوو،
بێ دۆڕاو،
ماندووم،
لەوەتەی هەم،
لە شەڕێکەوە دەگەڕێمەوە شەڕێکی تر.
١٩٩٣

## مەرحەبا مەنفا

ئاسمان لە تەیران چۆڵ
زەوی لە سواران
لەشکر لەشکرکێشی خۆی دەکرد
ژنەکانی وڵاتم،
بەشێک بوون لە گۆڕستان
کلیلەکان،
ژەهراوی بوون
لە بنارما ژەهر
لە پێخەفما ژەهر
خوێن بە خوێن
خەیاڵ بە خەیاڵ
ژەهراوی بوون،
بچووک بووینەوە بچووک
بچووک هێندەی خۆمان
شووم وەکو کوندەپەپوو
ئاڵۆز،
وەک گوێ شەیتانۆکە
نیشتمانم،
شەرگەیەکی تری رۆژهەڵاتە
بەرێوە لەگەڵیا،
باخچەکان وشکیان کرد

بەڕێوە لەگەڵیدا،
یارییەکان دەستیان پێ کرد
ماڵ دایە ماڵ
وێران بوون
جوانەکان،
خۆیان لە خەرەندان هەڵدێراند
پێشڕەوایەتی چی دەکەیت؟
بەیانی لە خەو هەڵنەستابووی
خەیاڵی شەڕانگێزت،
رژایە سەر پەڕەمووچە و زولفی با
گوڵەکان پیر بوون
دروشمەکان پیر بوون
بورجی کوردان نەهاتەوە.
لەوساوە گوناهەکانت،
پیری رووتاین،
گۆچانێ هەڵیان ناگرێ
لەوساوە،
نشوستییەکانت بەڕێوەن
مەنفایەک بە خۆیان ناگرێ
لەوساوە،
لە ئاوێنە و
ئاواندا،
گوڵی (نەرجسیەت) ئاو دەدەی
لەوساوە،
پەنجەرە لە گزنک دادەخەی و
دەرگا لە شەڕ دەکەیتەوە

لەو ساوە،
سەنگەر دەگۆڕی
گۆڕ هەڵکەن خێرا،
گۆڕێکی گەورەمان بۆ هەڵکەنە.
رۆژهەڵات وا نەبوو،
گەنمان لێ دەچاند
روحمان لێی پەروەردە دەکرد
قەڵا و شوورەمان لە چیایەکان بوو،
رۆژهەڵات وا نەبوو،
قامیش لە شوێنی خۆی،
دەبووە بلوێر.
ئێستا رۆژهەڵات،
زیندانێکی پەڕاوێزی شەڕە،
جانتای داماوی،
پەناهەندانە.
رۆژهەڵات وا نەبوو
لە رۆژهەڵات،
شۆڕشمان کرد
شۆڕشمان تێک دا
لە رۆژهەڵات،
ئاهەنگی بیرەوەری نشوستییەکانمان کردەوە
لە رۆژهەڵات،
(بایە) بۆگەنەکانمان راگرت
ئێوارانیش،
نەگەڕاینەوە شوقەکانمان،
لە مەنفای رۆژئاوا.

کە دەچینە مەنفا،
دوو چاو دڵێک و روحێک
لەگەڵ خۆمان دەبەین،
کە دێینەوەش،
هەزاران چاو هەزاران دڵ و روحێکی نیگەران،
لەگەڵ خۆمان دێنینەوە.
دەڕۆین لە مەنفا،
درەخت دەڕوێنین
لە مەنفا،
لەگەڵ کچە نامۆکان دەخەوین
لە مەنفا،
گۆڕێکی تەنیا و
خەیاڵێکی تەنیا دەتبات
لە مەنفا،
پاشای مێرگی (نیرڤانای)
لە مەنفا
لە نێوان مەنفای روح
و
مەنفای لەش دایت.
هەر دوێنێ بوو،
دەیان سوار بە سەرماندا بازیان دا،
هەر دوێنێ بوو،
یاریگەی دەیان یاری بووین
ئەمڕۆکەش،
هەمان یاری و هەمان یاریگەی جارانە
تیپ تیپ دەگەنە ئێرە

تۆش وەک شازادەیەکی نەزۆک
وەک سەرکردەیەکی کاتی،
وەک دۆستە خۆپەرستەکەم
دەکەویتە قەفەسێکی لاڕێ و
منیش،
لە بنیاتنانەوەی دیواری جوانیدا دەمرم
مەرحەبا،
مەنفا،
مەرحەبا،
ژنە خەمبارەکانی،
ئێوارەی پێنجشەمەی گۆڕستان
ماڵئاوا شەڕ،
مەرحەبا،
کۆششی ئارامکەرەوەی روح
مەرحەبا،
وەهمی گەشی خەیاڵ
مەرحەبا،
هاوڕێکانی سەفەری یەک سەرەم.
با ئەمشەو،
بە پێخواسی لەم شەڕە راکەین
بەرەو کوێ؟
نازانم!

١٩٩٣/کوردستان/هەولێر.

# پەرتەوازەبوون

نەتەوەیەکی پەرتەوازەبوو،
ڕۆژێ،
میرنشینێک،
و
هۆزێک،
و
شۆڕشێکی،
تیا دەچوو.
سروشتێکی پەرتەوازەبوو،
ڕۆژێ
درەختێک و
و
کانییێک،
و
پارچە خاکێکی تیا دەچوو.
ئاوازێکی پەرتەوازەبوو،
ڕۆژێ مەلی نۆتەیەکی باڵیان دەگرت!
شاعیرێکی پەرتەوازەبوو،
ڕۆژێ،
ئەزموونێک،
و

عیشقێک،
و خەونێکی تیادا دەمرد.
غەریبی ئارامیان لێ هەڵگرت.
غەریبی (مەنفا)یان پێ نەهێشت،
غەریبی دوودڵیان کرد،
دوودڵی،
دوودڵی،
دوودڵییەکی دوور لە یەقین.

## تەواوبوونی تەمەن

تەمەن،
هێلەکان
و باڵەکانی بردەوە.
مرۆڤ لە تۆفان هاتەوە،
شەڕەکانی نوێ کردەوە.
مرۆڤ لە بیابان هاتەوە،
شەوان بە شمشێرەوە دەخەوت.
مرۆڤ لە شاخ گەڕایەوە،
یادەوەرییەکانی لە شەوە سوورەکاندا سڕایەوە،
هەمووشیان پێکەوە،
سەمای بەرزاییی روحیان لەدەست دا.

١٩٩٤

# یاریگەی سروشت

ترۆپک بەرزبووەوە ناخ،
چیت خستە شوێن خەون؟
"ئارەزوو"
شتێک بەرزتر نییە لەو رووخانە جوانە.
دژی شەوی هەڵچووی،
چیمەنەکان شەڕ دەکات.
لە ژوور سەری درەختێکی هوشیاردا،
هەوەس بارین نەزۆک دەکات.
زاوزێی پەرتەوازە بوو،
زەویش یەکسانە بە بێژینگێک لە کا،
هیچ ماینێک کاوێژی لەسەر ناکات.
گیای بەر دەرگای گیان رووخا،
منیش یاریم لەم یاریگەیە تەواوبوو،
پاش هاتنی شەویش،
رووناکیم تێ پەڕاند.

# پشکووتنی هەڵوەرین

چادرەکە سووتا،
بوو بە خود.
شوێنێک،
لە ترۆپکی خود بەرزتر نییە.
لەولاتر،
ژیان لە ناو بازنەیەکی خودار،
بەتەنیا مایەوە.
لەسەر ترۆپکی بەرزی مابایت،
ئێستا،
لە ناو ئاسۆ دادەنیشتی،
و تاوانی پیسبوونی خاکیش نەدەکرا.

١٩٩٤

# تونێڵ

چرای پایز پێ کرا،
شتێک بەری رووناکی ناگرێ،
شتەکان،
بە خۆ لە سێبەران خشاندن ئاوس دەبن،
پایزان رووناکی ئازادە،
بەناو تونێلی مێشکیشدا دەڕوات،
پشت لە گومان مەکە،
من وروژانی خۆمم،
ئاوێنەی بەر باخەڵت بشارەوە،
خۆم واهاتم،
بۆ ساتە لە یادچووەوەکانی جارانمان،
دەچینەوە لەیادچوونەوە.

١٩٩٥

## قەفەزی رەهایی

کەناری بوون،
هزر هێنانی،
هزر لە سۆز نامۆیە،
نامۆیی لە خودی خۆی،
خود لە روح،
جوانی روحی سەر خۆڵ خست.
ئەویش،
شەو
و
ئێوارە
و
بەیانییان
لە خۆی دەگەڕا،
تا بۆ یەکجاری کەوتە ناو قەفەزی نائومێدییەکی رەها.

# سەبەتە کۆترێکی رژاو

کۆترە رژاوەکان،
لە خەیاڵ گیربوون،
خەیاڵیش،
لە دڕکان گیربوو.
مێژوومان تەنک بوو،
ئاو بردی،
دەسکە کنێری بەر باخەڵی ئارام،
گوڵی سیسبووی شەهوەتی گەشاندەوە،
ئا ئەوەتا،
لە تونێلان،
ساتە ئەپۆلۆییەکان پەخش دەکات.
ئارامی بوو،
هزری گۆڕی،
چی تر لەوێندەر نابێتە کارێکتەرێکی سەرنەکەوتوو،
مۆرەکە لای ئارامە،
بێتە دەرەوەش سەرما لێت نادات،
کۆترە رژاوەکانی سەبەتەکانیش،
ئەگەر مێژوویێک بڵند نەبێت،
هەرگیز لیسی لەسەر ناکەن.

# بارانی ڕەحمەت

سێبەر نەبوو،
لەشی خەون لەوەرگەی خاک بوو.
خاکیش،
پیاڵەک ئاوی گوشراوی گیای هاوین.
کەڵو لە بیران بەختی دەڕژاند.
تۆوە تێک ئاڵاوەکان،
نەمانی گرفتان بوون.
تەنێکی ناڕەحەت بوو تاجی،
بەختی ڕژاندە دۆڵی قامیشان.
هەور لە چۆلەوانییان لەبارچوون،
نهێنی غارغارێنی ئەسپەکانی قۆنگرە،
چوونەوە چەکمەجەی چیا،
هێلکەکان،
خاکیان شاش بوو،
نەترووکان.
شاعیرێک،
لاسایی هەڵۆی دەکردەوە،
ترۆپک بردیان،
خشپەی جوانی لە ناو کراسی گیا دەهات.
دەربەند تێک چوو.
دەریاش گۆزەی پڕ نەدەکرد.

لە هەڵمەتی باران خۆشکردنێکدا،
بوویتە چەمانەوەی پەلکەزێڕینە.
کەسمان وەک جاڵجاڵۆکەمان پێ نەکرا،
خاکمان بەردا.
شیر گومڕا بوو.
بۆگەنی لە ئاوان دەهات.
بۆگەن بووبوون،
ناو گیانەکان،
بۆگەن بووبوون،
ژووری خەوتن
بۆگەن بووبوون،
بیرەکان.
زەمین گێژتر بوو،
یان سەری من؟
قالۆنچە زەوییان لوول دا،
خەون پەرتەوازە بوو.
چاو پیرۆزەیەک نەهات،
هەوەسێکی نامۆ بیبات
و بیکات بە یاریزانێکی تیپی برووسک.
دە بیگێڕەوە ئەی پیری خاک،
بەسەرهاتی ئایندە.
دواگالیسکەش داهێنەرەکانی بردەوە.
تۆزی هەڵاڵان ئامادە نەبوو،
لە جۆزەردان شتێک چاک بکات،
تەون
و

تەم
و
دارگوێزەکان ئاڵۆزکان.
سمۆرە بێ مەنوابوو.
ڕووناکی کورت بوو،
نەدەگەیشتە بەر پێیان.
سروشت،
لە با ئاوس نەبوو،
سروشت،
نەزۆک بوو،
یان (با)؟
لیتاوێکی خەست رژایە سەر سێوەکان.
ئاوی ئامۆن نەگەیشتە ناو گەڵی ژنەکان.
سەرەتای هاوین بوو،
دەرگای ماڵەکان کرابوونەوە.
مەمک ڕژان،
هزر ڕژان،
بازوو ڕژان.
دەی خەیاڵت کۆکەرەوە،
بارانبڕەکان،
لەسەر هەوران نیشتنەوە.
لەشکری خەم،
تەمەنیان بردەوە کودیلان.
شتەکانیان لەگەڵ خاک جووت کرد،
باڵندە بگوازنەوە کوێ؟
جاران باڵندە،

لەسەر کلاوڕۆژنە هەڵدەنیشتن،
ژنەکان،
لینگی خۆیان لەبەر باران لێک دەکردەوە،
تا گیای ناوگەڵیان شین بێتەوە.
دارکەرەکان،
ماسیگرەکان،
و
بازرگانەکان
بەرهەمەکانیان بردەوە تونێل.
تۆیش روحت بردەوە پەرستگا.
هێی.... دواکۆک،
یەکەم رۆژ بوو،
یارییە خەمبارەکانت دۆڕاند.
نە بەخێرهاتن
نەماڵئاواییت لە کەس پێ نەکرا.
(جوان) نامەکەی شەمێ کرد و خستییە رووبار
چاوەڕوان بوو،
چاو پیرۆزەیی بیگرێتەوە.
دە بیگێڕەوە،
ئەی پیری کات،
بەسەرهاتی ئاییندە،
ئارەزوو رژایە سەر مافووری پەنیر،
(با)ی دەربەند توندی کردبوو،
هێندەی جرجانت لەگەڵ خاک پێ نەکرا.
هێزە پەرتبووەکەشت گرفت بوون،
ئێوارەی ناوەوە و دەرەوەم بە سەر یەکتریدا رووخان.

تۆزیان نیشتەوە سەر ئێوارەی خەیاڵ،
تازە هیچ شتێک ناچێتەوە،
چوارچێوەی شاخ.
خانمی کفندروو،
دەرزییەکەی لە ناو زەمەندی هەستیدا ون کردووە،
لەودیوی ئاسۆ،
لەسەر زەریا،
منیش دوا ماڵئاوایی لێکەری خۆرم،
حەوت ساڵی تریش بخەوە،
کۆترەکان دێنەوە دەراو،
دەستت لێک دە،
مرازت دێتە دی.
نەپیر دەبیت،
نە لەگەڵ خاکدا رەنگین.
خانمی کفندروو جوانی پشت نەکردووە،
تا ئێوارەیەک لە جیاتی گوڵەحاجیلەی سەربانان بڕوێ.
ئەوسا،
بۆ دواجار لە زەماوەندی خرۆشانەوەی زەمین بانگت دەکەم.
مووەکانت سپیاتی بەردەدەن،
ئاگری ژێر لێفەکەشت،
شادی و ناڕەحەتی تێکەڵاو دەکات.
دە بیگێڕەوە،
ئەی پیری کات،
بەسەرهاتی ئاینده.
شمشێری هزر،
پەرتەوازەی بێهوودەیی بوو،

منیش قاچێکم لە ناو کۆنکربتی رۆژئاوا و،
ئەوەی تریشم لە ناو قوڕاوی رۆژهەڵاتە.
شیرەکەی دۆشیبووت رژا،
قومقۆک رشانەوە سەری،
جوانی لە تاراوگە لاسارە،
هەرچی دەکەی لە هەستت گیرنابن،
بای دار ئاوس،
لە تۆزی هەڵاڵانی لادا،
پشیلە،
لە رەشەمێ،
چاوەڕوانی بەباهاتنە.
تۆیش هەوایێکی خاوکەرەوە دەتبات،
نە شاد دەبیت،
نە خەمگین.
تفەنگۆچکەیەک لە ژاڵە دروست دەکەیت،
ئەوکات خۆشتر بوو،
تا قەدی ئەسپیندارەکەی حەوشە دەفڕین،
نەمان دەزانی چۆن بەسەر لەش هەڵگەڕێین،
و هێشووی هەوەس لێ بکەینەوە،
دیسان گڕی ناو لەشی پەرتەوازە بۆتەوە،
ئەوکات بۆ مردووەکانیش خۆشتر بوو،
تاتەشۆریان لە مێکووکان بوو،
پایز زووتر لە من داهات،
لەوەتەی لە غەریبیانم،
سەیری ئاوێنەم نەکردبوو،
لە رێگای چوونەماڵەوە بووم،

بیرم کەوتەوە،
کلیلەکانم،
لە ناو زەمەندی لەشی خانمی کفندروو ون کردووە،
ئەویش هەمیشە چەپکێک هەتاو لە پرچی دەداو،
لە بەرامبەر ئاوێنەکان ئارەزووی شانە دەکات.
سڵاو،
نیوە هێلانەی بەجێماو،
لە سەرماوز،
سڵاو،
گیای درێژی خەرەندان،
هەموومان،
وەکو ئاوازی شمشاڵ،
رووت دەبینەوە ناو یەکتری،
تاج کەوتە خوارەوە،
زەویش بەربووەوە،
هێلکەکەی ئەو سەری دنیا دەرکەوت.
هێی ئادەمیزاد،
ئێمە وامان گوت،
وا زەویمان دایە دەستت،
لیتاوە
لیتاو
باڵندە بگوازنەوە بۆ کوێ؟
لیتاوە
لیتاو
زەمین گێژترە لە سەری من،
شەڕە

شەڕ
شەڕێکی خۆترڕێن
"ئەوەی تا ئێستا ماڵی نەبێت،
تازە درەنگە بۆ ماڵدانان"
دووریان نیم،
جەستەم رزیوی سێبەرانە،
بۆ ئاوی ناگێڕمەوە،
روحم پەڕاموو‌چەی سەر گۆڕە بێ کەسەکانە،
دوای حەوت ساڵ،
دەچمەوە کانی کۆتران
لە دەوریا،
دەگەڕێم
لە نەستما،
دەگەڕێم،
بەڵکو کلیلەکەی بدۆزمەوە،
لیتاو،
و شەڕ پێکەوە هاتن،
من و باڵندەکان بگوازینەوە کوێ؟
ساتەکانی نووسین و
چی تر...... نا.

## لەمدیو زەریاش، خۆر لە بەلەمەکەی من هەڵنەهات

ئەمجارە لەمدیوی زەریایەوە،
بە خۆم و بەختی بەجێماو،
لە کۆڵانەکانی منداڵی
شۆڕشی شاردراوەی،
بن بەردان،
کەلۆی گیربوو،
لە گەردوون،
خەونی نەهاتووە دی،
ناو قۆزاخە،
مێزی سارد بووەوەی،
ئاشتی.
ساتەکانی،
دوای تەمەن،
وشەوی لەشە ریزپەڕەکانم،
جێ هێشت،
گەڕامەوە رۆژهەڵات
گەڕامەوە بەر ئاگردانی حیکمەت
زانیم،
لە شاران کەسم نەماوە،
زانیم،
باخی خودایش بەردراوە،

زانیم،
درەنگە بۆ ماڵ دانانەوە،
لە ناو خانیچۆلەی منداڵی،
لە دەربەندێک،
تەیر لێی ناژیێ،
زانیم،
درەنگە بۆ ڕێکخستنی،
نێوان هەنگاو و پلیکانە،
زانیم،
درەنگە بۆ گێڕانەوەی شیعر،
بۆ ناو قەفەزی کێش و سەروا،
پەپوولە بۆ دەوری چرا،
زانیم،
بەهەمان ئەندێشەی جاران،
ناگەمەوە ڕامان.
زانیم،
تازە ناتوانین،
ئەو هەموو پردە رووخاوەی گەڕانەوە،
لە دۆزەخەوە بۆ بەهەشت چاک کەینەوە،
درەنگ زانیم،
برایەکی سەیرم هەبوو،
ئەو مانگەشەوەی،
خەیاڵمی خۆش دەکرد،
ئەو رووبارەی،
هزرمی ئاو دەدا،
ئەو باخەی،

هەمیشە سینەی بۆم والابوو،
ئەو گولانەی،
هەموو بەیانییان گەشبینییان پێ دەدام،
لێمیانی حەرام کرد،
لە جیاتی هەموویان خوێنمی حەلاڵ کرد.
برایەکی سەیرم هەبوو،
من دەستم بۆ تەوقەکردن درێژ دەکرد،
ئەو دەستی بۆ ماقەنەزمە،
بەختی خۆم بوو،
برایەکی وام هەبێت،
بەیانییان،
زوو لە خەوم هەڵدەستاند،
بۆ ئەوەی خۆرهەلاتن ببینێ،
ئێوارانیش،
دەمبردە پیاسەی دەوری قەلای لە مێژوو بەجێماو،
نانێکم هەبووایە لەگەڵیا لەتم دەکرد،
کامە زەوی بە پیت بوو،
کامە گاجووت بە کار بوون،
دامبوو بە ئەو،
پێکەوە،
سەیری باڵندەکانی سەر درەختی حەوشەمان دەکرد
ئەو بیری لە دروستکردنی قەفەز دەکردەوە،
منیش لە فڕین.
لە شەڕکردنی نێوان برایەکانم
درەنگانێک هەلاتم.
ملی رێگای تاراوگەم گرت،

لە زەریاکان پەڕیمەوە،
زەریاش وەک من،
بێ ئۆقرە و
بێ وڵات بوو.
گۆشەگیر بوو،
شەپۆلی دەنارده دەرەوە،
لە شوێن خۆی بوو.
چاوەڕوان بووم،
زەریا لەگەڵمدا بسووتێ
نەسووتا .
ئەوشەو هەر زوو.
چرای راوچییەکان کوژایەوە،
منیش تەماشام بەتەنیا لە ناو تاریکی بەجێما ،
زەریا ،
ئای زەریا
تاکەی بۆ شاردنەوەی عەیبەکانی سەر عاردی،
مانگت لە چواردە دەبێت.
ئەمجارە،
بەدەست بە تاڵی،
بێزار لە تەماشا ،
بێزار لە مەستی،
لەگەڵ تینووەکان،
لە نزیک زەریا ،
لەسەر پشت راکشاین،
چاوەڕوانی بارانبارین بووین،
ئاسمان زیرەکی جارانی نەمابوو،

له بەڕێکردنی هەورەکان،
"هەموو شتەکانی ئاسمانم خۆش دەویست،
فڕۆکەکانی شەڕ لێیان تێک دام"
نیگا دەیگوت:
"بابە کەی شەڕ تەواو دەبێت و بێ ترس بچینە بازاڕ"
وەڵامێکی تەواوم پێ بوو،
زەریا،
ئەی روح گەورەترینیان،
دەمێکە لێرەین،
هێشتا له نوێژی بەیانی نەبووبووینەوە خاکیان دزین و،
خەواندنیان،
کە رۆیشتن،
یارییە ئاینییەکانیان بەجێ هێشت،
ئێستاش هەر ماون.
لەوساوە،
ریشمان لەبەر هەتاو سپی دەکەین،
لەوساوە،
بەنەزانی لە دایک دەبین
و بەنەزانیش دەمرین.
زەریا،
خودا شاهیدە
لە مێژە لێرەین،
خودا شاهیدە،
لێرە،
پێش هەموویان،
گەنممان چاند.

بلوێرمان بۆ سروشت لێ دا.
زەریا،
با ئەو هەموو مانۆڕەت بەرامبەر منێکی بێ هێز بەس بێت،
من غەریبم
لە دوور دوورەوە،
لە بێ وڵاتی،
و لە شەڕ هەڵاتووم.
لەگەڵما تەنیا بە،
لەگەڵما بسووتێ
لێرە،
کوێرە ڕێگایەک نییە پێیدا بچمەوە،
زەریا،
دەزانم بە هێز و،
نائومێدی،
زەریا،
لە جیاتی خۆم لەگەڵتا دەدوێم.
زەریا،
لە بەیانییەوە چاوەڕوانی خۆرم
دیارە لێرەش تیشکی ناگاتە ناو بەلەمەکەم.
بەو تەمەنە گەیشتم،
ڕۆژێک تا ئێوارە قاچەکانم بەبێ خەم،
لەبەر هەتاو ڕانەکێشا،
شەوێک بێ خەم هەشت سەعات نەخەوتم.
زەریا،
نە لێرە،
نە لەوێندەر کەسم لە پێش نەماوە،

وا خەمباربێ
نە لێرەش
کەسێکم لە دواوە بێت دڵخۆش نەبێت.
زەریا،
لێرە زیاتر چاوم لە گەشتکردنە،
ئەو ئێوارەی گەیشتمە کەنار زەریا،
ماسیگرەکان نەمابوون،
بۆ شەویش هەمیشە ترسم لەگەڵ دابوو،
ئەو کاتەی سەرم لە بەردی تاراوگە دا،
کات بەسەرچوو بوو،
زەریا،
ئەو سەفەرەم وەک سەفەرەکانی تر نەبوو.
ماوەی سەفەرێکی ترم نەبوو،
بەترسەوە سەیری ئەو ڕێگایانەم دەکرد،
نەمدەزانی دەچنەوە کوێ؟
لەگەڵ ئەو هەموو وشکە ساڵ و هەوراز و نشێوەی نووسین،
باخچەی داهێنان خیانەتیات لێ نەکردم.
زەریا،
وەک من ناسووتێ،
وەک من خەمی سەفەری نییە،
لە هەڵچووندا ئەو ئێوارەیە،
لێک دەچین،
لە نزیک زەریا،
با یاری بە قژی سپیبووی یادەوەرییەکانم دەکرد.
هەمان شەو بوو،
ئەو هەموو شتە تازەیە،

ئەو خەمە نوێیە،
بردمیانەوە (سکتان)
چاوەڕوانی ڕووناکی زەریابووم،
نیگا دزراوەکانم داتەوە،
چاوەڕوانی بەهاربووم.
بگەمە بەر بەرۆچکێکی بەرهەتاو،
زەریا،
تا درەنگی هێشتمەوە،
ئەوشەو بە کەمێک ئاشتی رازی بووم،
خەیاڵم لە نزیک زەریا،
شتەکانیان دوورتر دەبرد.
زەریا،
جارێک مۆڵەتی نەدام،
هزرم بگەڕێتەوە لای هۆز،
زەریا،
بەرەو رۆژئاوا
دوورتری بردم،
بۆ ئەوەی ببمە خاوەن ئەپارتمانێک لە تاراوگە.
و رووی لە رۆژهەڵات بێت،
ئەمشەو هەموو شتەکان وەکو شەپۆلەکانی زەریا،
بێ ئۆقرە بوون.
هێشتا زوو بوو،
بۆ ئەوەی هەریەکە و بچتە تاراوگەیەک،
هێشتا زوو بوو،
بۆ شاردنەوەی کلیلی دەرگای چوونە ناو ژیان،
بۆ قایمترکردنی شوورەی قەڵاکان،

هێشتا زوو بوو،
بۆ ئەو هەموو لێکدانەوە جیا جیایە.
بۆ هەڵگرتنی ئەو هەموو حەسرەتە،
بۆ دۆشدامانی باخچەکان،
بۆ نابووتبوونی سۆز،
ئەو بەهارە،
شازادە تاجی لە گوڵە حاجیلەی باخان پێ نەکرا،
هەمان ئێوارە بوو
دوا قومە ئاو نەگەیشتە قوڕگی شەهید
و لە نزیک کانییێکدا تەواو بوو،
لە هەموو بەرەکان،
شەڕ بوو،
منیش دوا حیکمەتم لەدەست بەربووەوە،
ئاوێنەکەم بۆ جاری دووەم لە دەست شکا،
ئەو رۆژەم بیرکەوتەوە کە دایکم پێش ئەوەی لە دەرگا بێمە دەرەوە
+ گوتی"کوڕم مەڕۆ،
گۆڕغەریب دەبیت"
ئەوکات زەریاش وانەبوو،
وام دەزانی رووناکی لەسەر هەڵدەستێ،
"هێشتا زوو بوو،
برام،
بۆ ئەو هەموو دوورکەوتنەوەیەت"
لەسەر هەڵەیەکی بچووک برایەتیمان دواکەوت،
لەو کاتەوە،
کەس جوانییەکانی پێ پشت ناکرێ،
مردنیش وەک خۆی ماوەتەوە،

لە شەڕدا،
شێوەی مردن
و سروشت
و ڕۆژەکان گۆڕان.
هێ براکەم،
بۆ ئەوەی لە ڕەزمی شەڕ خۆمان ڕزگار کەین،
چی بکەین؟
شەڕ وای کرد شاعیریش،
وەک جاران،
ئاگر لە دەروونان بەرنەدات.
شاعیریش،
لانەواز بوو،
کەوتبووە کونجی شیعرێکیا.
جاران شاعیران،
وانەبوون،
خاوەنی عارد و ئاسمان بن.
جاران،
باخچە درۆی لەگەڵدا نەدەکردن،
جوانی حورمەتی دەگرتن.
جاران،
شاعیران،
ڕەزمیان زوو زوو دەگۆڕی،
جاران شاعیران،
وەک هەمووان،
بێ ڕەزم،
و بێ سحر نەبووبوون.

ئێستا،
ئەوانیش وەک جاران،
وشەکانیان،
بۆ ناچێتەوە ناو
فولکەی هەستیان.
ئەوانیش،
بێ تەماشا قاوەی بێزاری دەخۆنەوە.
ئەوانیش ناتوانن،
مردن چرکەیەک دوابخەن،
سەردەمێکی سەختە برام،
خۆشەویستی ببەخشین
زۆر ئاسانتر لە هەڵگرتنی رق.
سەردەمێکی سەختە برام،
خەیاڵ نارِوا،
گرێی بەخت ناکرێتەوە.
کلیلی دەرگا چوونەوە ژوورەوەی خۆمان،
لە گوێی شەیتانۆکە خەوتووە،
تاراوگەکەم،
کۆلیتێکی بەربارانە دڵۆپە دەکات.
هێ براکەم،
کە لە شەڕ هەڵاتم،
تاراوگە و تاراوگە هاتم،
کەس بەختی خەوتوومی پێ لە خەو هەڵنەسێنرا،
هەمان ئێوارە بوو،
من و ماسیگرەکان،
لە کەنار زەریا،

بێ ماڵ ماینەوە،
شتێک رووناکی نەدەدا،
خەیاڵم وەک زەریا بوو،
ئەو شەوەی لە شەڕی گەر براکانم رام کرد،
ترسنۆکی خۆمم بە شانازییەوە ئاشکرا کرد،
شیعرێک بۆ لای رامانی بردم،
ئەو شەویش بوو،
با باڵی بۆ پەپوولەکانی هێناوە،
شوان ئاوازەکانی بیرکەوتەوە،
منیش ماچە رژاوەکانی،
ناو باخچەکانی (هیران و نازەنینم) هەڵگرتنەوە
شیعریش،
جارێکی تر بووەوە پشت و پەنام،
شەوان لە جیاتی تفەنگ،
لەگەڵ خۆم دەمخەواند،
لە بێ وڵاتیم،
شیعر وڵاتم بوو،
ئاینەکان تۆوی شەڕ و نەزانییان هێنا ئەو دەڤەرە،
باڵندەی سەر چڵی شیعرم
و هاوڕێیەکی زۆرم کوژران،
زۆریان چوونە تاراوگە،
تەسلیم بوون بە ئاشتی،
تەسلیم بوون بەخوداوەند.
براکەم،
تاکەی مانگمان لە چواردە بێت بۆ کوشتار،
براکەم،

تاکەی ڕەونەق بدەین بە چەک و هزر نابووت کەین،
براکەم،
باش هیلاک بووین،
لە گواستنەوەی بۆنی خوێن و باڕووت،
براکەم بۆ
ئەو ئاشتییەی،
بەیانی دەهێنێ،
ئێوارە لە بیر دەکەین،
براکەم،
لە شەڕدا،
هەردووکمان دەچینەوە ڕێگای سەرگوفەکەکان،
لە شەڕدا،
شوانەکان ئاوازیان لێ ونە،
براکەم.
حەز دەکەم لە شەڕی گەڵ تۆدا،
هەمیشە بدۆڕێم،
لە شەڕ،
خێراتر لە با
رام کرد.
باخی سێبەری خەیاڵم،
دایە دەست با،
لەو ڕۆژەوە،
خەون،
پێش ڕووداوەکان دەکەوێ،
شتێک بە شاردراوەیی نامێنێ
پیاوەکانی لە شەڕ دەگەڕێنەوە،

نهێنییان له ژنەکان زیاترە،
وشەکانی دوای شەڕ
زووتر بەردەبنەوە خەرەندان،
براکەم،
نامەوێ نێوانمان
وەک نێوان گولله و کۆتر بێت،
براکەم،
هەردووکمان پێویستمان بە کەمێک ئاشتییە بۆ ئەو شەو،
هێشتا،
سەرم لە بەردی تاراوگە نەدابوو،
هێشتا،
سۆزم پەرژینی باخچەی پشت مالانی دایکم بوو،
هێشتا،
لە پیاسەی شەوانی هەولێر تێر نەبووبووم،
دایکم نەیدەویست لە ڕێکخستنی جانتای سەفەرەکەم،
بەرەو ناشوێن تێ بگات،
چی بکەم برام،
بۆ کەمێک ئاشتی،
بۆ کەمێک گەرمایی،
بۆ ئەمشەو،
بۆ سێبەری قاز و قولینگ،
بیانبینم،
بچنەوە لای ماڵەوەمان،
زەریا،
جیاواز بوو لەوەی من دام نابوو،
نێوان ئاسمان،

و فەنەر تەنگ
نێوان ئاشتی و شەڕ،
تەنگ
نێوان مانا و شێوە،
تەنگ
هەموو ڕێگاکان،
تەنگ بوون،
بۆ ئەوەی باسی ئاشتی لێ بکەین
و فراوان بوون،
بۆ پیاسەی دانانی پلانی شەڕ.
هەمان شەو بوو،
کەڕوو لە هزرمانی دا و
و مۆرانەیش لە جوانییە هەڵگیراوەکان.
کەسمان لە پێش نەمابوو،
ئەو جارەیش،
پارچە خاکێک و هەندێک هەوای ئازادمان بەرنەکەوت،
کەس چی تر،
باری هەنار و هەنجیر لە باخی شاخەکان ناهێنی بۆ شار و،
بەفری چاڵەکانی (سەفین) "ناهێنێ بۆ شەقامەکانی سێتاقان"
لە ئاسۆ هیچ دیار نییە،
بەهاریش تێپەڕی،
و جوانییەکان پشت نەکران،
دەی دەریا،
ئامادەم کە بۆ ژیانی تاراوگە،
لێرەش،
ماناکان لە قۆزاخان ونن،

مانگەشەو،
بە نیگەرانی تیشکەکانی بەردەداتەوە سەرخاک،
یادەوەرییەکانم زیندوون،
لە بیرمە،
براکەم بە تووڕەیی هات،
و تۆپەکەی فڕاند،
دووبارە بەبیرم هێنایەوە،
ئاسانە یاری بکەین
گرانە یاری تێک دەین،
گوتم "براکەم هەر لەبەر ئەوەشە ناتوانم،
خۆم لە وەهمی برایەتیمان رزگار کەم"

# گەرم نەبوونەوە

١٩٨٥

هەولێر

# ماتبوون

گۆڕەکەی لە ڕۆژئاوایە،
رووبکەیتە هەرلاییێک،
لە بەر تۆفان ڕێ دەرناکەیت،
ئێوارە بەفران،
گورگە نیوە لە مرۆڤەکان.
مرۆڤە نیوە لە گورگەکان،
لە ترسان تەنیایی جێ دێلن
دەشتودەر لە قەڵ ڕەش دەچنەوە
هەڵکردنی بایەک شەقی بکردبانە،
ڕووناکی لە خاک بەرز دەبووەوە،
دۆزەخێکی تریش لە دڵی تۆدا پەیدا دەبوو،
گۆڕەکەی لە ڕۆژئاوایە،
تاک تاکیش مرۆڤ ماون،
بە پەلە و ترسەوە خۆیان بۆ کونەکان دەکوتن،
تا سەردەمێکی تر مات دەبن.

## پڕبوونەوەی نیوەی گیان

دڵت پڕە لە خەمی مێژوو،
کەی تۆش دەچیتە ناو مێژوو؟
یان وەک ڕێگای نشێوێک کوورِ دەبییەوە
و لە بەرزاییرِا ون دەبیت.
کەی تۆش دەچیتە ناو مێژوو؟
دڵە ساکارەکەی جارانت دەدۆزیتەوە،
چیتریش خوێن بەبادا نادەیت،
دڵت پڕە لە خەمی مێژوو،
سێبەرەکەشی فێنکە
بەگەردەلوولانیش تۆز ناکات،
شتەکانیش لە ناو زەمەندی هەستیا ون دەکات
لە خەونیشدا ئەو شاخە بەرزە دەبینێ
کە ئێواران کۆمەڵێ ڕێبواری لێ ون دەبێت.
دڵت پڕە لە خەمی مێژوو،
بەرزە،
لە سێبەریا،
قۆڵ لە قۆڵی یەکتری دەکەین،
بەرەو نادیاری دەڕۆین
بەرەو دیاری دەڕۆین
دەگەینە منداڵێک،
شەیدای ئاوە،

چیا لە شەپۆل و هەست،

دروست دەکات،

ئێمەش بیرەوەرییەکانمان.

لە پشت ئەو چیایە جێ دێڵین

ئەوسا دەڵێین

" ئەوە خەون بوو یان پڕبوونەوەی نیوەی گیان بوو"

١٩٨٣

## ئاڵۆزبوونی خەونەکان

کتوپڕ ناخم گران بوو،
دەمارەکانیشم شل بوون،
رووناکی شپرزەی روحیشم،
هیچی لەبارەی خۆی وەبیر نەمابوو،
ئابڵوقەدراوم،
ئابڵوقەدرانێکی هەمیشەیی و نەزۆک،
هەستیشم گرژبووەوە ناو گەرمای بۆنکردووی خۆی،
لە ناو ئەو مێرگە ناوەستم،
سۆزمی لێ هەڵدەپەنمێ
هەرچەند زیاتر بمێنمەوە شتی جاویدانەتری لێ دەڕوێ
ئابڵوقەدراوم.
ناتوانم بە دیار ئەو ئەنجامە مۆمیاکراوە بوەستم.
خەونێک،
بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت روحم تێک دەدات،
سەوزاییی دەروونم،
بەسەر سەوزاییی سروشت خات،
پێشوازی رووناکییە سەرما لێ نیشتووەکان دەکات،
ئەوەی بەم رێیە رابووری،
ئاوێکی مۆمیاکراو لە خشتەی دەبات،
یا قامچی دڕندەی با،
هەموو پشتی لەت لەت دەکات،

کتوپڕ ناخم گران بوو،
نەمتوانیماڵئاوایی لە ئێوارەی ناو شاخان بکەم،
یان خۆم لە بۆنی کنێری بناران وەردەم.
بەردێک نییە سەرمی پیاکەم،
ئاوێکی مۆمیا نەکراویش،
قاچەکانمی لە ناو جووت کەم.
بەم کاتە زەرد هەڵاتووە،
لەم ماوە چەماوەیە پیاسە ناکرێت.
دەرگای ئەو پەرستگایە تەمبەڵەش ناکرێتەوە،
هیچی تر باسی سروشت ناکەم،
ئەو بوو دڵە ساکارەکەمی وا نەخۆش کرد،
ڕێگای چوونە دەرەوەی لێ گرتم،
ڕێگای هاتنەوە ژوورەوەی لێ گرتم
ناخم گران بووە،
چی تر دوای جۆگەی پاش شۆرینی مردووان ناکەوم،
خەونێک،
بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت،
سەوزایی دەروونم بە سەر سەوزایی سروشت خات،
یان کتوپڕ لە ناو ئەو شەوە برک کردووەدا بمرم.

# سێبەری ڕەنگەکان

لەم بێزارییەدا،
کاتم پێویستە.
ڕەگەکانم زیندوون،
ڕووناکی بەخشن.
لێرە بڕۆیت،
ڕەگە هەڵکێشراوەکانت دێشن.
سێبەری بایەکان پەرت بوون،
لەم بێزارییە،
کاتم پێویستە،
بۆ شۆڕبوونەوە بۆ ناوەوەم،
بۆ تێکەڵاوکردنی سێبەر و ڕەنگەکان.

# هاتن

دوای مانگ ئاوابوون،
چەماوچەم دێن،
چڵی درەختەکان،
سەریان بۆتان دادەنوێنن.
لە ناکاو سەگوەڕێ پەیدا دەبێت،
قامیشەڵانێک،
و ژیانەوەی غەڵبەغەڵب تا ئێرەتان دێن،
سەرم لەگەڵ سەگوەڕەکە دەسووڕێ،
"دەنگی دەرگایە"
– بیکەرەوە
+ خۆمانین
لەگەڵ کردنەوەی دەنگی دەرگا
باڵندەکان هەڵنافڕن
"سۆباکە داگیرسێنە"
وەک گەردانە کەوتنە ملی سۆباکە،
هەڵم لە لەشیان هەڵدەستا،
تاریک و روونیش
وەک ریزە درەختێک
لە قەدپاڵەکان،
سەوز دەچوونەوە،
لە حوکمی چاویش رەت بووبوون،
هەر دیاربوون.

١٩٧٩ سکتان

# نزیکترین تەزوو

لە سێبەرێکی گەرمدا،
هەوەسێکی نامۆ داگیری کردم،
خاوبوونەوەی بەرد
یان سەرزەمین بوونەوەی دۆزەخ،
کامیان نزیکتریان بوون؟
پەڵە خوێنی رژاوی سەرخاک،
تاساوتریان بوو،
دووڕیانەکان،
ئاگری ناو ئاوێنەی شەپۆلەکانن
تێک بشکێنرێن
دڵتان بۆ هەمیشەیی دەکرێنەوە.

١٩٨٢

# ئاهەنگی بەردەوامی خۆم

خەونێکی نائومێد،
بۆ چەند ساتێک رامانمی ئازاد کرد،
مێشکم،
پێش پەنجەکانم سەرمایان بوو،
ئاهەنگی بەردەوامی خۆم دەکەم
چی لەمە چاکترە،
ریشی سپی و سیسبوون،
تێکەڵ بەگیاڕەشەی بەهارکەیتەوە،
سەرەتای ماتەمین تەواوبوونی جوانی
دەست پێ دەکات،
باوبۆرانیش لەدەست مرۆڤ رزگاری دەبێت.
منیش ئاهەنگی بەردەوامی خۆم دەکەم.

١٩٨٣

# نەورووژان

شتەکانی چەم نەورووژان
لەوە نەما،
جارێکی تر،
بورووژێم،
گیان،
سەر کێشتریان بوو،
ئای لە لوورە لووری گەردوونی کۆن،
نەورووژانی مرۆڤ،
ئەمجارە ببنە چراش،
شتێک roوویان تێ ناکات.

١٩٨٤

# سپیاتی

ئاو بەری دڵە ئاونشینەکەمی گرتووە،
جەستەشمی تەنیا کردووە،
دڵم ببوایە بەردێک
غلۆرم دەکردەوە ناوی
هەم دەبووە بەردەباز
هەم لەگەڵ خاوێنی ئەو رادەهات

١٩٨٤

## دەشتاییی گیان

گریمان شەو بەسەرچوو،
بیرەوەرییەکانی زەمەند،
کەنار گوڵ،
میوانداری کامیان دەکەیت؟
ئەوانە و شۆڕبوونەوی مرۆڤ،
بە ناخی وشکایی
بەناخی بەستەڵەک
ئەنجام،
سەرسامی من،
و دژواری مرۆڤ تێکەڵاوکە،
تەمێکی نەشمیلانە،
رووی چیمەن بەستەڵەک بردووەکان دەگرێ.
چ بزانی یەکسانە بەو چیمەنە؟
گریمان بەفر،
یان گێچاو
لە دڵی من سپیتر بێت،
چی بکەم؟
"دادەچڵەکێم"
قاچەکانم دەبنە مستێک خۆڵ،
لەشیشم ساردایی تاتەشۆر،

موسیقا دەڕژێتە سەری،

ئەویش چار نییە،

شتێکی لەوەیش رووتبووەوەتری پێویستە.

١٩٨٣

## بەتاڵبوون

دەستێک هات بە نهێنی روحمی رووت کردەوە،
لە ناو سەرمادا بەستییەوە،
لە ناو گەرمادا بەستییەوە،
لە هەردوو شوێندا،
بەڕووی دنیادا دەیلووراند،
گیانم بە تەنیا دەمێنێتەوە،
تا ئەو ساتانەی،
رەقوتەقی خۆی،
بەتاڵی دەکاتە ناو دۆزەخ

١٩٨٢

## کۆتاییی ناکۆکییەکان

تیتروواسکێک،
ئاسمانی لێڕەوارێکی بەر نەدەدا،
قەلێک هات،
لەسەر بەردێک هەڵنیشت،
فڕییەوە،
لەگەڵ تیتروواسکەکە جووت بوون،
تیتروواسکەکە نیشتەوە سەر بێچووەکانی.
قەلەکەش نیشتەوە سەر کەپکە شاخێک،
قیغاندی،
کۆترێک لە کونە شاخەکە هاتە دەرەوە،
نیشتەوە سەر هەمان کەپکە شاخ،
ناوچەکە بوو بە،
سێگۆشەی باڵندان،
ئەویش بووە نیشانەی ناکۆکی نەمان.

١٩٨١

# کەف

خوێن
و (با)
دوو کۆچەرن
یان دوو یادەوەری ناو گەردوونن،
لە ئاسۆ وەستاوەکانیش گیرنابن،
ناشبنە تاجەگوڵێکی سەری زەمین،
لە بەرەڵاییبیان،
زاوزێ دەکەن،
پیرش دەبن،
ناپووکێنەوە
خوێن ببووایە پەتێکی سوور،
دەمخستە ملی گەردوون،
توندم دەکرد،
تا ددانە هارەکانی هەڵدەوەرین،
(با)یش ببووایە رووناکییەکی راخستراو،
شانە لە کارکەوتووەکانی لەشی خۆمم،
لە ناویدا دەچاند،
ئەوەی دەبینرا،
ئەوەی دەبیسترا،
خاوبوونەوە، هەڵچوونەوەی سەرکێشانە بوون،
تازە ناگەمە ئەو کۆچەرانە،

ئەوەی ماوە،
دەیخەمە ناو ئەو کاتە گەرمە،
یا وەکو هەڵمی سەری نامێنێ
یا وەکو کەفی سەری سپی دەچێتەوە

١٩٨٤

# ئارەزوویێکی کۆن

ئاگر مەکەرەوە،
بەفر نابارێ
دەستت بخەرە ناو ئەو مێرگە،
رەگ دادەکوتێ،
مرۆڤەکان وایان پێ خۆش بوو،
تەیرەکان وایان پێ خۆش بوو،
چالاکی خۆیان نەوەستاند،
چ رووخابوو،
چ نەڕووخابوو،
جیاوازی نێوان هەردوو دنیا بوو. ١٩٦٩

# برینی سێبەر

ڕووی زریان بەمردنیش دانامالێ،
هاوینیش تەواو بوو،
هێشتا تەرمەکەی نەناشترابوو،
چۆڵ گوند،
چاوەڕێی چی دەکەی؟
چۆڵ دڵ،
چاوەڕێی چی دەکەی؟
ڕێگاکان،
لەبەر هەتاو زەردهەڵاتوون،
دوای ئێوە شتێکی تر بەو ناوەدا رانابووریێ،
چۆڵ گوند کوانێ؟
چۆڵ دڵ کوانێ؟
کوندەپەپووەکان،
لە تەنیاییدا بێزار بوون.
دەی ئێوەش باوەشی یەکتری چۆڵ مەکەن..

# پەككەوتنی ئاو

ئاو ناگاتە شێداری خۆی،
ناشڕژێتە ناو خۆڵی،
دوای شێتەڵکردنی مردووان،
هەرچی بڕژێتە ناو چار نییە،
پەككەوتنی ئاو،
سەیرکەرانی ناورووژێنێ،
نەمردم،
ئاویشم بینی زانستییانە رێ بکات و
شتێک نەمابێت خۆی لە ناویدا بشوات.

١٩٨٤

## نەگەڕانەوەی نامۆیی

گوڵێکی گۆشەگیری لە یەخەی دا
و چووە دەرەوە،
نەشیدەتوانی تەمەنە ئەفسووناوییەکەی،
تێکەڵ بە تەمەنی دیاری ئەوکاتەوە،
قاچەکانی کەوتنە لەرزین،
بازێک بەرەو سەری فڕی،
چەندە بە هەڵکوڕماوی مایەوە،
شتێک نەبوو،
هەڵی بفڕێنێ
و لە بیر خۆی بباتەوە.

١٩٨٣

# له دژوارترین کاتدا

له دژوارترین کاتدا،
شته بەرجەستەییەکان جیوەییان دەنواند،
تارماییەکانیش ئاوریشمی،
بە ترسەوە بەخاکەوە دەنووسان،
دژوارترین کات بوو،
ڕووناکییەکەی تەمبەڵەکەش
دڵی خۆی دەدایەوە
ترس،
لەگەڵ باران دەباری،
ڕێگای چوونەوە ماڵەوە دیارنەبوو،
ترس،
لەگەڵما هەتا بەردەرگا دێت،
جەستە و دەروونیش،
لەگەڵیا لە یەکتری جیا دەبنەوە،
ئاسۆی،
مردووی دەستی ئاوابوون،
بگەڕێتەوە چی دەکات.
یاری بەردەرگای فرۆشان،
پرسیار زۆر بوون،
وەڵام کەم بوون.

## سێبەرێکی مۆر

نێوان هێڵەکان تێک چوو،
دووکەڵ لە شتەکان هەڵچوو،
درەختەکان،
نانووشتێنەوە سەر گەرما،
سەر تەرمی دەم ڕێیان،
ئەوانی تر بەکورتی دەسووڕێنەوە،
نان نادەن بە مرۆڤ،
دان بە باڵندان،
من پێش ئەوان،
خۆم لە ناو لەپی ناڕەحەتییدا ڕاخستبوو،
ئەوانیش لەسەر پشتی دارمەیت درێژ بووبوون

١٩٨٣

# له یادچوونه‌وه

تارماییی خاک،
له ئاوێنه‌دا به‌ستوویه‌تی،
ره‌نگ ناداته‌وه،
تارماییه‌که‌،
به‌م شێوه‌یه ده‌مێنێته‌وه
تا به‌رێککه‌وت،
(با)یێک غلۆری ده‌کاته‌وه،
قووڵایی له یادچوونه‌وه
و به‌هه‌موو شتێکه‌وه،
رزگاری ده‌بێت.

١٩٨٣

## ئاوێتەبوونی شتەکان

تێک ئالانی ژەنگ و گەرما،
نەخۆشییەکی شپرزەیان لە هۆش خۆ برد،
دڵم توند بوو،
تێک ئالانی ژەنگ و گەرما،
پرسیاری خەون و بێداری
و ئاوێتەبوونی ئومێد و نائومێدی،
وایان کرد،
لە خۆم ساکارتر ببمەوە.

٢

ئەستێرەیەکی رژاو بوو،
وای کرد تەنیاییم سپی بێت

٣

لە هەڵەی یەکەمدا،
تۆفان نایێ
لە چاکەی یەکەمدا
بەهەشت نایێ
هەتاو زۆرە،
هزریش هەروا بەستوویەتی.

٤

ئێسقان بوون،
بووبوونەوە پووش،
هەورێکی تەزوو کارەبایی بوومایە،
بۆ هەمیشەیی لەو ناوە دەبووم،
لێرە،
کات لە دەوروبەری ئەو بیرە قووڵە خەوتووە.

٥

ئاگادار نەبیت،
رۆژێک ئەو هەڵچوونەت دەتخنکێنێ و چیترنا.

١٩٨٣

# زەمەند

کۆترەکانی ترۆپک بوون،
گەڕانەوە کونە بیرەکان،
ئەستێرەیەکی هێندەی زەوی لە هەست،
دەستی لێ مەدە،
برینداری مەکە.
توانای نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی نییە،
کۆترەکان بوون،
تیژ تێپەڕین،
دەچیتەوە سەر کام رووبار؟
"یەکێکیان بەرەو رەهابوون"
– ئەوی تریشیان تا ئەو شاخە.
ئەستێرەیەکی هێندەی زەوییە لە هەست،
دەستی لێ مەدە،
خوێنەکە نامۆ بوو،
ئەو پەمۆیەی بردبوویە دەوری برینەکە،
هەڵی نەمژی
دەستی لێ مەدە،
باوەکو هەستت،
نەفڕێتە ناو ئەو زەمەندە.

١٩٨٠

# پاڵاوتنی نهێنییەکان

١

گیان پەروەری،
جگە لە گڕی هەڵچووی ئەو،
شتێکی تر بەدی ناکەی،
تەنیایی دەروون،
گیرۆدەیی دەروون،
بەختیاری دەروون،
واتای چییە،
ئاڵاونەتە ئەستۆی تۆ،
تا ئێستاش نازانی،
ئاوێتەیت؟
یان سادەیت؟

٢

چاوەڕوانم،
تا مرۆڤەکان،
و درەختەکان،
لە ساتێکی لەخۆ بێزاربوونیاندا،
لە نزیک یەکتری دەڕوێن.

١٩٨٠

# نەسرەوتن

کۆشکەکەی ترۆپک،
لە تەنیاییدا بوو بە کوندەپەپوو،
هەڵنیشتەوە سەر خۆی
گەر حەز دەکەی،
ئەوە سەهۆڵبەدان،
رووتبەرەوە ناوی،
لەزەتی خۆتی،
لە ناودا بکوژە،
نەدەسووتێ،
نەدەسرەوێ،
بڕۆرەوە ناو جەستەی وشکی خۆت،

## دڵێکی بایی

دڵم بەم بایە دەگوشرێ،
جاران کە بای دەهات،
چیلەبەردم بەدەوری خۆمدا نەدەکرد،
نەشدەچوومە ناو گۆڕ،
وام لێ هاتبوو ئەگەر ساتێک بای نەهاتبایە،
دڵم توند دەبوو،
وام لێ هاتبوو،
بووبووم بە دەربەندی هەڵکردنی بایەکان،
ساتێک لە با دوور بوومایە
دڵم توند دەبوو.

## بڵقی سەر خاک

بڵقێکی بێزارە،
فڕێی دەیتە سەر ئاویش ناکرێتەوە،
نەخۆشە،
لاییێکی سەری دێشێ،
لە تاوان خاک هەڵدەکۆڵێ،
لە سەرەوەی،
مانگ
و
هەور
ڕژاونەتە سەر گەڵاکان،
رووخانە،
یان رزگار بوونە،
نازانم،
کۆشی یەکتری جێ دێلن
یان
یاسای هێمنی تێک دەدەن..

## وەرزەکانیش خۆشیان دەوێ

ئەو پایزەش هەڵنەوەریم
گوتیان
"زستان سارده بەخاکی دەبەستێتەوه"
زستان هات،
دوای هەموو باوبۆرانێک،
بوومەوه جۆگەیەکی چڕ و ڕژامەوه خاک.
دیسان گوتیان
"ئەو هاوینه تەواو ناکات
لەگەڵ پووشدا رەش دەبێتەوه،
گەردەلوولێک ونی دەکات"
هاوینیش هات،
تەواو بووم،
زانییان....
له دەرەوەی وەرزەکان ڕواوم.

# ناشتن

ئەو گۆڕەش گەیشتە خاک،
دەبێ گۆڕێکی تری بۆ هەڵکەنین،
شەویش دابێت،
بەتاریکی گۆڕ لێ نادرێت.
لەو شاخەی ئەودیو،
مانگ هەڵهاتووە،
بگەیشتبابینە ئەوێندەر،
تریفەی مانگ،
لە خوێنی دەدا و دەبریسکایەوە،
لەم گۆڕستانەش جێ نەماوە،
خۆ بە تەنیاش نایشێژین.
زەمانێک دادێ،
تەنیاییەکەشی نامێنێ
لەگەڵ خۆمدا هەڵی دەگرین،
تا گۆڕستانەکەی بنار سنوور،
لەوێندەر،
بگاتە شاخیش،
هەر دەینێژین.

١٩٨٤

## نیازی ئاو

مێرگێک دەگریا
"خۆزگە بەردەلانێک بوومایە،
تەنیا جارێک خوناوی سەرم،
تا نیوەڕۆیەک بمابایەوە"
مەگری
"کێ ئەوەندەی تۆ بەختیارە
ئەوە نییە دوای نەمانت،
دەبیت بە قوڵاتاوی سێبەرەکان
و خۆت بۆ تینوویەتی شکاندنی ڕێبوارێک،
هەڵدەگریت".

١٩٧٩

# گوڵێکی تەنیا

گوڵێکی تەنیا،
لە دەم کانییەکی گۆشەگیر روابوو،
ساڵ دوانزەی مانگ پەڕەکانی لە خۆ لوول دابوو،
چاوەڕوان بوو،
مرۆڤێکی وەکو خۆی تەنیا،
هەڵیکەنێ و لە یەخەی دات.
لە تەنیایی رزگاری کات.

١٩٨٤

# گەرم نەبوونەوە

ئەشکەوتەکانی ناخی تۆ،
سەرگەردانترن،
یان.
ئەشکەوتەکانی ناو سروشت،
لە شادییان،
دەلەرزین،
کاتیش لەوێندەر،
کفنێکە نیوەی لە خۆڵ،
شەیدای ئاوێکە،
لە مردووان لا دەدات،
ئەشکەوتەکانی ناخی تۆ خۆشتر دەکات.
کەمێکیش لە ساتەکانی (گەرمبوونەوەدا) دەیانخەوێنێ.

# مەزار

باڵندەش لە سەرمان نافڕن،
دوورگەیەکی ونبووی ناو تەمە ئەو جیهانە،
وێرانتر بووایە،
خۆشتر دەبوو،
تۆش بە ئەسپایی دەچوویتە ناوی،
دەمایتەوە،
تا لەشت دەبووە مەزار،
یارمەتیم دەدەیت،
تا لەشی منیش دەبێتە مەزار،
گیاندار و بێ گیانی دێنە سەر،
لێرە بوەستە،
باشترە،
خوارتر بڕۆیت،
لە تەم دەکا.
گرینگی بەو ئاڵۆزییە مەدە،
کامیان یەکسانن بەوەی تر،
ئەویان لە جیاتی سەرت بەرە.

## رووتبوونەوەیەکی تر

لە پێشوازی چی دەوەستیت،
هاتنی رەوە قەل و دالّ؟
یان خوێنی ناو هەوا و سەر خاک؟
ناخت بپێچەوە ناو یەک،
برۆ سەر رێگای گەردوون،
کەمێکی تر،
ئەویش دەگاتە ئێرە،
دوا قومە ئاو،
لەو ماڵە هەژارە دەخواتەوە،
لە میهرەبانی رازییە.
لەگەڵیا دەکەوێتە سەما،
دوایش ناخیان دەپێچنەوە ناو یەکتری،
و کتوپڕ ون دەبن.
لە پێشوازی چی وەستاویت؟
سۆزم،
بیرەوەرییەکانم،
خاوەنی هیچیان نیم.
خەونە هەڵبزرکاوەکانیش،
لەبەر باران پەرتتر دەبن.
لە شتێکی تر ورد دەبمەوە،
لە ساکاری ئاویشم رەتداوە،
بۆیە دەزانم ئەنجام بۆ منە.

١٩٨٤

## دوای زریان

زریان ئەو شەقامەشی تێک دا،
وا پەڕییەوە شەقامێکی تر،
بە خۆت و بەم کۆمەڵە برینە پڕ لە خوێنە،
بۆ کوێ دەچیت؟
زریان دەست و قاچی بەستووی،
بوویتە شاخێکی بێدەنگ،
منیش لە پاڵتان،
لەگەڵ مێژوو راکشاوم،
کێشەی نێوانتان حەل دەکەم.

١٩٧٩

# قوللغ

رەوە کوندەپەپوویەک،
لەگەڵ بای ناوەختی ئێوارەیەک
هاتن،
و لەسەر قوللغەکانی قەڵا نیشتنەوە،
شەویش داهات،
قەڵایان چۆڵ نەکرد،
لە کوێ بوویت؟
تفەنگەکەت لە قەدی دیوار دەربێنی،
تەقەیان بەسەردا بکەی،
جارێکی تریش قەڵا چۆڵ نەکەیت.

١٩٧٩

# ئاونگ

بۆ باوکم

چووە ژوورەوە،
هەموو گلۆپەکانی پێ کرد،
جلێکی جوانی لەبەر کرد،
"دەوەن بمگرن"
بە یادەوەرییەکانی،
مەست بووبوو،
تازە نەخۆشخانەی جێ هێشتبوو،
دەرمانەکانی فڕێ دابوو،
"ئەسپ و تاژییەک دەکڕمەوە دەچمەوە گوند،
ئەوەندە تەمەنەی ماومە،
لەوێندەر بەسەری دەبەم"
سەعات بووە هەشت،
"لەشم گران بوو،
ئازارێک هاتە ناو ئێسقانەکانی،
دەستی چەپەم"
هەڵسایەوە،
چووە دەرەوە
" لە گەرمان سووتام"
بەربووەوە ناو چیمەنەکە،
گیانی وەکو پرووشکە ئاو پەڕییە ئاسمان.

تا بەیانی بەدیار جەستەکەی گریاین
بەیانیش کە سەرمان هەڵدایەوە،
پڕی سەر جەستەی ئاونگ بوو،
هەندێک چوونە گۆڕلێدان،
تا گۆڕەکەی تەواو بوو،
روحی بووبووە پەپوولە و هاتبوەوە ناومان.

١٩٧٨

# یەکیەتیبوون

دەچیتە دۆزەخ،
دەبیت بە خۆڵە مێش.
دەچیتە بە هەشت،
دەبیت بە نائومێدی.
چیا و بنار،
گیاندار و بێ گیان تێکەڵاوکە،
شیعرێک دەنووسی هەمیشە بێدار. 1983

# خرۆشان

دەمخرۆشێنێ
بینینم لا دروست دەکات،
بینینێک،
دەڕوا وەک سەوزایی،
دەشگەڕێتەوە،
وەک مەرگ،
دەمخرۆشێنێ،
د
ە
م
خ
ر
ۆ
ش
ێ
ن
ێ
بینینم لا قووڵتر دەکات،
دەڕوا وەک سەوزایی
دەشگەڕێتەوە وەک مەرگ.
2004

# ئەستێرەیەکی گەڕیدە

له خۆشەویستییەکی هەڵگیرساو دابوو،
هەموو شتە نەفرەت لێکراوەکان،
گرفتاری بوون،
وشکانیم خۆش دەویست،
تەڕایەتیم خۆش دەویست،
زیاتر هەڵچوو،
خۆم ئاوێتەی چی بکەم،
بەرباد بووم،
هەرچی دەبینم هەر خۆمم،
چاوێکم تەڕایەتی،
چاوێکم وشکایەتی،
پێش ئەو گۆڕانە خێرایە،
بازنەکان وا تەسک نەبوون،
سەربەستتر بوون،
منیش سەمای بەرباد بۆنی خۆمم دەکرد
تا لە خۆشییان لە هۆش خۆم بچم.

# سروودی ئاوابوون

تارماییی (با)
لە سپیاتی مانگەشەو گیربوو،
جووتە سەگێکی بنارێکی سارد،
لە ماڵ بەجێماو،
بۆ هەوەس وەرگرتن یەکتریان دەگەوزاند،
تا وشک بنەوە و دوای خاوەن ماڵ بچنەوە خاک،
تۆ ماوی،
سپیاتی ئەو مانگەشەوە
و سپیاتی ئەو پووشەلانە
یان بەفری کوێستانەکان،
کامیان دەکەیتە،
کفنی ئەو شەوەت؟
دەرگا لەسەر خۆت دادەخەیت،
نەشچیتە،
بنارە ساردەکە،
گوێت لە سروودی ئاوابوون دەبێت،
گورگەکان بە کۆمەڵ،
لە ترۆپکی تەنیاییی خۆیان دێنە خوارەوە،
سروودی ئاوابوون دەڵێن،
سپیاتی مانگەشەو،
لە سروشت جیا دەبێتەوە،

بەفریش لە شتە پیسەکان،
پووشەڵان،
نەمری دەدات بە خۆی،
کامیان دەکەیتە کفنی ئەو شەوەت؟
بەسەر (با)یە بەجێماوەکاندا پەرت دەبیت.
گیایەکی سەرەتایی،
لە شوێنەوارت شین دەبێت،
سروشت تووشی سەرسامی دەکات،
بەئەسپایی،
دەگەڕێتەوە شوێن خۆی،
و خۆی مات دەکات.

# سەمای بەفری ئێواران

١٩٧٩

شیعر هەولێر

پێـویسـتـە لە سـەردەمـە جـەنجـاڵە پڕ لە
ئاژاوەکانیش بە هێمنی بیر بکەینەوە
(بۆریس باسترناک)

## سەرەتای دەرکەوتن

ڕێگای ئەوبەر بەتەواوی لە تاریکی ون نەبووە،
بێیت دەتبینم،
تارماییيەکەت،
چیلە بەردەکان،
و تاریکی بەجێ دێلێ
ماوەیەک لە چەم دوادەکەوێ
بەگریانەوە تا نیوەی ڕێگا بە پیرتەوە دێم
"نەهاتبای لەبەر سەرمایە دەوەستام تا دەمردم"
یەکتریان تەواو گرتە باوەش
بەفرێکی ئەستووریان بەسەردا باری
بووە شوورەیان
ئەها هەردووکیان مردن
"نەء نەمردوون،
وا چراکەیان خۆش دەکەنەوە."

## دووڕیان

بەرەو دووڕیانێک دەڕۆن،
یان پێک دەگەن،
یان لە یەکتری دادەبڕێن.
ڕێبوارێکی زۆر لەو دووڕیانە پێک گەیشتوون،
زۆریش لێی لە یەکتری دابڕاوە.
ئەوە دووڕیانە،
مەترسی نێوان هەردوو جیهانە.

# ڕەنوو

رەوە کەوێک،
کەوتنە ژێر رەنوو بەفرێک و نەدۆزرانەوە،
کەوەکانی تری هاوڕێیان،
پرسەیان بۆ دانەنان.
ئەو کەوانەش تا ئێستا،
لەسەر تاوێرە بەردەکان،
بۆ راوکردنیان دەخوێنن.

١٩٧٨

## زنار

بوویتە بارانی دەم بایەک،
و دوات کەوتم،
تا لە چۆمێک ببیتە رووبار،
منیش پەلکە گیای هەمیشە سەوزی کەنارت
یا زنارێ،
تۆش شتلە گوڵێک،
بێ بوونی من هەڵنەچیت.

# گەرمبوونەوە

زستان زۆر شتی دەبەزاند،
برینەکانی بووبوونە پیرەدارێکی کلۆری،
سەر گۆڕستانی دەم ڕێگایەک،
ڕۆژ تا ئێوارە ئاگرم لەسەر دەکرایەوە.
جارێکیش سەرما تۆی نەهێنایەوە ئەو ناوە
بۆ نەهاتی خۆت بەئاگری روحم گەرم کەیتەوە
سەرمایەکی کوشندە بوو
زستان دنیای داگرتبوو
بۆ نەهاتی،
وەکو بەردێکی گەرم داهاتووی بەر هەتاو،
لە ناو قەدمدا بتۆێیتەوە.

# وردبوونەوە

ئەستێرەیەکە،
پێش تاریک داهاتنی ئاسۆ هەڵدێت.
کەمێکیش بەسەر لووتکەکان دەمێنێتەوە
ئەستێرەیەکی ئاشقە
سەرقافڵەیە
بەتەواوی نەوی دەبێت
کە ئاوا دەبێت نارەحەت نابم
دەزانم،
سبەی ئێوارە لە شوێنێکی تر هەڵدێتەوە
جریوە دەهاوێتە ناو بەردەکان
منیش بۆ چەند ساتێک بەختیار دەکات

١٩٧٨

# کۆچی کۆسار

دارستانێکی چڕ و هێمن بووی،
سێبەرت لەو کۆمەڵە گۆمە و ئەو کاروانچییانەش دەکرد
دڵدارەکان دەهاتن،
لە ژێر چڵە تەڕبووەکانت دەمیان بۆ دڵۆپە ئاو دەکردەوە
جلەکانیشیان بە قەدی درەختێک هەڵدەواسی
سەرمایان بوویایە،
هەندێک لە چڵی وشک بووەوەیان
دەشکاندەوە ئاگریان پێ دەکردەوە،
پەناگا بوویت
چیت بەسەرهات؟
چ بوومەلەرزەیێک بوو وای رماندی؟
یا رەشەبایەکی شێت و هار بوو
سێبەرەکەشی هەڵگرتی.

# عەشقی دارەبەن

سەرم بخە ناو ئەو دڕکانە
یان بە چیلە بەردی دەوری ئەم کانییەی دادە
چۆن بەو خۆشەویستییەم نەدەزانی،
زەمانێک بوو تینوو بووم
سەرگەردانیش بووم
ڕووبارێک بە ژێر بەفری روحمدا دەڕۆیشت
تا ئێواران نەمدەزانی.
هەموو ئەو دڕکانە بێنە
لەگەڵ چڵەکانی ئەو دەربەندە
لە روحمدا بیانسووتێنە
چۆن بە قووڵاییی ئەو خۆشەویستییەم نەدەزانی.

١٩٧٧

# بەسەرهاتێک

شەوان دەهاتی،
بە پەلە ئامێزە دارت دەهاویشتە سۆباکەم،
ژوورەکەت گەرم دادێنام،
بەسەرهاتی زەمانی زووی،
ژیانی پشت ئەو گوندانەت بۆم دەگێڕایەوە
دەمزانی لەگەڵ دنیادا کۆنی.
کەسم ئەوەندە خۆشنەویستووە،
چی بکەم؟
چی تۆم لە بیر دەباتەوە.
زەمانێک بەسەرچوو
رووم لۆچ لۆچ بوو
سەرم سپی بوو
نامەت نەنارد
نەمزانی نامە نانێری
یان نەگەیشتوویتە گەرمای عیشق
زەمانێک بەسەرچوو،
تەنیا لەسەر تابلۆکان ماوی

١٩٧٧

# گەشتێک

کۆترێکی برینداری بە ئازار بوو،
خوێنیشی بە لەشییەوە بوو
نیوەی لە ناو هێمنیدا بوو
نیوەکەی تریشی لە زریاندا بوو
هەرچی کۆتری ماندووی دنیا هەنە
بەدواوەی بوون
رەوێکی گەورە بوون
دایانە شەقەی باڵ
بۆ ناخی ئەشکەوتێک فڕین
لە ڕێگا هەندێکیان،
خۆیان بە دیواری ئەشکەوتەکەدا دەدا،
ئەوانەی چووبوونە قووڵایی
هەڵنیشتن،
زەمانێک بەسەرچوو
کۆترەکان نەگەڕانەوە
کەسیش نەبوو بەدوایاندا بچێت و بۆ دەرەوەیان هەڵفڕێنێتەوە

١٩٧٨

## راوەداڵ

داڵەکان ئاسمانیان گرتووە،
دەبێ تەرمێکی زۆریان لەسەر زەوی دیبێت،
بە درێژاییی ئەو رۆژە
ئەو ناوەیان بەرنەداوە،
گەر تا ئێوارە بمێننەوە
ئەستێرەیەک دەرناکەوێ،
و دڵیشم شەق دەبات.

١٩٧٨

# گەورەبوونی شەپۆڵەکان

ئێوارەبوو،
پەنجەکانت بوونە پایز،
هاتنە ناو دڵم،
هەڵوەرین،
دڵم رژایە سەر گەڵا وەریوەکان
باڵندە دەهاتن قاچیان تێ وەردەدا
با چڵەکان زیاتر بچەقێنە دڵم
بەفر لە سنووری دڵم بەملاوە نابارێ
وەرە ژوورەوە،
دڵت لە سپیاتی رادێت
پڕ ژێری رووبار دەبێت
گەڵاشی دەڕژێتە ناو
مێگەلی دێتە سەر،
وەرە ناو دڵم،
گیانم بەختیار دەبێت.

١٩٧٧

# لۆرکای زیندوو

تەرمێکی درێژکراوی ناو ئێوارەیەکی پایز،
لەشی بووە بەئینجانەیەکی وردیلە،
و گوڵاڵەی تێدا کۆبۆتەوە
پاش هەڵکردنی رەشەبایەک
گوڵاڵەکان بەرز دەبنەوە
و بەسەر خاکدا دەکرێنەوە
و بۆنیان خاک دەگرن
ئێوارەکەش ناڕەحەت دەبێت
ئەها،
ئەوە دوو دڵدارەکەی بنار شاخ،
هاتنە خوارەوە و بەسەریدا بگرین.
ئەو شەویش تەرمەکەی لە شەقام دەمێنێتەوە
لەشی دەبێت بە ئینجانەیەکی گەورەتر
گوڵاڵەکانی دنیای تێدا کۆ دەبێتەوە
شەقامێکی چەند سامناکە،
تەرمەکەش دوای ئەو هەموو ساڵە دەڵێی نووستووە.

# گەورەتر نیت لە خەمی ناو جانتای شاعیرێک

١

لە ناو بەفراوی چاوەکانتا،
هاوین درەختێکی وشکە.
بانگی رەوە باڵندەکانی شەو دەکات
لە شارێک بۆ شارێک
لە گوندێک بۆ گوندێ
دەفڕن.
دڵیشت لە ناو دڵمدا،
پەڵە هەورێکی نیگەرانە
لە ئاسمان ئۆقرە ناگرێ
خۆشم دەوێی
ئەگەر دەڕۆی،
هۆنراوەکانم بکە بە تووتنی سیگاری،
تەواوبوونی رێگا
خۆتی پێ لە بیرکە
منی پێ لە بیرکە
ئەگەر مردیت،
وەکو رووبارێک بمرە
با شوێنەواری کەنارت هەر بمێنێ

٢

گەورەتر نیت لە خەمی ناو جانتای شاعیرێک
داماوتر نیت، لە ڕێگایەکی چۆڵوهۆڵ.

٣

هەواری گیانی ئاوارەبووم،
لەبەر هەتاوێکی گەڕۆک
دەبێتە باوەشێک چیلکە
و کچانی گوند،
لە ئێوارەیەکی نارەحەتدا
لە باوەشیان دەیسووتێنن
تۆش جاروبار لە ناو بەفر
یان لە کاتی خۆرهەڵاتن،
خۆت نیشان دەدەیت و دەڕۆیت.

# یەکسانی

لە ژێر شاخێک ناخەوم،
شەو لە کەوتنی بترسم،
ناشچمە ناو دارستانێک،
باڵندەکانی ناوی،
لەگەڵ خشپەی پێم هەڵفڕن
یان رووتەنێک بای لێ بێت
تۆشم خۆش ناوێت،
تا بەقەد خۆم خۆشمت نەوێت

١٩٧٧

## رووناکی

چرایەکە ببە و لە پشت کێلی،
ئەو گۆڕەی دانێ،
گەر بەهار بێت گوڵاڵەکان،
ئەگەر هاوینیش بێت،
پووش لەگەڵیا دێنە سەما.
رووناکییەکەش،
دەبێتە رێگای کاکێشان و
فرمێسکەکانیش،
بە ئەستێرە.

١٩٧٦

# نەگەڕانەوە

ئێوارەبوو،
کۆچت کرد.
ڕێگای چوونە سەر ئاو گیرا،
پەیوەندی نێوان دڵم و ملیۆنەها چۆلەکەی،
ناو پەرێز پچڕا.
دڵم چی بێت؟
کۆتر بێت؟
شاخ بێت؟
شاخ لە دڵم ئاوا نابێت
و دڵیشم لە شاخ.

١٩٧٦

## ئەفسانە

بەفری ئەو هەڵدێرە لامەدە
(با) لەسەری هەڵدەخلیسکێ
لەبەر ئەو زریانە هەمیشەییە
درەختیش ناڕوێ
بەفر خاکی رووتاندۆتەوە
دەگێڕنەوە
"جارێک رێبوارێک،
بۆ دەرهێنانی هەنگوین چووبووە سەری
سەراوسەر بۆ خوارەوە،
هەڵدێرا.
لاشەکەشی نەدۆزرایەوە"
نزیکتر مەکەوە،
ئەفسانەیە.

١٩٧٦

# گەڕانەوە

شەوان درەنگ،
کاتێ رەوە سەگی خوار ئاوایی دەوەڕن،
دەڵێم دێیتەوە.
یان بەو نزیکانەدا دەڕۆیت.
کاتێ بارانیش،
بۆ چەند رۆژێک کڕ ناکاتەوە،
لەو پردە دەترسم ونی کات،
کە بۆ ئێرەت دەهێنێتەوە،.
خۆ ئەگەر بزانم لەوبەری پردەکەی،
ئەوە شێت دەبم.
تا گوێم لە سەگوەڕ بێت و
دووریش بوەڕن
و
رووبارەکەش هێمن هێمن نەبێتەوە،
لە نارەحەتییان ناخەوم.

١٩٧٧

# هەورێکی نوێ

له جاران زیاتر خۆشم دەوێی
یان بە هەموو شتێکەوە بۆ خۆتم بەرە،
یان مەڕۆ،
بزنەڕێیە،
بۆ کوێ دەچیت؟
مەڕۆ،
لە ڕێگا،
نە هاژەی چەمێک،
دەبیسی،
نە شەوێکی سپی لە بەفر
دەبینی،
بمکوژە ئینجا بڕۆ،
خوێنم بەتاڵ کە سەر بەردان
سەرکا،
چۆن دەتوانی هەوری نوێی،
ئەو پایزەش نەبینی بڕۆیت
کێ لە دڵدارانی دنیا پێک گەیشتوون،
تا ئێمەش پێک بگەین.
"ڕەشبین مەبە
دڵفراوان بە
دەڵێی فێربووی

پاش بەفربارین،
داو بۆ ریشۆڵەکان دانێیتەوە!
یان بەرد بخەیتە کانیاوەکان،
تازە بۆ کوێ؟
چ لەم خۆشەویستییە سەرکێشەت،
رزگارت دەکات.

١٩٧٧

# نشوستی

مانگەشەوێکی ترم نەبینی
لە دیوێکی تری ئەو شاخە بدات،
یان زستانێک
لە بەیانییەوە
تا ئێوارە
بەفری سەربانان بماڵی
یان تەنیا جارێک،
لە خۆشەویستی نشوستی نەهێنی.

١٩٧٨

# ترۆپکی عەشق

دوو لووتکەی ناو تەمێکی خەست بووین،
پڕی سەر سەرمان ئەستێرە بوون.
لوورەی گورگانمان نەدەگەیشتێ،
شەوان،
مانگ زوو تریفەی لێ دەداین،
بەیانیانیش،
خۆر تیشکی خۆی بۆ دەهاویشتین
کە تاریک دادەهات،
لە یەکتری نزیکتر دەبووینەوە
تاریکی،
دۆڵ و قەدپاڵەکانی نێوانمانی تەخت دەکرد
لەو رۆژەی ئێمە لە یەکتری
جیا بووینەوە
لووتکەکانیش،
کڕ نەبووینەوە.

١٩٧٧

# سێبەر

ئێوارە نەما،
سێبەری قەڵاش،
کشایەوە بنی،
ون بوو.
دەبێ تا ئێوارەیەکی تر،
چاوەڕوانی درێژبوونەوەی سێبەر بکەم
ئێواران سێبەری قەڵا،
دەگاتە سەر ئەو کانییە و
نیوەی ئەم ڕێیە.
لەگەڵیا رادەکشێم
داڵەکانی سەر شوورەی راو دەنێم
ئێوارە،
قەڵاش،
سێبەرەکەی تێکەڵ بە تاریکی بوو،
تێکەڵ بە دەنگی بۆقەکان بوو
ئەو شەویش چراکەم نەوتی کەم بوو،
دوێنێ شەو تا بەیانی داگیرسابوو،
دڵت چرابوو؟
نەخێر ئاو بوو
شەوان ئاوەدانییەکی باش بوو،
دڵم نەهات بڵێم مەیبە

لە ڕێگا دەبێتە باران و دەکوژێتەوە
چرای دڵی تۆ،
لەبەر بای روحی من نەبێ ناسووتێ.
ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە،
دەزانم جێم ناهێڵی
ئێواران،
لەگەڵ سێبەری قەڵا رادەکشێین.

١٩٧٧

## شووره

سەگوەڕێکی توووند،
لە پشت ئەو کێوانە دێت،
کێوەکانیش شەوان وێک دێنەوە،
شوورەیەکی قایم بەدەوری دڵمدا دەکەن،
و دڵیشم لە خۆشییان،
تا بەیانی بەئاسوودەیی دەخەوێ

١٩٧٨

## لەگەڵ ئێوارەکەش تەواو نەبوو

هەتا دنیا تاریک دانەهاتووە،
جارێکی تر خۆتم نیشاندە
لە ئێستاوە بچمەوە ژوورەوە چی بکەم
ژوورەوەم،
دارەمەیتێکی رەنگ پەڕیوە.
بەس نییە ئەو هەموو شەوانە بیرت دەکەم،
بێداری دەمکوژێ،
و هیوای بینینت زیندووم دەکاتەوە.
ناچمە ژوورەوە،
هەر وێڵی سەر شەقامەکان دەبم،
با شتێک بەدەرەوە نەمێنێتەوە،
دەسووڕێمەوە
شەویش سارد دەبێت،
بەیانیش ساردتر،
ئاگر
ناکرێتەوە،
رەشەباش ساقۆی سەر شانم دەبات،
لەسەر شۆستەیەک رەقم دەکاتەوە
تۆش بە مردنم نازانی
بە ساکاری دەخەوی
بەساکاریش دنیا دەبینی.

کەی وات لێ دێت بە کێوان کەویت
یان وەکو من بکەویتەوە سەر شەقامەکان،
و مێشوولەکان بێزارت کەن،
گوێ بۆ لوورەی با شل کەیت،
شتێک بخەیتە بەردەمی سەگە بەرەڵاکان
ئاخ بۆ ئەو شەوانەی،
بێدار بیت و بچیتە ناو تەنیاییەکی قووڵ،
وێڵ بیت،
نەتوانی وەکو من،
لەبەر عشق بخەویت،
شەودرەنگان،
پاسەوانەکانی تەنیاییەکەت بناسنەوە

٢

بلوورێنە
بەرووی ئەو شوێنانەی،
کە ئێواران منت لێی دەبینی،
ئەوا منیش جارێک خۆمت نیشان دەدەم و
خۆشمت لە پەنا ئەو کێوە لێ دەشارمەوە
دەزانم دڵت توونـد دەبێت،
دەزانم زۆرت خۆش دەوێم،
دەزانم دەتەوێت کێوەکە هەڵکەنی
و منت لێ دیار بێت.
چی دەکەی
تا شل دەبیت دەگریت
لە با توونـدتر دەلوورێنی،

"چیت بەسەر هاتووە
ئەوەندە باسی بێداری شەوانی خۆتم بۆ دەکەیت"
دڵت ببێتە (ئاگردان)،
و بای عیشق،
بەردەوام پشکۆکانی دەگەشێنێتەوە.
بێدەنگ دەبیت
بێدەنگ نابیت
بەردەوام پێم دەڵێ
"خۆشم دەوێی،
ئاگرم تێ بەربوو"
بای عیشق،
ئاگرەکە خۆش دەکاتەوە،
بانگی ئاگر کوژێنەوە مەکە
خۆشم دەوێی،
ئێوارەیەک وات بەسەردێ
"لە هەموو رووتەنێکی سەرزەمین،
دەبیتە کۆمەڵێک درەخت و هەڵدەچیت
ئاشنایەتی لەگەڵ رێبوار و باڵندەکان نەبێت ناکەی"
دەزانم دوای چەند شەوێکی تر،
دەبیت بە دەریاچەیەک و
ساتێک مراویت لە قەراغ نابڕێن،
کۆتر،
بەسەر سەرتەوە دەفڕن،
پەڕەسێلکەش،
قوڕ لە کەنارتا دەبەن.
ئاشتییەکی تەواو لەو ناوەدا بەرپا دەبێت،

بۆچی دەچیتە ژوورەوە،
حەز دەکەم زیاتریش بتبینم،
ئێوارە زووە،
هێشتا کەس چرای پێ نەکردووە،
خەڵکیش بە سەربانەکانەوەن
ئەستێرەیەک دەرنەکەوتووە،
خۆشم دەوێی،
بچمە ژوورەوە چی بکەم،
شوانەکان بە قەدپاڵەوەن،
هەورەکانیش،
رەنگی سووری ئاسۆیان بەرنەداوە،
هێشتا پەڕەسێلکەکانی ژوورەکەشم،
هەر قوڕ دێنن
و بۆ چۆمەکان دەفڕنەوە،
مەچووە ژوورەوە،
برینەکانم گەورە بووینە
خۆشم بوویمەتە دارێکی کلۆر
با بە ئارەزووی خۆی بەناویدا،
دێت و دەچێت،
تۆیش لە ناو ئێوارەدای،
خۆشم دەوێی،
وێڵم،
لەسەر شەقامەکان وەرکەوتووم،
"لە ناو ئێوارەی،
لە ناو دڵمی "
بۆ ئەوەی بەشێک لە بەختیاریمان دەست کەوێت،

دەبێ دەوروبەرمان ببێتە وڵاتێکی هێمن.
مەچۆرەوە ژوورەوە،
هێشتا بۆقەکان،
قیڕەیان نایێت،
ئەو (با)یەش رووی نەکردۆتە لای تۆ،
لوورەی منت بۆ بێنێ،
دەڕۆی،
پەردەکان دادەدەیتەوە،
دەرگاکان دادەخەی،
چرا دەکوژێنیتەوە،
بەساکاری دەخەوی،
منیش لە ناو ئەو سایەقەدا دەسووتێم
کەسیش بەم سووتانەم نازانێ.

١٩٧٧

## سەردان

شەوان بە تەنیا،
وەرە سەر گۆڕەکەم،
گۆڕەکەم،
پڕە لە خۆشەویستی تۆ،
ئێوارە دادێت،
چەپکە گوڵ دێنیت،
ئاگریش دەکەیتەوە،
چی دەکەی؟
دەگری،
شەپۆڵەکانی ئەو رووبارەی،
خوار گۆڕەکەشم دەژمێری،
تا نیوەشەو و بەیانی رادەمێنێی،
زریانێکی توند،
درەختی سەر گۆڕەکەت بشکێنێ،
بەژنێکیش بەفر بباریێ،
چی دەباریێ با بباریێ،
شەپۆڵەکان،
لە بەردەستمدا رابکەن.
دیسان دەیانگرمەوە.
تا لە کەناری گۆڕەکەشت بم،
ناترسم،
و ناڕۆمەوە. ١٩٧٧

# ترۆپکی سێبەر

١

بیابانێکی گەورەیت،
و هەر سێبەری هەورت بینیوە،
سێبەری هەوریش،
بۆ چەند ساتێکی،
رۆژە ساردەکانی زستان
رەنگیشت خۆڵەمێشییە،
درەختت نەبینیوە،
بەفریش هەر هیچ،
جارێک بەفرت بەسەردا بباریّ،
گوناهەکانت دەشواتەوە،
رەنگیشت سپی دەبێتەوە،
نیوەشەوانیش،
فڕکە فڕکی باڵندەکانت،
لە دەوری نابڕێن.

٢

تا دەگەیشتیتە ژوورەکەم،
بەفرێکی زۆری لیّ دەدای،
لەشت دەتەزی،
لە بەردەرگا،

خۆت لە بەفر دادەوەشاند
لە زریانیش دەچوویتە دەرەوە،
بە ئەسپایی خۆت بەسەر برینەکانم دادەدا،
ئامێزێک دارت دەخستە سۆبا،
ژوورەکەم گەرم دادەهات،
ئێمەش لەگەڵیا گەرم دادەهاتین،
لەسەر تەمی سەر پەنجەرەکە دەتنووسی،
"دنیا بە خۆشەویستییەوە ماوە،
تۆم خۆش دەوێ بۆیە دەمینێم"
دەمێک دەوەستایت،
تا درەنگ رادەمایت،
سەرما لەشی باڵندەکانی شین دەکرد،
بەفربارین دەوەستا،
باڵندە دەردەکەوتنەوە،
بە باڵەفڕە دەهاتنە سەر بەفر،
نزیک داوەکان،
ئەها، ئەو پۆلە مەلە،
نەچوونە ژێر سواندەکان،
ئەها وا بەناو بەفردا دەچنە خوارەوە،
خۆزگەم بەخۆیان،
چەند جوان تێکەڵ بە بەفر بووین،
کردییەوە بەفر،
داریشمان نەماوە بیخەینە سۆبا،
جیهانی باڵندان خۆشە،
ئەوان ئاگر ناکەنەوە،
ساقۆ لەبەر ناکەن

ناشگرین،
ڕێگاکان،
کێوەکان بستێک دیار نین،
"دەبێ ئەو شەویش بگەڕێمەوە،"
"ئەمشەویش مەگەڕێوە"
ڕێگا گیراوە،
ڕۆژ بێتەوە کوتەک لە ڕێگاکان دەدەن،
"بەفرەکە وەستاوە،
هەوریش،
بەرەو بادینان ڕۆیی،
مانگیش دەرکەوت،
بەسەر بەفردا دەگەڕێمەوە.

# سەمای بەفری ئێواران

بەفر تا ئەو شوێنەوە،
ئێوارەکە،
تۆم لێی بەڕێ کرد،
باریبوو،
بەهار،
لە ژێر پێخوستی بەفردا،
نەمابوو،
نازانی چەندەم خۆش دەوێی،
شەوان کوندەپەپوو چیم بەسەر دێنێ،
هەموو شەوەکانی،
پایزی پار گوێت لە دەنگی بوو،
ئێستاش بەردەوام دەخوێنێ،
"پار منیشت فێر کردووە
گوێی لێ بگرم".
هاوینانیش لە کاتی تووتن رستکردن،
خۆت بە باوەشم دادەدا،
دەترسم و دڵم توووند دەبێت
ناچمەوە تووتن چاندن
ناچمەوە تووتنکردن
گوڵە حاجیلە لە بانان شین دەبن،
بنارەکان دەبنە گۆمێکی سووری لە گوڵ

ڕەنگە هیچ لەبارەی منەوە نەزانی،
شاخەکان چەقیونەتە دڵم
خوێنم دەڕژێتە سەر قەدپاڵەکان
دنیاش دێ و دەڕوات
بەفر خاک دەگرێ
پووش خاک دەگرێ
باران و خاک و عارد سوپاسی یەکتری دەکەن
هەر خۆشم دەوێی،
لە بەفرمان گرن
پەنجەکانیشمان لە خەنەی گوڵە هێرۆیان.
لە گیامان بگرن
لە شاخمان بگرن
ئەگەر وامان بە سەردا نێت،
ڕۆژێک دێت،
دەمانچەیەک لە ناو دڵما بەتاڵ دەکەم.

# مێرگ

سەری بەسەر دارستانێکی مێژوویی ناو دۆڵێک داگرت
هزری پارچە پارچە بوو.
پارچەکانیش بوونە بەردی ناو هەتاو،
رەوە چۆلەکەیان لەسەر دەنیشتەوە
شوانەکانیش،
لەسەریان دادەنیشتن،
و شمشاڵیان لێ دەدا.
شتێکی سووریش،
لە دڵیانەوە دەڕژایە سەر بەردەکان
دەڕژایە سەر نێرگزەکان.
"ئەو نێرگزجارە هێشتا دەستی لێ نەدراوە"
ئەو کاتەتان باش نێرگزەکان.
هەموو کاتێکتان باش نێرگزەکان
ئێوەش چۆلەکەکانی ناو بەرد
پەروباڵتان هەڵنەوەرێ،
شەویش فڕینتان لەبەر ترسی کشە و چرپە نەبێت.
ئێوەش ئەی چۆلەکەکان،
ئێوارەتان باش.

# گۆڕان

کەناچەیێ،
ئێواران تەواو نەوی دەبێت
یان سەراوسەر بۆ ناو گۆمێک دێتە خوارێ
دەنووکی تەڕ دەبێت،
و بەرز دەبێتەوە ئاسمان،
کەمێک لە ناو گەڵای درەختێک دەنیشێتەوە.
خۆی دەداتە بەر سێبەرێک
تیو
تیو
کەناچە.
نیوەڕۆیانیش،
لەگەڵ لەشکری چۆلەکان تێکەڵ دەبێت،
و پەرت دەبن.

## سەمای شەپۆڵەکان

دەگریت و ڕەوە تەیرێکی ناو گیا،
بەباڵەفڕە لێت نزیک دەبنەوە،
دنیای تۆیان بە دڵە.
بە دڵی منیشە
دڵت لە نیوەڕۆی ئەو گەرمەسێرە،
نساری شاخێکی بەرزە.
لەبەریا دەخەوم.
مەڵێ مەخەوە.
پڕی مارە،
پێتەوە دەدەن،
لە سێبەری دڵی تۆدا،
دڵم لە خۆشییان دەوەستێ
بۆم مەگری،
خاک لە فرمێسک هەڵدێت.
(با)ی دەربەندەکە وەستا،
ئێمەش لە گوڵاڵەکان خامۆشتر دەبینەوە.

١٩٧٧

# باش ئەو درەختە هەڵناکەنێ

گەڕامەوە لای ئەو درەختەی،
ئێوارەکە لە سەرت نووسی
"هەتا هەتایێ خۆشم دەوێی"
دەستم لە قەدی وەرهێنا و،
بەڕووی سەرمادا وەستام،
بەڕووی یاڵەکاندا گریام
رەشەبای دنیام بەسەر وەر بوو،
چرایەک پێ نەکرا،
منیش هەر مامەوە.
رەشەباکە توندتری کرد
و لە دارستان ون بوو،
هەرچیم دەکرد دەستم لەو درەختە بەر نەدەبوو،
بەسەر ئەو بەردەبازەی لەسەر رووبارەکە کردبووت،
پەڕیمەوە.

# نوێشکی خۆشەویستی

دەهاتیتە دەرەوە،
کوندەپەپووی سەر درەختەکانت هەڵدەفڕاند،
"هەورەکە تیری کردەوە،
چییە دەترسیت:
دەڵێی ڕێبواریت نەکردووە،
هەر ئێوارەیە و دەشێوێی"
چییە گەر لەسەر ئەو ئاوە بمرم؟
یان تۆ بمریت،
بۆ دوورم هەڵگرە،
دوای دەمێکی تر دنیا تاریک دادێ
ئاوەدانییەک لەو شاخانە نادۆزیتەوە
ئەگەر نەیێیت چرایەک پێ ناکرێت،
خۆم دەخەمە ئەو رووبارە تیژەی بەردەمم.

١٩٧٧

# کوکوختییەکان

ڕەوە کوکوختییەکی ماندوو،
هاتنە سەر سەرم
لەگەڵ ڕەوێکی تر،
لێکیان دا و بوونە ڕەوێکی گەورەتر،
سێبەریان بە سەر سەرمەوە دەکرد
کوکوختییەکان،
چیتان دەوێ؟
"دارکاژ دارکاژ"
دەبا سەرم دارکاژێک بێت،
و هەرکات ویستتان لێی بنیشنەوە،
شوێنێکی ئارامە،
کەس نایەوێت هەڵتان فڕێنێ
بۆ کوێ دەفڕن؟
بۆ کوێ دەفڕن؟
هەرچوار لاتان رووتەنە
بایەکی توند هەڵبکات
پەڕوباڵتان هەڵدەوەرێنێ
دارکاژ
دارکاژ
"لە کەناری شەقامێک بێت
بەس لە قەفەزی حەوشەی ماڵێکا نەبێت
دەچینە سەری و ئێوارە باشی لێ دەکەین".

# باڵێی هێمن

شەو و رۆژێک بوو،
بەفر دەباری،
سەبرت نەما،
ملی تووڵە رێگایەکی رووەو هەورازت،
گرتەبەر
لە رێگا،
رەنوە بەفر رێگایان پێ دەگۆڕی،
زریانیش لە رووتی دەدا،
تا بەتەواوی نزیک نەبوویەوە،
لەبەر باڵێی هێمنی نەتم دەبینی
دەهاتی،
کەسیش شوێن پێی لەسەر بەفر نەدەبینی
لە رێگا،
بۆ ساتێکیش منت لە بیر نەدەچووەوە
لەگەڵ بەفر
باڵێی هێمنیتان دەکرد.

# دڵت

دڵت لە بەرد هێمنتر بوو،
مێژووشی مێژووی دڵم بوو،
دڵت لە ناو قەڵایەکی عاسێ بوو
نەدەگیرا،
کوا دڵەکەت؟
ئەوا ئێستا،
سەرکردەیەکی رووخاوە،
شەوێک،
لە مەیخانەیەک دەخواتەوە،
و دوایش دەگری.

١٩٧٨

# ئاوابوونی مێژوو

١

با گۆڕەکەی تەخت کرد،
بەردەکان دەرکەوتن،
چی تر بەسەریدا مەگری،
دوای ئەو لافاوە سەختە،
بەخاک و خۆڵەوە هەڵی دەگرێت
ساردوسڕی دەکاتەوە،
چی بووە ئەو بایە وا توونده،
ڕێگای ناو بەفریش تێک دەدات،
تۆش وا زوو زوو دەچیتە ژوورەوە
دەرگا لەسەر خۆت دادەخەیت و دەگریت،
ئەو کونانەی بایان لێ دێتە ژوورەوە،
هەموویان دەگریت،
بۆ دەترسی
با (با)ی هەر بێت
ئەوەی دەشیبات با بیبات
ئێوار دنیا هێمن هێمن دەبێتەوە.

٢

پەنجەرە لە رووی تەیرێک دەکەیتەوە،
وێڵی ناو تەم و زریان بووە،

ئەوی دەبێ و بە سەر گۆڕستانێک،
تێ دەپەڕێ،
وەرە ناو ئەشکەوتی روحم،
با لە ناو بەفری جەستەم گەرم بیتەوە،
زۆرم خۆش دەوێی،
دڵم کەوتۆتە ناو بەردەڵانی دڵت.
چی تر مەبە خۆری ئێوارەی پایزان،
لە دۆڵێکی قووڵدام
خۆر کەم دەبینم،
مەبە رێبوارێک،
تا نیوەی رێگا لەگەڵما بیت،
خۆشم دەوێی،
رووی ئەو چرایە،
مەخەرە بەر با،
با رووناکی بگاتە
پشت پایز و
ناو بەهار
و دڵی زستان
شوورە بەدەوری چی دەکەی؟
دان بەو خۆشەویستییە بنێ
گەر سەگوەڕ دنیا بگرێ
دەرگای دڵم لەسەر پشتە.

١٩٧٦

# مردنی شاعیرێک

ئەوە تەرمی شاعیرەکەیە،
هێنایانەوە سەر ئەو درەختەی
سێبەر بەسەر ئەو کانییە دەکات،
سێبەرەکەشی تاریک دەکات
ئەوە تەرمە؟
یان دارستانە،
یان هەورە؟
باڵندەیەکی زۆری دواکەوتووە،
بەفرێکی زۆری بەسەریدا دەبارێ
ئەمشەو کێ بەدیارییەوە دەمێنێتەوە؟
شەوێکی خۆشە!
ئاسمان پڕی ئەستێرەیە،
ترس لە ناو شەوی زستاندا نەماوە،
کێ بەدیارییەوە دەمێنێتەوە
هەر ئەو شەوەیە،
بەیانی کۆتەڵەکەی لەو شاخە ئاوا دەبێت،
لەودیویش رووبارێکی گەورەمان دێتە پێش،
ئاو تا ناوقەدمان دێت،
دەپەڕینەوە
ئەویش دەخزێتە دۆڵی هەمیشەیی،
و بەڕوخسار لێمان ون دەبێت.. ١٩٧٧

# عەشقێکی تر

ئەستی:
"خودایە بەفرێکی وا بباریٚ ماڵ لە ماڵ نەکات
هەرچی خێڵەسات هەیە،
بۆ کوێستان ریٚ برِ نەکات
چونکە ناهێڵن فەرخیشمان لەگەڵدا بێت"
فەرخ:
"خۆپەرستین
لە رێی ئەو عەشقە پیرۆزە خۆپەرستین
شوێن کۆچ هەڵدەگرم،
چۆن شوان
لە دەمەدەمی خۆرئاوا،
دوا گەلی بە جیٚ دێلیٚ
و لە بنار دەکاتەوە
منیش ئەوها،
بە هەواری ئەمساڵیشتان دەکەومەوە"
کۆرس:
"دوو کەروێشکی بەربارانن،
خۆتان داوەتە بەر هەتاو
بەناو چرۆدا غار دەدەن
شەوان لە هەردان دەمێننەوە
هێشتا باڵندەکان،

له بەردەستتان راناکەن
ئەستی:
"ئەگەر تەم بێت
بەفر خاک بگرێ
پووش و پەڵاشیش دیار نەبێت
تووشی رەوە گورگێکی برسی بوویت
لە رێی ئەو کۆچەتدا دەمریت.
کۆرس:
"نە تۆ بێ ئەو دەمریت
نە ئەویش بێ تۆ"
ئەستی:
"دیارە ناهێڵن
لەگەڵمان بێیت
چی بکەین؟"
فەرخ ملی نا و رۆیشت
ئەستی:
" هەی ماڵوێران بووەستە
تا دەتگەمێ
بۆ کوێ دەڵێی پێکەوە دەڕۆین.

١٩٧٨

# سۆزی درەخت

ڕێگای بەر دەربەندێکی سەخت گوتی:
"لەوەتەی هەم،
چرایەکی داگیرساوم،
بەسەر خۆمەوە نەبینیوە،
زۆر شەویش دڵم بن کۆڵ کراوە،
گەیشتووەتە ئاو.
ئێواران،
دڵم هاتوچۆکردنی بەسەرەوە نامێنێ،
ڕەوە داڵیشی تێوەردێن،
هەقمە شەیدای،
ئاوەدانی و چراخان بم.
درەخت گوتی"
دەنا منیش زەمانێکە،
بە ڕووی ئەو دەربەندە هەڵچووم
و هێلانەی ئەو لەق لەقەشم هەڵگرتووە،
لەق لەق گوتی:
پیریش بووم لەبەر دڵی ئەو خۆم پیر ناکەم
بەهاران زوو دەگەڕێمەوە،
لەسەر هیچ درەختێکی نوێ نانیشمەوە،
دێمەوە هێلانە کۆنەکەی،
هێلانەکەم،

لەبەر باران رەش داگەڕاوە،
پووشی تازە دێنمەوە،
ئای یەکترمان چەند خۆش دەویٚ
ریٚ و بان هاتە گریان
لوورەی دەگەیشتە ناو دۆڵەکان
دەبیٚ چرا ناسکتر
بێت،
یان من بیٚ سۆز بم!
دەنا بۆ تەنیا جارێک،
ئەو چرایە نەدەگەیشتە
ناو دڵم،
پشت ئەو دەربەندە
و ئەوسا نەدەمردم.

١٩٧٨

# جیابوونەوە

ئەگەر لێم جیابیتەوە،
وەک جیابوونەوە،
ئەو خاک و هەتاوە دەبێت،
رووبارێک،
بۆ هەمیشەیی لێکیان جیا بکاتەوە،
یاوەکو،
ئەودیو و ئەمدیوی کێوێک
کەسیان بە کەسیان نەزانن
ئەگەر لێم جیا بیتەوە
یادگارییەکانت گەرمم ناکەنەوە

١٩٧٨

# تەواو ئاوابوویت

بەسەر قۆڵتاوەکانی سەر شاخەکان،
بازی دەدا،
تینوو دەبوو،
ئاوی دەخواردەوە
خۆی بە ئاگری شوانەکان دادەدا،
زریان،
کەروێشکەی بە ئاوی سەر شەقامەکان دەکرد،
(با)ش بە تەبارەی گەنمەکان،
گەردەلوولێکی بە پەلە بوویت،
لە شوێنێک هێمن نەبوویتەوە،
رووی ئێوارەکەت بەر نەدا،
هەر تێک سووڕای،
بەرز بوویتەوە
ئاوا بوویت
تۆزیشت کەمێک،
وەکو ئاسۆ بە کێوەکانەوە ما،
بە دیارییەوە رامام.
لەوەتەی رۆیشتووی،
ساتێک هێمن نەبوویمەتەوە.

# خۆشەویستی

دنیاش کاول بێت،
خۆشم دەوێی
ئەوە لەو بیابانە چی دەکەی؟
دیارە دەنگت لەو بیابانە،
لەبەر مانگەشەو ون دەبێت،
"لەبەر دەنگی ئەو تاڤگەیە،
لە وشەکانت حاڵی نابم"
دنیاش کاول بێت و ببێتە شارێکی،
وێرانبووی دوای شەڕێکی گەورە،
لەسەر دیوارەکان دەنووسم
"خۆشم دەوێی،
دەبێ بژی،
خۆشم دەوێی"
ئەو عەشقە چییە!
بەفری کەڵەکەبووی ساڵانێکە
لە کێوەکانی دڵم دەدات،
رەش نابێتەوە
زستانانیش،
بەفرێکی نوێی لەسەر دەبارێ
بەهارانیش،
درەختی نوێی لێ دەڕوێتەوە،

کنێری نوێی لێ شین دەبێتەوە،
گەرمایەکی زۆر بێت
زریانێکی قایم بێت
شوێن پێت لەسەر بەفری دڵم،
ڕەش نابێتەوە.
هەتا دەمرم،
لە ناو خۆشی عەشقی تۆدا ناگوازمەوە.

١٩٧٨